تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن
XEBAT
ماسك بەستن

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6024) دووشەممە 19ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆک بارزانی ئیدانەی رووداوەکەی گوندی فەرحاتیە دەکات

پێویستە حکوومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان سنووربڕێک بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دابنێن



سەرۆك بارزانی لە پەیامێکدا بە تونديی ئیدانەی رووداوی کوشتن و بێسەروشوێنکردنی ژمارەیەك هاوڵاتیی گوندی فەرحاتیەی پارێزگای سەلاحەدین دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری و پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان پێویستە حکوومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندارەکان و لایەنە سیاسییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر سنووربڕێك بۆ ئەم جۆرە تاوانانە دابنێن.

ئەمەش پەیامەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زۆر بە تونديی ئیدانەی رووداوی کوشتن و بێسەروشوێنکردنی ژمارەیەك هاوڵاتیی گوندی فەرحاتیەی پارێزگای سەلاحەدین دەکەین.

وێڕای ئەوەی سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەم رووداوە دەردەبڕین، جەختیش لەوە دەکەینەوە کە لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری و پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان پێویستە حکوومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندارەکان و لایەنە سیاسییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر سنووربڕێك بۆ ئەم جۆرە تاوانانە دابنێن.

مسعود بارزانی
18ی10ی2020

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی هیندستان کۆبووەوە

کەرتی تایبەتی هیندستان دەتوانێت وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان بکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز بیرەندەر سینگ یاداف باڵیۆزی هندستان لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی هندستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆخی عێراق بەگشتی، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی و دۆخی ڕەوەندی هندی لە هەرێمی کوردستان خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

(زیاتر لە لا2 بخوێنەوە)

مەسرور بارزانی:

ژێرخانی کارەبا نوێدەکەینەوە و ڕێگەکانی بەرهەمهێنانیش چاک دەکەین



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ یەکشەممە لە ڕێگەی تویتێکەوە لە تویتەری فەرمیی خۆی ڕایگەیاند: پێویستیی بۆ کارەبا لە هەموو هەرێمی کوردستان لەزیادبووندایە، کە ئەمەش ئەرکی ئابووریی لەسەر حکومەت زیاد کردووە.

(زیاتر لە لا3 بخوێنەوە)



مستەفا کازمی:

هێرشکردنە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتدەکەینەوە

حەسەن عەلەوی:

داوا لە هێزە نیشتیمانییەکان دەکەم ئەو کردەوە دوژمنکارییە ئیدانە بکەن



حەسەن عەلەوی سیاسەتمەداری ناسراوی عیراقی، لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی (الزمان) بڵاویکردۆتەوە، باس لە هەڵکوتانە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و سووتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەکات و داواش لە هێزە نیشتیمانییەکان دەکات ئیدانەی ئەو کردەوە دوژمنکارییە بکەن.

(زیاتر لە لا3 بخوێنەوە)

بەردەوامی کاردانەوەکان لەبارەی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی5ی پارتی و سووتاندنی ئاڵای کوردستان

ژمارەیەک لە باڵیۆز و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان ئیدانەی سووتاندنی بارەگای لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەکەن

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی دەڵێ ژمارەیەکی بەرچاو لە باڵیۆز و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان، سەرجەمیان نیگەرانی زۆریان لە هەمبەر هێرش و هەڵکوتانە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەربڕیوە و سەرکۆنەی ئەم کردەوە ناژاوەگێڕییەیان کردووە.

سەفین دزەیی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر نووسیویەتی: لە پەیوەندیی تەلەفۆنیمدا لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە باڵیۆز و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان، سەرجەمیان نیگەرانی زۆریان لە هەمبەر بە هێرش و هەڵکوتانە سەر بارەگای لقی پێنجی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەربڕیوە و سەرکۆنەی ئەم کردەوە ناژاوەگێڕییەیان کرد.

لەلایەکی دیکەوە، سەرکردە سیاسییەکانی عێراق دەڵێن، ئەو گرووپ و لایەنانەی گێرەشێوێنی دەکەن و بارەگا دەسووتێنن و هێرش دەکەنە سەر شانده دیپلۆماسییەکان، ئامانجیان بێهێزکردنی سەروەریی یاسایە لە عێراقدا.

(زیاتر لە لا2 - 3 بخوێنەوە)



نێچیرڤان بارزانی سەرکۆنەی تاوانەکەی فەرحاتییە دەکات

ئەرکی هەموو هێز و لایەنەکانە پاڵپشتی حکوومەت بن بۆ دانانی سنووڕێک بۆ تاوانکاری و دەستدرێژیی بەردەوام بۆ سەر ژیانی هاوڵاتییان و دامودەزگاکان

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بە توندی ئیدانەی رووداوە تاوانکارییەکەی ناوچەی فەرحانییەی کرد و رایگەیاند: ئەرکی هەموو هێز و لایەنەکانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەت بن بۆ دانانی سنووڕێك بۆ هەڕەشە و تاوانکاری و دەستدرێژیی بەردەوام بۆ سەر ژیانی هاوڵاتییان و دامودەزگاکان، لە بەشێکی تری پەیامەکەیدا گوتشی: داواکارین دەزگا پەیوەندارەکانی حکوومەتی فیدراڵ دەستوبرد بکەن لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو لایەن و گرووپە تیرۆریستەی لە پشت تاوانەکەوەن و تاوانکاران ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە و بە سزای خۆیان بگەیەنن.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

زۆر بە توندی ئەو تاوانە دڕندانەیە ئیدانە و شەرمەزار دەکەین کە لە ناوچەی فەرحاتییەی سەر بە قەزای بەلەد لە پارێزگای سەلاحەدین ڕوویدا و تیایدا ژمارەیەك هاوڵاتی بوونە قوربانی. هاوخەمی کەسوکاری قوربانییان و خەڵکی ناوچەکەین.

داواکارین دەزگا پەیوەندارەکانی حکوومەتی فیدراڵ دەستوبرد بکەن لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو لایەن و گرووپە تیرۆریستەی لە پشت تاوانەکەوەن و تاوانکاران ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە و بە سزای خۆیان بگەیەنن.

ئەرکی هەموو هێز و لایەنەکانە هاوکار و پاڵپشتی حکوومەت بن بۆ دانانی سنووڕێك بۆ هەڕەشە و تاوانکاری و دەستدرێژیی بەردەوام بۆ سەر ژیانی هاوڵاتییان و دامودەزگاکان.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
١٨/١٠/٢٠٢٠

کەرکووک..

سێ هاووڵاتی کورد لە سنووری ناحیەی شوان بە دەستڕێژی گوللە کوژران

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە پارێزگای کەرکووک، کوژرانی سێ هاووڵاتیی کوردی لە گوندێکی سەر بە سنووری کارگێڕی ناحیەی شوان باکووری پارێزگای کەرکووک، ڕاگەیاند.

بە گوێرەی ئەو سەرچاوە ئەمنییە شەوی ڕابردوو سێ هاووڵاتی کورد خەڵکی گوندی شەوگێڕ بەهۆی ونبوونی ئاژەڵێکیانەوە بە ئۆتۆمبێل چوونەتە گوندی تووڵك لە ناوچەی شێخ بزێنی سەر بە ناحیەی شوان، بەڵام لەلایەن ژمارەیەك چەکدارەوە دەستڕێژی گوللەیان لێکراوە و بەوهۆیەوە هەرسێ هاووڵاتییەکە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا کوژراون. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاند کە کوژراوەکان بڕا و ئامۆزای یەکترن.



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی هیندستان کۆبووەوە

کەرتی تایبەتی هیندستان دەتوانێت وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان بکات

باڵیۆزی هیندستان ستایشی کولتووری پێکەوەژیانی پێکهاتە و نەتەوەکانی کوردستان دەکات

سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/١٠/١٨ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز بیرەندەر سینگ یاداڤ باڵیۆزی هندستان لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی هندستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆخی عێراق بەگشتی، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا، گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی و دۆخی ڕەوەندی هندی لە هەرێمی کوردستان خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

هەردوولا جەختیان لە پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووریەکان و فراوانکردنی قەبارەی بازرگانیی هندستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە و لەبارەیەوە سەرۆك نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە کەرتی تایبەتی هندی دەتوانێت وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان بکات و هەموو ئاسانکاری و پشتگیرییەکیان دەبێت.

هەروەها باسیان لە کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە هندستان و هەرێمی کوردستان کرد و لەمبارەیەوە بەڕێز باڵیۆزی هندستان پوختەیەکی دەربارەی ئەزموونی پێکەوەژیانی پێکهاتە و نەتەوە جیاکانی وڵاتەکەی خستە ڕوو و ستایشی ئەو کولتوورەی لە هەرێمی کوردستان کرد، سەرۆك نێچیرڤان بارزانییش بڕوای هەرێمی کوردستانی بە ڕەتکردنەوەی تووندوتیژی و پەیڕەوکردنی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە دەستبەکاربوونی بەڕێز سوبهاش چاندرا کەین کونسولی گشتیی هندستان لە هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها جەخت لە پتەوکردنی هاریکاری و هاوبەشیی نێوان هەردوولا کرایەوە بەتایبەتیش لە بواری خوێندنی زانکۆیی و بورسی خوێندن لە پسپۆڕی و تایبەتمەندیی جیادا بۆ قوتابیانی هەرێمی کوردستان لە زانکۆکانی هندستان.

تاوتوێکردنی دۆخی ڕەوەند و دەستی کاری هندی لە هەرێمی کوردستان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە تیایدا سەرۆك نێچیرڤان بارزانی ستایشی ڕۆڵ و کارامەیی کرێکارانی هندی لە هەرێمی کوردستان کرد.



بەردەوامی کاردانەوەکان لەبارەی هێرشکردنە سەر بارەگەی لقی5ی پارتی و سووتاندنی ئاڵای کوردستان



مەشعان جبوری: دەبێت حکوومەت ڕێگە بەم کارە گێرەشێوێنیانە نەدات

میسال ئالووسی: ئامانجیان لەو کارەی لە دژی ئاڵای کوردستان و بارەگای پارتی کردیان دروستکردنی فیتنەیە

د. عەلا مەکی: هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیدا سەرکەوتوو بووە و پاڵپشتی عێراقیشی کردووە بۆ سەقامگیری

سەرکردە سیاسییەکانی عێراق دەڵێن، ئەو گرووپ و لایەنانەی گێرەشێوێنی دەکەن و بارەگا دەسووتێنن و هێرش دەکەنە سەر شانده دیپلۆماسییەکان، ئامانجیان بێهێزکردنی سەروەریی یاسایە لە عێراقدا. لەو بارەیەوە، مەشعان جبووری، سیاسەتمەداری دیاری عێراقی دەڵێت: ئەوانەی دەست دەدەنە سووتاندنی بارەگای پارتی و بۆردوومانکرنی باڵیۆزخانەکان و ڕفاندنی کەسە سڤیل و ڕاستگۆکان و هێرشکردن بۆ سەر ئەو کەسانەی جیاواز لەوان بیر دەکەنەوە، ئامانجیان لە هەڵگرتنی چەك نەهیشتنی سەروەریی وڵاتە. جبووری بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: دەبێ حکوومەت ڕێگە بەم کارە گێرەشێوێنییانە نەدات کە دەست بەسەر مالّ و ملّکی گشتیدا بگرن، ئەوەی ئەم گرووپانە دەیکەن نەك تەنیا بۆ سەر بارەگایەك، بگرە بۆ سەر تەواوی عێراق و ناوچەکە مەترسیدارە.

میسال ئالووسی، سیاسەتمەداری دیاری عێراقییش دەڵێت: ئامانجیان لەو کارەی لە بەغدا لە دژی ئاڵای کوردستان و بارەگای پارتی کردیان دروستکردنی فیتنە و چاندنی عەقڵیەتی شەڕە لە عێراقدا. ئالووسی گوتیش: دەبی دامەزراوەکانی عێراق ڕێگە بەم کارانە نەدەن، چونکە ئەمانە هەڕەشەن بۆ سەر پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لە لایەکی تریشەوە، دکتۆر عەلا مەکی، ئەندامی هاوپەیمانیی نیشتمانیی سوننە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی، گوتی: پێویستە لە عێراق ڕێز لە هەموو پارت و ڕایەکی سیاسی بگیرێت و هەر لێکتێنەگەیشتنێکیش هەبێت پێویستە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت نەك بە تووندوتیژی و ئەوە بەرەو هەڵبژاردن دەچین پێویستە زیاتر ڕێز لە یەك بگرین و هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانە و پێویستە عراقیش چاو لە ئەوان بکات و ڕێز لە هەموو پێکهاتەکان بگرێت. دکتۆر عەلا مەکی گوتیشی: هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی سەرکەوتوو بووە و هەمیشە پاڵپشتیی عێراقی کردووە بۆ سەقامگیری، بۆیە ئەوەی کراوە پێویستە حکوومەتی عێراق بێدەنگ نەبێت و لێکۆڵینەوەی ورد بکات و سزای ئەوکەسانە بدات کە ئەوکارەیان کردووە و بارەگای پارتی و ئاڵای پارتی و ئاڵای کوردستانیان سووتاندووە، چونکە ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ ٢٠٠٣.» مەکی باسی لەوەش کرد: پێویستە چیتر ڕێگە بەو هێز و گرووپانە نەدرێت بە ئارەزووی خۆیان هەرکارێك بیانەوێت بیکەن و سنووریکیان بۆ دابنێین، بۆیە ئەم جارە بە هیچ شێوەیەك ڕێگەیان پێ نەدەن بەسەریانەوە بچێت و ئەوکێشەیە لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێت.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵێۆزی هیندستان لە عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: پێگەی هەرێمی کوردستان دەکرێ ببێتە بنکەیەکی بازرگانیی گرنگ لە عێراق و ناوچەکەدا

هیندستان ئامادەی پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان

دوێنێ یەکشەممە 2020/10/18 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بیرەندەر سینگ یاداڤ باڵێۆزی هیندستان لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا، پەیوەندییەکانی هیندستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێکران.

باڵێۆزی هیندستان لە عێراق، ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی، بە تایبەتی لە بواری وزە و کشتوکاڵ و تەکنەلۆجیای زانیاری(IT). سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر کارنامەی کابینەی نۆیەم، بەتایبەتی لە بواری پێشکەشکردنی ئاسانکاریی پێویست بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی . ئاماژەشی بە پێگەی هەرێمی کوردستان دا، کە دەکرێ ببێتە بنکەیەکی بازرگانیی گرنگ، لە عێراق و ناوچەکەدا.



مەسرور بارزانی: رۆژانە ملیۆنێک و 700 هەزار دۆلار لە بەرهەمهێنانی کارەبا خەرج دەکەین

ژێرخانی کارەبا نوێدەکەینەوە و ڕێگەکانی بەرهەمهێنانیش چاک دەکەین

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ یەکشەممە، 2020-10-18) لە ڕێگەی تویتێکەوە لە تویتەری فەرمیی خۆی ڕایگەیاند: پێویستیی بۆ کارەبا لە هەموو هەرێمی کوردستان لەزیادبووندایە، کە ئەمەش ئەرکی ئابووریی لەسەر حکومەت زیاد کردووە.

بە گوێرەی کوردستان24 لە بەشێکی دیکەی تویتەکەیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکات ئێمە ژێرخانی کارەبا نوێدەکەینەوە و ڕێگەکانی بەرهەمهێنان چاک دەکەین بۆ ئەوەی خەرجیی کەمبکەینەوە، بەمەش دەتوانین خەرجی پڕۆژەی دیکە زیاد بکەن لە سوودی هەموو کوردستان. لەپێناو دابینکردنی کارەبا بۆ سەرجەم مااڵ و شوێنی کار لە کوردستان، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە لەوەی ڕۆژانە یەک ملیۆن و 700 هەزار دینار خەرج دەکەین.

ئەم هەفتەیە حکوومەت ڕاپۆرتی یاسای چاکسازی ڕەوانەی پەرلەمان دەکات

جێگری سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، حکوومەت ڕاپۆرتی یاسای چاکسازی ئامادە کردووە و بڕیارە ئەم هەفتەیە ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، بۆ ئەوەی پەرلەمان لەبارەی یاسای چاکسازییەوە ئاگاداری هەنگاوەکانی حکوومەت بێ. سەعید هەرکی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی یاسای چاکسازییەوە تەواو کردووە و ئامادەکراوە، بۆ ئەوەی ڕەوانەی پەرلەمانی بکات و بڕیارە لەم هەفتەیەشدا بۆ پەرلەمانی بنێرێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئاگاداری کارەکانی حکوومەت بێت لەبارەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

هەرکی گوتیشی: مەبەستی حکوومەت لە نارەنی ئەو ڕاپۆرتە ئەوەیە، کە لە هەر وەزارەتێک لیژنە بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دروست کراون، بۆ ئەوەی بزانین هەر وەزارەتێک چ هەنگاوێکی ناوە و جێبەجێکردنی ئەو یاسایەش گەیشتووەتە چ قۆناغێک، چونکە حکوومەت دەیەوێت پەرلەمان ئاگاداری هەموو هەنگاوەکان بێت .

باڵێۆزخانەی بەریتانیا: بە تۆندی پەلاماردان و سووتاندنی بارەگای لقی5ی پارتی ئیدانە دەکەین

سەفین دزەیی: ژمارەیەک لە باڵێۆز و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان ئیدانەی سووتاندنی لقی پارتی لە بەغدا دەکەن



بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی دەڵێ ژمارەیەکی بەرچاو لە باڵیۆز و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان، سەرجەمیان نیگەرانی زۆریان لە هەمبەر هێرش و هەڵکوتانە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەربڕیوە و سەرکۆنەی ئەم کردەوە ناژاوەگێڕییەیان کردووە.

سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پەیوەندیی تەلەفۆنیمدا لەگەڵ ژمارەیەک

لە باڵیۆز و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە.

سەفین دزەیی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر نووسیوویەتی: لە پەیوەندیی تەلەفۆنیمدا لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە باڵیۆز و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان، سەرجەمیان نیگەرانی زۆریان لە هەمبەر هێرش و هەڵکوتانە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەربڕیوە و سەرکۆنەی ئەم کردەوە ناژاوەگێڕییەیان کردووە.

سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە پەیوەندیی تەلەفۆنیمدا لەگەڵ ژمارەیەک دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ناکۆکییە سیاسییەکان، تەنها لەڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەکرێن.

باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق ڕایگەیاند کە پەلاماردان و سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، بە تۆندی ئیدانە دەکەین و جەختیش دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ناکۆکییە سیاسییەکان، تەنها لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەکرێن.

دوای ئەوەی ڕۆژی شەممە گرووپێکی حەشدی شەعبی، پەلاماری بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە بەغدا دا و بارەگاکەیان سووتاند، دوێنێ یەکشەممە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق توێتێکی لەسەر ئەو ڕووداوە باڵوکردەوە.

لە تویتەکەدا نووسراوە بە تۆندی پەلاماردان و سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیدانە دەکەین.

هەروەها نووسراوە ناکۆکییە سیاسییەکان تەنها لەڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەکرێن کە خاڵێکی سەرەکییە لە پڕۆسەی دیموکراتی نەوەک تۆندوتیژی، جگە لەوەیش حکوومەتی بەریتانیا خۆشحاڵە بەو هەنگاوانەی کە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەو ڕووداوە، نراون.

مستەفا کازمی:

هێرشکردنە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتدەکەینەوە

ژمارەیەک لە ئەنجامدەرانی ڕووداوەکەمان دەستگیرکردوون و بەدوای ئەوانەی دیکەشدەوین



سەرۆکوەزیرانی عێراق مستەفا کازمی ئیدانەی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەکات و ڕایگەیاند: لەسەر ئەو ڕووداوە ژمارەیەک لەو کەسانە دەستگیرکراون کە لە ڕووداوەکەدا تێوەگلاون و بەدوای ئەوانی دیکەشەوەن. مستەفا کازمی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بە هەرسێ زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی پەیامێکی باڵوکردەوە. مستەفا کازمی نووسیوویەتی: عێراقی هەرگیز بۆ مەرامی سیاسی دوژمنایەتی عێراقی ناکات، پێکەوە قۆناغی پێکدادانی تایفیان تێپەڕاند و ناگەڕێینەوە دواوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا نووسیوویەتی: هێرشکردنە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتدەکەینەوە. مستەفا کازمی ڕاشیگەیاندووە: بە ناوی گەل و دەوڵەتەوە بەرەنگاری هەر دوژمنکارییەک بەرانبەر بە عێراقییەکان دەبینەوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لەبارەی هەنگاوەکانی حکوومەت ئاشکرای کردووە کە ژمارەیەک لەو کەسانەیان دەستگیرکردووە کە بە هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پارتی لە بەغدا تێوەگلاون و نووسیوویەتی: ژمارەیەک لە ئەنجامدرانمان دەستگیرکردوون بەدوای ئەوانەی دیکەشەوەین.



نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانەی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پارتی لە بەغدا دەکات

عێراق پێویستی بە سەقامگیری و دیالۆگ هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە زۆرەکانی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئیدانەی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا کرد و ڕایدەگەیەنێت کە تۆندوتیژی و تۆقاندن هەرگیز چارەسەری ناکۆکییەکان ناکات.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر پەیامێکی باڵوکردەوە و تێدا ئیدانەی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا و سووتاندنی ئاڵای کوردستان کرد. لە تویتەکەدا هاتووە: تۆندوتیژی و تۆقاندن هەرگیز چارەسەری ناکۆکییەکان ناکات. ئەوەش هاتووە کە عێراق پێویستی بە یەکگرتوویی، سەقامگیری و دیالۆگ هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشە زۆرەکانی.



حەسەن عەلەوی:

داوا لە هێزە نیشتیمانییەکان دەکەم ئەو کردەوە دوژمنکارییە ئیدانە بکەن



خەبات: سەردار حوسێن

حەسەن عەلەوی سیاسەتمەداری ناسراوی عیراقی، لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی (الزمان) بڵاویکردۆتەوە، باس لە هەڵکوتانە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و سووتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەکات و داواش لە هێزە نیشتیمانییەکان دەکات ئیدانەی ئەو کردەوە دوژمنکارییە بکەن.

عەلەوی لە بەشێکی وتارەکەیدا بەراوردی ئاوەدانی و سەقامگیری لەنێوان هەرێمی کوردستان لە سایەی حکوومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عیراق دەکات. هەروەهاش حەسەن عەلەوی لە وتارەکەیدا ستایشی رۆڵی سەرۆک مسعود بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و تیمە هاوکارەکانیان دەکات و دەڵێت: ئایا کورد شایەنی ئەوەیە بارەگا حزبییەکانی بسووتێندرێت یان چەپکە گوڵ پێشکەشی پارێزگارە ئامادەکەی و ئیدارەی حکوومەتی کوردستان لە سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و مەسرور و ئەوانەیش کە لەگەڵیانن، بکرێت.؟!

دەقی وتارەکەی سیاسەتمەدار حەسەن عەلەوی:

سووتاندنی بارەگای کوردستانیی

خۆزگەم دەخواست کە بزانم بۆچی ئەو خۆپیشاندەرانەی بەدەست نەبوونی و بێکارییەوە دەنالێنن، روو لە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن و دەیسووتێنن..؟!

ئێوە بەراوردێک لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، کە چی پێشکەش بە شوێنکەوتووان و گەلەکەی خۆی کردووە، لەگەڵ ئەو حزبە ئیسلامی و عەرەبیانە کە چییان کردووە..؟!

سەیری هەولێر و پارێزگارەکەی بکەن، ئەگەر لەسەر رێگا چاڵێکی بچووک ببینێت، رادەوەستێت و بانگی تیمێک دەکات و دوای چاککردنەوەی ئینجا بەرەو ماڵەکەی دەڕوات و سێ کاتژمێر نانخواردنەکەی خۆی دوادەخات، ئینجا بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەوانەی بەرپرسیارێتی پارێزگای بەغدایان لە ئەستۆیە، بەراورد بکەن لەگەڵ ئەو بودجەیەی لە پارێزگای بەغدا دزراوە و ئەوەی لە داهاتی بودجەی سلێمانی کۆدەکرێتەوە.

ئینجا حوکم بدەن، ئایا کورد شایەنی ئەوەیە بارەگا حزبییەکانی بسووتێندرێت یان چەپکە گوڵ پێشکەشی پارێزگارە ئامادەکەی و ئیدارەی حکوومەتی کوردستان لە سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان ەوە تا مەسرور و ئەوانەیش کە لەگەڵیانن، بکرێت.؟!

داوا لە هێزە نیشتیمانییەکان دەکەم ئەو کردەوە دوژمنکارییە ئیدانە بکەن و میدیای عەرەبیش قەبارەی دەستکەوتە شارستانی و نیشتیمانییەکانی کوردستان بۆ خەڵک روونبکەنەوە.





ژمارەیەک پارت و لایەن سیاسیی کوردستان ئیدانەی هەڵکوتانە سەر لقی5ی پارتی و سووتاندنی ئاڵای کوردستان دەکەن

خەبات/ لە کاردانەوەی رووداوی هەڵکوتانە سەر لقی5ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا و سووتاندن و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان، دوێنێ شەممە ژمارەیەک پارت و لایەنی سیاسی لە کوردستان پەیامێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیاندا وێڕای ئیدانەکردنی رووداوەکە، هاوکات لە بەشێکی پەیامەکەیاندا رایدەگەیەنن: رۆژی شەممە لە شاری بەغدا لەلایەن حەشدی شەعبی هێرش دەکرێتە سەر پیرۆزییەکانی گەلەکەمان، واتە ئاڵای کوردستان و سووکایەتی پێدەکرێت، هاوکات هێرش دەکرێتە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاگری تێبەر دەدرێت، بۆیە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە تووندترین شێوە ئەو هێرش و بێرێزیانە مەحکوم و ڕیسوا دەکەین و داوا لە خەڵکی بە شەرەفی کوردستان دەکەین لە هەمبەر ئەو رووداوەی حەشدی شەعبی و نەیارانی گەلی کوردستان بێدەنگ نەبن و هەڵوێستی گونجاوی و شیاویان هەبێت بۆ ئەوەی جارێکیتر تر بوێری ئەوە بە خۆی نەدات کاری لەو چەشنە دووبارە بکاتەوە.

ئەمەش ناوی پارت و لایەنە سیاسییەکان:

پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی نیشتمانی کوردی سووریا PNKS، پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا، بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، بزوتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان، پارتی روج دیموکراتی کوردی سوریا ROJ، بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستانی سوریا، پارتی کۆماری کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان ڕێکخستنەکانی باشوور، پارتی برایەتی کوردستان، حزبی ڕزگاری کوردستان - دەستەی سەرۆکایەتی، بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازانی کوردستان، پارتی لیبراڵ دێموکراتی کوردستان، پارتی شروقی تورکمانی کەرکووک.

مەکتەبی سیاسی YNDK هێرشکردنە سەر لقی 5ی پارتی و سووتاندنی ئاڵای کوردستان ئیدانە دەکات

سووتاندنی لقی5 ی پارتی و هەر جۆرە دەستدرێژییەک بۆ سەر سیمبۆلەکانی کوردستان جێگەی قبووڵکردن نییە

خەبات: مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە پەیامێکدا بە بۆنەی هێرشکردنە سەر لقی 5ی پارتی لە بەغدا و سووتاندنی ئاڵای کوردستان لە بەغدا، ئیدانەی ئەم کارەی گرووپێکی حەشدی شەعبی دەکات و لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایدەگەیەنێت: لە ناوچەی کەرادەی ناوەڕاستی پارێزگای بەغدا لەلایەن گرووپێکی شۆڤینی هێرشکرایە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاڵای کوردستان و بارەگاکە سووتێندران، سووتاندن و بێرێزیکردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، کە ڕەمزی گیانفیدایی و بەرگری گەلی کوردستان و تاجی سەر و شکۆی میللەتەکەمان و بەری ڕەنجی خەبات و قوربانیدانی شەهیدان و بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و بەرخۆدانی پێشمەرگە و جەماوەری کوردستانە هێلی سوورە و بەتوندترین شێوە ئیدانەی دەکەین.

لە بەشێکی تری پەیامەکەدا هاتووە: پەلامارەدان و سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان و هەر جۆرە هێرش و دەستدرێژییەکیش لەلایەن هەر کەس و گرووپێکەوە بۆ سەر پیرۆزی و سیمبۆلەکانی کوردستان جێگەی قبووڵکردن نییە. لە هەمان کاتدا داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەین هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان دەکرێت و داوا لە حکومەتی عێراق و هێزە دیموکراتییەکان دەکەین لێکۆڵینەوەی جددی لەوبارەوە بکەن و ڕێگری لەو جۆرە پێشێلکارییانە بکەن، کە دواجار ئەم کارانە پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و پاراستنی بەها دیموکراتییەکان و ناشتەوایی لە عێراق و ناوچەکە دەخەنە مەترسی و هەر جۆرە کاردانەوەیەکی جەماوەری و سەرکردایەتی گەلی کوردستان لەمبارەیەوە، بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هێزە گێرەشێوێنەکانی عێراق.

عێراق... لە کاردانەوەی رووداوەکەی فەرحاتییە داوای دەرکردنی گرووپە چەکدارییەکان دەکرێت

دەبێت دۆسیەی ئەمنی لە سەڵاحەددین تەنیا لەدەستی هێزە ئەمنییەکاندا بێت

12 ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پشکی پارێزگای سەڵاحەددین، داوایان کرد سەرجەم هێزەکانی سەر بە پارتەکان و گرووپە چەکدارییەکان لە پارێزگای سەڵاحەددین دەربکرێن. ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە رۆژی شەممە، فەرماندەیی پۆلیسی سەڵاحەددین رایگەیاندبوو کە 12 هاووڵاتیی نیشتەجێی ناحیەی فەرحاتییە سەر بە قەزای بەلەد لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە رفێندراون و دواتر کوژراون و تەرمەکانیان لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی سەڵاحەددینەوە دۆزراونەتەوە.

پێشتر ناوەندی عێراقی بۆ بە بەڵگەکردنی تاوانەکانی جەنگ کە ناوەندێکی سەربەخۆیە، چەکدارانی گرووپی عەسائیب ئەهل ئەلحەق بە کوشتنی 12 کەسەکە تۆمەتبار کردبوو. لای خۆیەوە گرووپی عەسائیب ئەهل ئەلحەق سەربە حەشدی شەعبی ڕەتیکردەوە کە لە کوشتنی 12 کەسەکە تێوەگلا بێت.

12 ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر پشکی پارێزگای سەڵاحەددین بە هاوبەشی ڕاگەندراوێکیان سەبارەت بە ڕووداوی کوشتنی 12 کەسەکەی دانیشتوی ناحیەی فەرحاتییە بڵاو کردەوە کە تیایدا هاتووە دەرکردنی ئەو هێز و گرووپە چەکدارانەی کە هەوڵدەدەن خۆیان بە حەشدی شەعبییەوە ببەستەوە لە پارێزگای سەڵاحەددین، بووەتە ناچاری و دەبێت دۆسیەی ئەمنی لە سەڵاحەددین تەنها لەدەستی هێزە ئەمنییەکاندا بێت.

جێی باسە، ژمارەیەک گرووپی حەشدی شەعبی لەوانە سەرایا سەلام سەر بە ڕەوتی سەدر و عەسائیب ئەهل ئەلحەق بە سەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی و گرووپەکانی دیکە دۆسیەی ئەمنی لە ژمارەیەک ناوچەی پارێزگای سەڵاحەددین بەڕێوە دەبن.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق

ئیدانەی سووتاندنی بارەگای لقی پارتی لە بەغدا دەکات

ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق بە سەرۆکایەتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجامدا. نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە میانی کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی پێشهاتەکی ڕەوشی ئەمنی لە وڵات کراوە.

بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی رووداوی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لەلایەن گرووپێک لە حەشدی شەعبی کراوە کە پێشێلی ئاشتییانەی خۆپیشاندانیان کردووە و پەنایان بردووەتە بەر تووندوتیژی و سووتاندنی بارەگاکە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق وێڕای ئیدانەکردنی ئەو کارە، بڕیاریداوە بە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بە سەرۆکایەتی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری هێرشی سەر بارەگای لقی پارتی و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی هێزەکانی ئەمنی کە بەرپرسیارییەتی پاراستنی باڵەخانەی بارەگاکە و ناوچەکانی دەوروبەری پێشپێدرابوو.

هاوکات بڕیاردراوە بە لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو کارە دوای ئەوەی ١٥ کەس لەوانەی سەرپێچی یاسایان کردووە، دەستگیرکران.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق وێڕای دووبارە جەخت کردنەوە لە هێرشکردنە سەر بارەگاکە و ڕەتکردنەوەی هەر کارێک کە کاریگەری بکاتە سەر شکۆی دەوڵەت، جەختی لەوە کردووەتەوە کە حکوومەت ڕێککاری زۆر توند دژ بەو کەسانە دەگرێتەبەر کە هەوڵی شکاندنی شکۆی دەوڵەت و دەسەڵاتی یاسا بدەن. ئەنجوومەنەکە داوای لە هێزە سیاسییە جیاوازەکان کردووە بە هەستارییەوە لێدوان لێدوان بدەن و لێدوانەکانیان نەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی.



ژمارەی گیانلەدەستدان و تووشبوون بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بەرز دەبێتەوە

32 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیانلەدەستدا و 797 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون


ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئامارێکی نوێی تایبەت بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID 19)ی بڵاوکردەوە. بە گوێرەی ئامارەکە لە چاو رۆژانی رابردوو ئامارى گیانلەدەستدان بەرز بووەتەوە. وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە ٧٩٧ کەسی تر تووشی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون. وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان راشیگەیاندووە ٤٦٥ کەسی تر لە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ چاکبوونەتەوە. هەروەها ٣٢ کەسیش بەهۆی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیانلەدەستداوە.

تا ئێستا، ٦١ هەزار و ٧٠٣ کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون، ٣٧ هەزار و ٥٨٤ کەس لە قایرۆسەکە چاکبوونەتەوە و دوو هەزار و ١٦١ کەس بەهۆی قایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

جیهان.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا 40 ملیۆنی تێپەڕاند

مالپەڕی Worldometer کە رۆژانە لەبارەی پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان زانیارییەکانی نوێ دەکاتەوە، بڵاویکردەوە کە تا ئێستا، ٤٠ ملیۆن و هەزار و ٦٤٨ کەس تووشی کۆرۆنا بوون، هەروەها یەک ملیۆن و ١١٥ هەزار و ١٦٠ تووشبوو گیانیان لەدەستداوە. تا ئێستا ٢٩ ملیۆن و ٩١٩ هەزار و ٤٠٠ تووشبوو چاکبوونەتەوە و هەشت ملیۆن و ٩٦٧ هەزار و ٨٨ تووشبووش چارەسەری پزیشکی وەردەگرن. کۆرۆنا بەتوندترین شێوە کاریگەری کردووەتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە تا ئێستا، هەشت ملیۆن و ٣٤٣ هەزار و ١٤٠ حاڵەتی تووشبوون بەو پەتایە لەو وڵاتە تۆمار کراون.

ئەمڕۆ یەکەین کۆڕبەندی نێودەوڵەتی زانکۆی سۆران بە ناونیشانی ئاشتی بە لێکتێگەیشتن دێتەدی نەک بە هێز بەڕێوەدەچێت



خەبات: ئەمڕۆ دووشەممە 19/10/2020 لە ڕێی ئۆنلاینەوە یەکەمین کۆڕبەندی نێودەوڵەتی زانکۆی سۆران لە ژێر دروشمی (ئاشتی بە لێکتێگەیشتن دێتەدی نەک بە هێز-ئەلبێرت ئەنیشتاین) بە بەشداری وەزیری دەرەوەی عێراق و وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و سکرتێری گشتی و بەڕێوەبەری لیژنەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ-نیویۆرك، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، پ.د. محەمەد غازی مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی لە کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیسلامی، پرۆفیسۆر کرستن کونیرت بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئاسایش لە نیویۆرك-زانکۆی ساوت ویڵز، هەروەها هانس فان دین بیرك دامەزرێنەر و سەرۆکی ناوەندی دیپلۆماسییەتی گەنج لە لاهای، بە بەشداری ئەمانە و دەیان کەسایەتی و شارەزای یاسای نێودەوڵەتی و زانستە سیاسییەکان بەڕێوەدەچێت.

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی کۆڕبەندەکەیە و بەیانیش دوارۆژی دەبێت، لە ژێر چاودێری د. موسڵح مستەفا سەرۆکی زانکۆی سۆران و بە سەرپەرشتی د. هێمن میرانی ڕاگری فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن-زانکۆی سۆران بەڕێوەدەچێت.

یەکەمین دیالۆگی کۆڕبەندەکەش بە ناونیشانی ئاشتی و دیالۆگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بنەمای سەرەکی گەشەن لە جیهان)یە. لە سەرەتای کردنەوەی کۆڕبەندەکەدا ڤیدیۆیەك دەربارەی کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر شارستانییەت لە دەرهێنان و ئامادەکردنی خاتوو بالیانسکایا ئولگا فیکتروڤنا، هەروەها کورتە فیلمێکی دیکیۆمێنتاریش دەربارەی زانکۆی سۆران پێشکەش دەکرێن. پاشان وتاری دکتۆر موسڵح مستەفا سەرۆکی زانکۆی سۆران و پاش ئەویش وتاری دکتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق پێشکەش دەکرێن.

هەر لە یەکەم ڕۆژی کۆڕبەندەکەدا وتاری ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وتاری خالید بتال نەجم وەزیری پلاندانانی عێراق و وتاری ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندن و نوێنەری کریستیانەکان لە کوردستان و پاشان وتاری سکرتێری گشتیی لیژنەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، نیویۆرك پێشکەش دەکرێن.

لە کۆڕبەندەکەدا چەند وتارێکی تر پێشکەش دەکرێن، ئەوانیش وتاری باڵیۆز مالك ندیم عەبد سکرتێری گشتی و بەڕێوەبەری لیژنەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ-نیویۆرك، پاشان وتاری بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، هەروەها وتاری سهام الجبوری توێژەر لە ناوەندی ئاشتی جیهانی، هەروەها پ.د. محەمەد غازی مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی لە کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیسلامی پێشکەش دەکرێن. هاوکات وتاری ئیناس زاید پارێزەر و ئەندامی پەرلەمانی لاوانی ئوردن، پرۆفیسۆر کرستن کونیرت بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئاسایش لە نیویۆرك-زانکۆی ساوت ویڵز، هەروەها وتاری هانس فان دین بیرك دامەزرێنەر و سەرۆکی ناوەندی دیپلۆماسییەتی گەنج لە لاهای پێشکەش دەکرێت کە هەر یەکەیان لە ڕەهەندی خۆیانەوە قسە بۆ کۆڕبەندەکە دەکەن.

لە ڕۆژی دووەمیشدا 20/10/2020 چەند وتارێکی تر لە لایەن د. عەبدولهادی الحویج وەزیری دەرەوەی لیبیا بە ناوونیشانی دەستێوەردانی بێگانە لە لیبیا و هەڵوێستی ئەنجوومەنی ئاسایش، هەروەها وتارێکی تر لە لایەن کەمال اکروت راوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانی لە سەرۆکایەتی تونس و دامەزرێنەر و سەرۆکی ناوەندی دیراساتی ستراتیژی و ئاسایش و ئایندەیی، لەگەڵ وتاری هادی فوزی حبیش ئەندامی پەرلەمانی لوبنان، هەروەها وتاری د.محییەدین ئەلشحیمی ڕاوێژکار و شارەزای یاسایی لە کۆمیسیۆنی ئەوروپاو چەندین وتاری دیکە پێشکەش دەکرێن،

عادل موکەڕەم زیندانی سیاسیی کورد لە ئورمیە ئاگری لە جەستەی بەردا



بەندکراوێکی سیاسیی کورد عادل موکەڕەم کە لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا دووجار مانی لە خواردن گرتبوو، لە هۆڵی بەندیخانەی ئورمیە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

بە گوێرەی مالپەڕی فەرمی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠، عادل موکەڕەم بەندکراوی سیاسی ڕاگیراو لە بەندیخانەی ناوەندیی ئورمیە لە پێشچاوی دادوەری چاوەدێر و جێگری بەرپرسی بەندیخانەی ئورمیە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ناو بەندیخانەی ئورمیە، عادل موکەڕەم لاقی ڕاستی بە ڕێژەیەکی زۆر سووتاوە و بەهۆی ئەوەی بەرپرسانی بەندیخانە بەڵێنەکانی خۆیان دوای مانگرتنی ناوبراو بەجێنەگەیاندووە، بۆیە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی کە عادل موکەڕەم بەبێ ئەوەی چارەسەریی پزیشکی بۆ بکرێت بە فەرمانی بەرپرسانی بەندیخانە بۆ ژووری تاکەکەسی گوازراوەتەوە.

عادڵ موکەڕەم ڕۆژی یەکشەممە ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە ١٠ مانگ ڕاگیرانی لە بەندیخانە بەبێ ئەوەی چارەنووسی یەکلایی بکرێتەوە، لێوەکانی دوورییەتەوە و مانی لە خواردن گرتبوو کە دوای ٣ ڕۆژ و بەڵێنی بەرپرسانی بەندیخانە لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی، مانگرتنەکەی خۆی شکاندبوو.

عادل موکەڕەم تەمەنی ٣٠ ساڵ و خەڵکی ئورمیە، کۆتایی مانگی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو لە سنووری شاری خۆی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە دیپۆرتی ئێران کراوەتەوە و بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ لە دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری خۆی لەژێر لێپرسینەوە بووە و دواتر بۆ بەندیخانەی ئەو خۆی و دواجار بۆ بەندیخانەی ئورمیە گوازراوەتەوە.

دانیشتنی دادگایی عادل موکەڕەم مانگێك پێش ئێستا لە لقی دووهەمی دادگای شۆڕشی ئورمیە بە سەرۆکایەتیی دادوەر شەیخلو بەڕێوەچوو و تۆمەتی ئەندامەتی لە حزبێکی کوردستانی و چوونە دەرەوەی نایاسایی لە وڵات خراوەتە پاڵ.

حووسییەکان ئامادەی ئاڵوگۆڕکردنی سەرجەم دیلەکانین لەگەڵ حکوومەتدا

بە گوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاکامی شەڕی نێوان حکوومەتی یەمەن و حووسییەکان 112 هەزار کەس کوژراون

ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسیی حووسییەکان لە یەمەن، محەمەد عەلی حووسی رایگەیاند کە ئامادەن ئاڵوگۆڕ بەسەرجەم دیلەکان بکەن لەگەڵ حکوومەت. محەمەد عەلی حووسی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی نووسیبوویەتی خۆشحاڵین بە هەڵوێست و پاڵپشتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ئازادکردنی دیلەکان و دووپاتی دەکەینەوە کە نابێت ئەم دۆسیە مرۆییە، بخرێتە چوارچێوەی ململانێیەکانەوە.

ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسیی حووسییەکان لە یەمەن ڕاشیگەیاندووە کە ئامادەن ئاڵوگۆڕ بە سەرجەم دیلەکان بکەن لەگەڵ حکوومەت لەنێویاندا، وەزیری پێشووی بەرگری، مەحمود سبێحی کە لە ئاداری 2015وە لای حووسییەکان بەندکراوە. ناوبراو داواشی کردووە کە لیژنەیەکی سەربەخۆ بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە ئەشکەنجەدانی دیلەکان لە گرتووخانەکانی حکوومەتی یەمەن و هاوپەیانی عەرەبی، پێکبهێندرێت.

لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی هەفتەی ڕابردوو، حکوومەتی یەمەن و حووسییەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا، هەزار و 61 دیلیان ئازاد کرد. پرۆسەکە بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی سوید کە ماوەی دوو ساڵە واژووکراوە، بەڕێوە دەچێت. لە میانی دانوستانەکانی ئاشتیی نێوان حکوومەتی یەمەن و حووسییەکان کە لە کانوونی یەکەمی 2018 لە سوید ئەنجامی درابوو، هەردوولا سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان ڕێککەوتن کە ژمارەیان زیاتر لە 15 هەزار کەسە. لە ساڵی 2014وە تا ئێستا حووسییەکانی یەمەن کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن دەستیان بەسەر شاری سەنعا و ژمارەیەك شار و ناوچەی دیکەی یەمەنەدا گرتووە. لە ئاداری 2015وە هێزەکانی هاوپەیمانان بەڕابەرایەتی سعوودیە بۆ پشتیوانیکردنی حکوومەتی یەمەن و بەرەنگاربوونەوەی حووسییەکان، ئۆپەراسیۆن لە یەمەن ئەنجام دەدەن. بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاکامی ئەو شەڕ و پێکدادانانەی کە ماوەی شەش ساڵە لەنێوان هێزەکانی حکوومەتی یەمەن و حووسییەکان بەردەوامە، 112 هەزار کەس کوژراون کە 12 هەزاریان مەدەنیین، جگە لەوەیش 80 لەسەدای دانیشتوانی یەمەن کە ژمارەیان 30 میلۆن کەسە بەرەوڕووی خراپترین قەیرانی مرۆیی جیهانی بوونەتەوە لەسەدەی بیست و یەکدا.



لیوا یەحیا ڕەسوڵ:

تۆڕێکی تیرۆریستی 11 کەسی داعش هەڵوەشێنرایەوە

لە سنووری نەینەوا هەشت تیرۆریستی داعش دەستگیرکران



گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول ڕایگەیاند، تۆڕێکی تیرۆریستی کە لە 11 ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش پێکهاتبوو لە پارێزگای سەڵاحەددین باکووری عێراق هەڵوەشێندراوەتەوە. ئەمەش لە کاتێکدا ڕۆژی شەممە 12 هاوڵاتیی دانیشتوی ناحیەی فەرحاتییە سەر بە قەزای بەلەد باشووری پارێزگای سەڵاحەددین لەلایەن ژمارەیەك چەکداری نەناسراوەوە ڕفێندران و دواتر کوژران و تەرمەکانیان لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی سەڵاحەددینەوە دۆزرانەتەوە. لیوا یەحیا ڕەسول لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بڵاوی کردەوە، بەڕەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە هێزەکانی دژەتیرۆر، پشتبەستن بە زانیاری هەواڵگریی ئۆپەراسیۆنێکیان بۆسەر پاشماوەکانی تیرۆریستانی داعش لە سنووری قەزای بێجی باکووری پارێزگای سەڵاحەددین ئەنجامداوە. ڕاشیگەیاندووە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکەدا، هێزەکانی دژەتیرۆر لە میانی دوو کاتژمێردا، تۆڕێکی تیرۆریستییان هەڵوەشاندووەتەوە کە لە 11 ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش پێکهاتبوو.

ڕۆژی شەممە فەرماندەیی پۆلیسی سەڵاحەددین ڕایگەیاندبوو کە 12 هاوڵاتیی دانیشتوی ناحیەی فەرحاتییە سەر بە قەزای بەلەد باشووری پارێزگای سەڵاحەددین لەلایەن ژمارەیەك چەکداری نەناسراوەوە ڕفێندراون و دواتر کوژراون و تەرمەکانیان لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی سەڵاحەددین-ەوە دۆزرانەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە هێزەکانی ئاڵانسی هەواڵگریی، هەشت تیرۆریستیان لە ژمارەیەك ناوچەی پارێزگای نەینەوا، دەستگیرکردووە. باس لەوەشکراوە، ئەو تیرۆریستانەی کە دەستگیرکراون بەپێی ماددەی چواری تیرۆر بە تۆمەتی ئەندامبوون لە داعش داواکراوبوون و لە بەناو دیوانی جوندی ویلایەتی دیجلە چەکداربوون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە لە میانی لێکۆڵینەوە بەرایەکاندا، دەستگیرکراوەکان دانیان بەوەداناوە کە سەر بە داعشن و ڕاشیانگەیاندووە کە لە ماوەکانی ڕابردوودا، چەندین کردەی تیرۆریستیان ئەنجامداوە.

پارێزگەرێ دهۆکێ سەرا پرۆژێ قێرکرنا ڕێکا نیف دەولەتی دهۆک - زاخو دا



دوهی ١٨-١٠-٢٠٢٠ ل کوچکا میهڤاندارێا د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ سەرپەرشتیا کۆمبوونا لیژنا وەبەرهێنانێ ل پارێزگەهێ کر. دکۆمبوونێدا گەنشە ل سەر کار وپلانێن لیژنا وەبەرهێنانێ وداخازیێن و بەرهێنەران وئاریشە وئاستەنگین دکەڤنە پێشیا پرۆژێن وەبەرهێنانێ و چاوانیا چارەسەرکرنا وان ئاریشە وئاستەنگان ب گشتی هاتە کرن. پاش ئەندامێن لیژنێ هەر تێکی جودا جودا بەحسێ وان ئاریشە وئاستەنگان کر یێن دکەڤنە بەرسنگێ پرۆژێن وەبەرهێانێ وپێشنیار ورێکێن چارەسەرکرنێ بەرچاڤکرن.

پەیوەندیدار سەرا پشکەکا جادا نیڤ دەولەتی ل نێزیک ناوچەداریا باتێلێ ژرێکا دهۆک زاخو دا و ژنێزیک سەحکرە قوناغێن قێرکرنا ڕێکێ. پارێزگەرێ دهۆکێ دکونگرەکێ روژنامەڤانیدا دیارکر کو نوکە کارێ ل سەر قێرکرنا ١٥کم ڕێکێ دهێتە کرن و سایدێ چونێ بو زاخو ب دوماهی هاتیە وبریارە دماوێ دوو حەفتیێن بهێت دا سایدێ هاتنێ ژی بهێتە قێرکرن بهایێ چێکرنا هەموو ڕێکێ پترە ژ ٣٦ملیار دینارا هەروەسا نوکە کار ل سەر چێکرنا ڕێکا رۆڤیا چەمەی ب درێژاهیا ٢٢کم ژی دهێتە کرن ل ڤان رۆژا ئەوژی دێ ب دوماهی هێت هەروەسا پشتی سەرەدانا سەروکێ حکومەتێ بو پارێزگەهێ بریار دابو کو ڕێکا زاخو براهیم خەلیل ژی بهێتە چێکرن هەروەسا ڕێکا گشتی ژگرشینی بو سحێلا ل دوو حەفتیێن بهێت دێ ب دوماهی هێت و ڕێکا گشتی ژسحێلا بو براهیم خەلیلا ئەڤرو دێ بو بەلندەرکی کەڤیت وئەوژی دێ هێتە چێکرن و پشتی ئەڤ پارچە هەموو ب دوماهی دهێت پتریا ڕێکا نیڤ دەولەتی ژ دهۆکێ بو هەولێرێ دێ بیتە جوت سایدی و ل دوڤ پیڤەرێن ئەندازیاری دێ کەڤیتە دخزمەتا هەموو خەلکێ کوردستانێ دا .هەروەسا گوت: ئەو پرۆژێن بەری نوکە ماینە نێڤرو سەروکێ حکومەتێ رازیبونا خو دیارکریە بهێنە توماکرن ئەوژی پرۆژێن (ئاڤ و کارەب و پەروەردێ و تەندورستی)نە.

دکۆمبوونا لیژنا وەبەرهێنانێ دا پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزی ل سەر ئاسانکاری وکێمکرنا روتینێ کر



دوهی ١٨-١٠-٢٠٢٠ ل کوچکا میهڤاندارێا د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ سەرپەرشتیا کۆمبوونا لیژنا وەبەرهێنانێ ل پارێزگەهێ کر. دکۆمبوونێدا گەنشە ل سەر کار وپلانێن لیژنا وەبەرهێنانێ وداخازیێن و بەرهێنەران وئاریشە وئاستەنگین دکەڤنە پێشیا پرۆژێن وەبەرهێنانێ و چاوانیا چارەسەرکرنا وان ئاریشە وئاستەنگان ب گشتی هاتە کرن. پاش ئەندامێن لیژنێ هەر تێکی جودا جودا بەحسێ وان ئاریشە وئاستەنگان کر یێن دکەڤنە بەرسنگێ پرۆژێن وەبەرهێانێ وپێشنیار ورێکێن چارەسەرکرنێ بەرچاڤکرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو دڤێت پرۆژێن وەبەرهێنانێ ب رێکێن یاسایی بهێنە پێشکێشکرن و ب یەکسانی ل هەموو دەڤەردارێا بهێنە ئەنجامدان و بکوالیتیەکا باش بهێنە دورستکرن ، هەروەسا روتین بهێتە کێمکرن و هەموو ئاسانکاری بو وەبەرهێنەری بهێنە کرن دا ببیتە هاندەرەک کو وەبەرهێنەر پتر پرۆژێن خزمەتگوزاری ل سنورێن پارێزگەهێ ئاڤاکەت و پتریا خەلکێ مە مفای ژێ وەرگریت.

حکوومەتی هەرێم زیاتر لە 10ملیار دیناری بۆ پڕۆژەکانی ڕێگاوبان لە کۆیە تەرخانکردووە



هەڵمەتێکی هۆشیاری ژینگەیی ڕاگەیەندرا

خە بات/ سەید فەخرەدین هەولێری

دوێنێ یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٨ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بە سەرپەرشتی عەبدلواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی هەڵمەتێکی هۆشیاری ژینگەیی ڕاگەیاند. هەروەها لەهەڵمەتەکەدا ئەندازیار فرمان خلیل بەڕێوەبەری شارەوانی ژیگەپارێزی و ئە ندازیار رزگار بەڕێوەبەری شارەوانی یەک و ڕێکخراوی ئاڤیاری ژینگەیی کۆمپانیایی گلاس شتوتگار و ژمارەیەکی بەرچاو لە چاودێرانی بازاڕ ئامادەبوون.

لە هەڵمەتەکەدا نایلۆن و پڕۆشودی زانیاری هۆشیاری ژینگەیی بەسەر دوکاندار و کاسبکاراندا دابەشکرا، شایانی ئاماژەپێکردنە کە ئەم هەڵمەتە ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێت و بە ئامانجی پاکتر ڕاگرتنی ژینگەی شاری هەولێر لەمیانەیدا ١٠ هەزار نایلۆن و پڕۆشود دابەش دەکرێت. هەڵمەتەکە سەرجەم بازاڕ و شوێنە گشتیەکانی شاری هەولێر دەگرێتەوە.

دوێنێ دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای کۆیە-کەڵکەسماق و ژمارەیەک لە پڕۆژەکانی سنورەکەی بەسەرکردەوە.

لەمیانی بەسەرکردنەوەی پڕۆژەکاندا، کە قائیمقامی کۆیەو بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبانی هەولێر و بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی کۆیە یاوەریان دەکرد، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند؛ هاتووین بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بین لە چۆنێتی بەڕێوەچونی پڕۆژەکان لە سنووری کۆیە، ئەوەش لە چوارچێوەی خزمەتکردنی هاوڵاتیان لەلایەن حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەم پڕۆژەیە کۆمەڵێک بڕگە لەخۆدەگرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە ١٣ پێگەو شوێن کە قیرتاو و تێکەڵەڕێژکردن دەکرێن و بڕی زیاتر لە ١٠ ملیار دیناری لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ خەرجدەکرێت، بەمەبەستی چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی سنورەکە.

پڕۆژەکە ئەم بڕگانە لەخۆدەگرێت:

-چاککردنەوەی ڕێگای تەق تەق

-چاککردنەوەی ڕێگای لۆفەکانی کە لکە سەاق

-چاککردنەوەی ڕێگای سێگردکان

-قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی قۆریتان

-قیرتاوکردنی ڕێگای گوندەکانی کڵێسا و بۆگد و تێکەڵەڕێژکردنی چەند ڕێگایەک و کۆمەڵێک پڕۆژەی تر

-ڕێژەی ئەنجامدراوی پڕۆژەکان نزیکەی ٥٠٪و پێش وەرزی سەختی زستان تەواودەکرێن.

پرسەنامە



پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی هونەرمەندی ناسراو(جەمال بەختیار)

بەڕێزان/ خانەوادەی هونەرمەندی ناسراوی گەلەکەمان(جەمال بەختیار)

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان (جەمال بەختیار)، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و بنەماڵەکەتان و سەرجەم هونەرمەندان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش وشەریکی خەمتان دەزانین. خوالێخۆشبوو(جەمال بەختیار) هونەرمەندێکی دەستڕەنگین و ناوداری گەلەکەکان بوو، هەروەها کەسایەتیەکی تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەر بوو لە زووەوە پەیوەندیی بە ریزەکانی پارتیمان دەکات و لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوڵ وەك پێشمەرگە رۆڵی خۆی دەبینێ. جێدەست و کار و بەرهەمە ناوازەکانی ئەو هونەرمەندە هەمیشە دیار و بەرچاون، بۆیە لەدەستدانی مایەی زیانێکی زۆرە، هیواخوازین هاوخەمیی هونەرمەندان و دۆستانی بێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە. دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەواریں لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای خوالێخۆشبووش بەهەشتی بەریں بێت...

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

***

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی هونەرمەندی ناودار (جەمال بەختیار)

بەڕێز/ خانەوادەی هونەرمەندی ناسراوی گەلەکەمان(جەمال بەختیار)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند و نیگارکێشی ناسراوی گەلەکەمان(جەمال بەختیار)مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسەی سەرەخۆشی خۆمان لە ئێوە و کەسوکار و بنەماڵەکەتان و سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان دەکەین و، هاوبەشی خەمتانین.

خوالێخۆشبوو(جەمال بەختیار) لەسالی(١٩٢٧)لە سلێمانی لەدایك بووە، لەتەمەنێکی زووەوە خولیای هونەر و نیگارکێشان بووە و، دواتر تێکەڵی ژیانی سیاسی بووە، لەسالی(١٩٤٠) دەستی بە کاری هونەری کردووە و، هونەرمەندێکی ناودار و دەستڕەنگین بوو، تەمەنی خۆی لە بواری هونەر و نیگارکێشی تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی کوولتو ر وهونەری ڕەسەنی کوردی.

خوالێخۆشبوو(جەمال بەختیار)هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێست و کەسایەتیەکی نیشتیمانپەروەر بوو، سالی(١٩٤٦)بەشداری لە کۆماری مەهاباد کردووە، لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە نەخشاندنی پۆستەری سیاسی و بڵاوکراوەکانی پارتیمان، ئینجا پەیوەندی بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات.

خوالێخۆشبوو(جەمال بەختیار) لە کۆنگرەی(١٢)ی پارتیمان میدالیای بارزانی نەمری پێ بەخشراوە، لەکار و کردەوە هونەریە دانسقەکانی دا ژیانی کوردەواری و خاك و نیشتیمان وسروشتی دڵفێنی کوردستان و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ڕەنگی داوەتەوە، دواجار سالی(١٩٧٦)دەچێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەر لەوێش کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردستان دادەمەزرێنێ و بەردەوام دەبێ لەسەر کار و چالاکییە هونەریەکانی بۆ زیاتر ناساندنی هونەر و کولتوورو کێشەی کورد بە جیهان، هەروەها سالی(١٩٩٤) تابلۆیەکی دانسقە بەناوی(نەتەوەی کورد) پێشکەش بە سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا(بیل کلنتۆن) دەکات و لە سالی(٢٠٠٣)دا تابلۆیەك پێشکەشی(جۆرج بوش)سەرۆکی ئەمریکا دەکات.

هونەرمەندی خوالێخۆشبوو(جەمال بەختیار)خاوەنی سەدان تابلۆی ڕەنگین و دانسقەیە کە لە نێو هونەر و کولتووری نەتەوەییاندا وەك گەنجینەیەك هەر زیندوو دەمێننەوە، هیواخوازین دڵنەوایی دۆستان و هونەرمەندان بێتە مایەی کەمکردنەوەی ئەو کۆستەتان.

دووبارە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ڕادەگەیەنین، لە خوای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامیی بە هەموو لایەك ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

هاتوچۆی هەولێر هاوڵاتیان و شۆفێران ئاگادار دەکاتەوە

دوێنێ یەکشەممە ١٨ی ١٠ی ٢٠٢٠، فازڵ حاجی گوتەبێژی هاتوچۆی هەولێر ڕایگەیاند ، سەرجەم هاوڵاتیان و شۆفێران ئاگادارەکەینەوە کەوا ماوەی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی ژمارەکاتی ٦٠ ڕۆژە و هەژمارکردنی تەو ماوەیەش لە ڕۆژی تۆمارکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا حیساب دەکرێت. ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەمەش مانای ئەوەیە ماوەکە دوو مانگ نییە چونکە مەرج نییە هەموو دوو مانگێك بکاتە ٦٠ ڕۆژ، بەڵکو لەوانەیە زیاتر یاخود کەمتر بێت.

ئاگادارییەک لە هاتوچۆی سلێمانیەوە

بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ئاگاداری شۆفێران دەکاتەوە لەئێستادا بەهۆی کارکردن لەشەقامی سالم بەردەم بەڕێوبەرایەتی شارەوانی سلێمانی تاوەکو چواڕیانی سەرچنار بەربەستکراوە. بەڕێوبەرایەتیەکە ڕاشیدەگەیێنێت داوا لەشۆفێران دەکەین ڕێگای گردی ئەندازیاران بەکاربهێنن.

مێرگەسۆر.. پڕۆژەکانی حکوومەت لە بوارەکانی کارەبا و ڕێگاوبان لەسنووورەکەدا بەردەوامن

قایمقامی قەزای مێرگەسۆر ڕایگەیاند، بەپێی خواست و ئالیەتی شوێنەکان چەند پڕۆژەیەکی ئاو و ئاوەڕۆ لە قۆناغی جێبەجێکردندان.

غەفوور ئەحمەد، بە مانگەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند: ئێستا چەند پڕۆژەیەکی ئاو لە هەندێک گوند لە سنووری قەزای مێرگەسۆر لەلایەن فەرمانگەی ئاوی مێرگەسۆرەوە لە قۆناغی جێبەجێکردندان کە لەسەر بوودجەی پەرەپێدانی پاریزگای هەولێر بڕی گوزمەکە بۆ پڕۆژەکان دابین کراوە.

غەفوور ئەحمەد ئەوەیشی ڕاگەیاند: پڕۆژەکانی حکوومەت بەردەوامن لە سنووورەکەمان، لە بوارەکانی کارەبا و ڕێگاوبان لە ماوەی ڕابردووداو وێستگەیەک لە ناحیەی شێروان مەزن کرایەوە، کە گرفتەکانی کارەبای چارەسەر کردووە، هەروەها ئێستا بە گوزمەی ٥٠٠ملیۆن دینار چەند ڕێگایەک قیرتاو دەکرێن و بەشێکی دیکەش نۆژەن دەکرێنەوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی چاککردن و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێرەوە.

ناوبراو دەشڵێت: پڕۆژەیەکی ستراتیژی لە بواری ئاو کە ٥١ گوند لەخۆ دەگرێت لە دەڤەری بارزان بەهۆی قەیرانی دارایی کارەکانی وەستاوە، بەڵام لە داهاتوودا کاری لەسەر دەکەین کە بەزووترین کات کارەکانی ئەو پڕۆژەیە بخرێتەوە کار بە شێوەیەکی تەواو گرفتی کەمئاوی لە گوندەکان چارەسەر دەکات.

لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە 11 جۆر هەنار بەرهەم دەهێندرێت

بەرهەمی ساڵانەی پارێزگای هەڵەبجە زیاتر لە 30 هەزار تەن هەنارە



خەبات: عەلی بانیشاری

دەیان ساڵانە هەناری هەڵەبجە بێ رکابەرە. دەگوترێت هیچ هەنارێك نییە تامی هەنارى هەڵەبجە بدات. بەپێی ئامارەکان ساڵانە 30 هەزار تەن هەنار کە خۆی لە 11 جۆردا دەبینێتەوە لە سنووری ئەو پارێزگایە بەرهەم دەهێنرێت. ئەندازیارێکی کشتوکاڵی چەند هۆکارێك دەخاتەڕوو کە وایکردووە هەنارى هەڵەبجە لە پلەی یەکەمدا بمێنێتەوە. لە ساڵی 2003 و بەمەبەستی بەشداریکردن لە ڤیستیڤاڵێکدا هەنارى هەڵەبجە نێردرایە وڵاتی بەریتانیا، لە ئەنجامدا لەنێو هەنارى 68 وڵاتدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

سوارە عەتا، جووتیارێکی شارۆچکەی خورماڵی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە، دەڵێت: هیچ هەنارێك نییە رکابەری هەنارى هەڵەبجە بکات. دەشڵێت: ئەگەر هەنارى ناوچەکە هێندە باش نەبوایە بێگومانی ئەو ناوبانگەی ئێستای نەبوو. پێشی وایە بەهاوکاریکردنی جووتیارانی هەڵەبجە دەتوانرێت بەرهەمی ئەو میوەیە بۆ دوو هێندە زیاد بکرێت. ئەو جووتیارە ئەوەشی گوت: بەرهەمی هەنار پێویستی بەوەیە بە پیشەسازی بکرێت. ئاماژەی بەوەشدا بەرهەمی ئەمساڵی هەنار لە ئاست چاوەڕوانی جووتیاراندا نەبووە.

خواردنی هەنار چەندین سوودی تەندروستی هەیە. لەوانەش: تەندروستی دڵ دەپارێزێت، جەستە لە دروستبوونی خانە شێرپەنجەییەکان دەپارێزێت، یارمەتی دابەزینی کێشەی لەش دەدات. هەروەها رێگری دەکات لە گرفتەکانی گەدە، فشاری خوێن رێکدەخاتەوە، پارێزگاری لە پووك و دەم و ددان دەکات، یارمەتی زوو هەرسکردن دەدات، بۆ چارەسەری هەوکردنی جومگەکان بەسوودە.

جەزا رەزا، ئەندازیاری کشتوکاڵی و خۆبەخش لە کۆمەڵەی هەنارى هەڵەبجە دەڵێت: هەنارى سنووری پارێزگای هەڵەبجە لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە یەکەمینە. ئەو کۆمەڵێك هۆکار دیاری دەکات بۆ باشی کوالیتی هەنارى هەڵەبجە لەوانە: پێگەی جوگرافی و هەڵکەوتەی شارى هەڵەبجە کە ئاو و هەوا و کەشێکی مامناوەندی هەیە لەسەر نەخشەی جیهانی، شێوە و دورگە و جەزیرەیی هەڵکەوتووە کە لە پشتیەوە زنجیرە (چیاکانی هەورامان-شنرۆ-باڵامبۆ)، هەروەها بوونی دەشتێکی بەپیت و فراوانی وەکو شارەزوور کە بوونی دەریاچەی سیروان. هەڵەبجە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی 46 و هێڵی پانی 35. 875 مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و ڕووبەرەکەی 1599 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

بەبۆچوونی ئەو ئەندازیارە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی باشی و بەناوبانگی هەنارى هەڵەبجە بوونی شارەزایی و دەستڕەنگینی جووتیارانی ناوچەکەیە. ئەمە بێ لە بوونی سەرچاوەیەکی ئاوی شیرین و خاکی بەپیت و گونجاوی کەش و هەوای هەڵەبجە. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە نزیکەی نۆ هەزار دۆنم زەوی چێنراو بە هەنار لە سنووری هەڵەبجەدا هەیە. لە هەڵەبجە 11 جۆر هەنار بەرهەم دەهێنرێت کە بریتین لە(هەناری شیرین، سالەخانی، کەوە هەنار، مەلەسی، سوورە هەنار، خانمی، پیرمکایەڵی، لاڕەشەی سازان، هەناری ترش، کالاری، بیێنناوك.

جەزا رەزا دەشڵێت: جووتیارانی هەڵەبجە کەمترین جۆری دەرمانی قڕکردن و پەینی کیمیایی بەکاردێنن هەر ئەوەش وایکردووە تامی و چێژی هەناری ئەو سنوورە تایبەت بێت. باسی لەوەشکرد لە 2009 هەناری هەڵەبجە لە بەغدا پلەی یەکەمینی لەسەر ئاستی هەناری وڵاتانی دراوسێ بەدەستهێناوە. هەروەها گوتیشی: لە 2003 و لە وڵاتی بەریتانیا هەناری هەڵەبجە لەنێو هەناری 68 وڵاتدا یەکەم بووە، ئەوەیش بە بوونی سەرجەم مەرجە تەندروستی و پێوەرە زانستی و ئۆرگانییەکان.

لەبارەی بە پیشەسازیکردنی هەناری هەڵەبجە، ئەو ئەندازیارەی کشتوکاڵ گوتی: بەرهەمی هەنار لە باشووری کوردستان بە پیشەسازی نەکراوە و بازاڕی بۆ نەدۆزراوەتەوە، سەرەڕایی ئەوەی لەلایەن وڵاتانی دەرەوە خواستێکی زۆری لەسەرە، بەڵام حکوومەتی هەرێم و عێراق گرفتیان لە بەردەم هەناردەکردنیدا دروستکردووە. سەبارەت بە زیادکردنی ڕووبەری چێنراو بە هەنار، جەزا رەزا دەڵێت: پەرە بە چاندنی هەنار دراوە، بەڵام ناستەکەی کەمە، پێویستە زیادکردنی ڕووبەری چێنراو بەو میوەیە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و سەردەمیانە بێت و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و ئەندازیاری کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکەن.

ساڵانە و لە مانگی 10دا فیستیڤاڵی هەنار لە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت کە تێیدا چەندین جۆر بەرهەمی خۆماڵی نیشان دەدرێت. لە کوردستان و تەنانەت وڵاتانی دراوسێوە هاوڵاتیان بەشداری لە ڤیستیڤاڵەکەدا دەکەن و وابیرەیە ئەمساڵیش بۆ شەشەمین جار ڤیستیڤاڵەکە بەڕێوەبچێت. چاندن و بەرهەمهێنانی هەنار لە هەڵەبجە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە 320 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. لە سنوورەکەدا چەندین باخە هەنار هەن کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە لەوانە باخەکانی(کانی شێخ، کانی میر، سازان، باوەکۆچەك، چاوگ، گوڵان). تائێستا هیچ کارگەیەکی لە قوتونان و بە پیشەسازیکردنی هەنار لە هەڵەبجە نییە.



خاکی بەپیت و ئاوی شیرین و کەشوهەوای گونجاو هەناری هەڵەبجەی لە پلەی یەکەمدا هێشتۆتەوە



کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

چالاکوانێکی مەدەنی: دوای تەکنۆلۆژیا، ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆرترین کاریگەری لەسەر لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە

خەبات: رەنجبەر بەرزنجی

تا دێت بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەرتاسەری جیهان ڕوو لەزیادبوون دەکات و ڕۆژانەش ئامارەکانی تووشبووان بە پەتاکە بەرزتر دەبێتەوە، ئەمە لە کاتێك تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت زانستی پزیشکی نەیتوانیووە چارەسەرێکی بنەڕەتی و دژە ڤاکسینی پەتاکە بدۆزێتەوە، بۆیە جگە لە دەرهاویشتە ئابووری و سیاسییەکان، ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، ئەمەش وەك هەنگاوێکی خۆپارێزی و دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان لەیەکتری، لای خۆشییەوە چالاکوانێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئاماژە بەوە دەکات کە لەدوای تەکنەلۆژیاوە، ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆرترین کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە.

کۆرۆنا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

لەسەرەتای بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆربەی وڵاتانی جیهان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینەکردنی هاووڵاتیان هەوڵی کۆنترۆڵکردن و تەشەنەنەسەندنی ڤایرۆسەکەیاندا و تا ڕادەیەکی باشیش لەو هەنگاوە سەرکەوتوو بوون، دواتریش بۆ ئاسایبوونەوەی ژیان سیستەمی خۆپارێزی تاك وەك بەکارهێنانی دەمامك و دەستەوانە و دوورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەر بەردەوامە، ئەمجۆرە خۆپارێزییەی تاکەکانی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە بە تایبەتی لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کۆلەکەیەکی گرنگی ژیانی هەرکەسێکن، (دلشاد بالەکی) وەك چالاکوانێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئەم بابەتە گوتی: ئاشکرایە لەدوای بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهان کە هەرێمی کوردستانیشی لێ بەدەر نەبوو، ڤایرۆسەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، ڤایرۆسەکە بووە دیوارێك لە نێوان ئەو سەردان و هاموشۆ و هاتوچۆیەی کە لە نێوان مرۆڤەکان هەبوو، وەك چۆن پێشتر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دروستبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو، بەهەمانشێوە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناش کاریگەریی لەسەر لاوازبوونی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە هەبووە، بەشێوەیەك تەوقەکردن لەگەڵ کەسێکی ئاریزیشت لەم بارودۆخە تووشی دڵەڕاوکێت دەکات، بەڕاستیش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانێت ببێتە بەدیل بۆ ئەو دیدار و کۆبوونەوە ڕاستەوخۆیانەی کە پێشتر بۆ بۆنەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی ساز دەکران، بۆیە من لەوبروایە دام لە دوای کۆتایهاتنی پەتاکەش ئاسەوارەکانی ئەو لاوازبوونە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەر بمێنێت، هەرچەند دەبێ ئەوەش بزانین ئەو بابەتە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە و جوگرافیایەك بۆ جوگرافیایەکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆ نمونە ئێستاشی لەگەڵ دابێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە گوندەکان بەتایبەتی بۆ کاری هەروەزی وەك خۆیەتی، ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان گوندنشینانەوە هەمیشە هەبووە.





کۆمەڵناسێك:

کۆرۆنا شێوازی ژیانی مرۆڤی گۆڕیووە، شوێنە قەرەباڵغەکان بوونەتە مۆتەکەو خەڵك لێیان دوور دەکەوێتەوە

نەمانی تەوقە و باوەش و یەکتر ماچکردن

بەر لە هاتنی کۆرۆنا مرۆڤەکان بە تەوقەیەکی گەرم و لە باوەشکردنی یەکتری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێز وخۆشەویستی خۆیان بۆ لایەنی بەرامبەر دەردەبڕی، بەڵام لەدوای بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەمجۆرە داب و نەریتە وەك هەنگاوێکی خۆپارێزی بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر کەمی کردووە، (سامان بۆکانی) وەك کۆمەڵناسێك لە وڵاتی بەلیجیکاوە لەو بارەیەوە وتی : کۆرۆنا شێوازی ژیانی مرۆڤەکانی گۆڕی، ئەمڕۆکە دەبینین جگە لە خەڵکی ئاسایی سەرۆك و کاربەدەستە جیهانییەکانیش لە کاتی بینینی یەکتری لە جیاتی تەوقە و لە باوەشکردن و یەکتر ماچکردن تەنها بە دەست لەسەر سینگ دانان سڵاو لە یەکتری دەکەن، شوێنی قەرەباڵغ بۆتە مۆتەکەی هەموو کەسێك و تا دەتوانێت لێی دوور دەکەوێتەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تا ئاستێکی زۆر کەمبوونەتەوە، خەڵکی لە جیاتی چوونە پرسە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرەخۆشی لە یەکتری دەکەن، ئاهەنگەکانی زەماوەند یان ڕاگیراون یانیش دوور لە قەرەباڵغی جاران و بە بێدەنگی و بە ئامادەبوونی چەند کەسێك کۆتاییان پێدێت، سەردانی دۆست و خزم و کەسوکار زۆر کەمبووە، مەگەر لە حاڵەتی زۆر پێویست نەبێت، پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە لە ژیان لە ناچارییە، چونکە دەبینین ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر لە سەرتاسەری جیهان بە هۆی ئەم ڤایرۆسەوە گیان لەدەست دەدەن، ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە لەدوای کۆتایهاتن و نەمانی پەتاکە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بگەڕێنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان و ئاسەواری نێگەتیڤ لەسەر مرۆڤەکان جێنەهێڵن.


شەهید فەتاح محەمەدئەمین ئاغا


شەهید جەزای عەلی کاتب


شەهید نوری حەمەعەلی

سواره محەمەدئەمین ئاغا

لەم کاتانەدا بوو، سەرتای پایزی 1974 کە هێرشەکانی ڕژێمی عێراق بۆسەر بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بارەگای بارزانی بەچڕی دەستپێکرد. گەرمەی شەڕەکان لە چیای ماکۆک و کارۆخەوە بگرە تا حەوزی دیانا و ناوچەی ڕواندزدا بوو. گەروی عومەرئاغا، شاخەکانی هەندرێن، گۆڕس، زۆزک، سەرتیز و چیای حەسەن بەگ ڕۆژانە جێگەی فیداکاری پێشمەرگەکانی کوردستان بوون بەگشتی. بست بە بستی ئەو ناوچانە ڕۆژانە شەری دەستەویەخەی لێدەکرا و ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە خۆیان دەکردە قۆچی قوربانی ئەم نیشتمانە.

لەم یادەوەرییەدا تەنها تیشک دەخەمە سەر دەوری بەشێکی بچووک لەو فیداکارییانەی کە پێشمەرگەکانی هێزی خەبات لەو ناوچانەدا نواندیان و خودی خۆم بەچاوی خۆم بینیومن. بەدڵنایییەوە گشت هێزەکانی تری نێو شۆڕشی ئەیلولیش لە بادینان، قەڵادزێ، لە دەشتی هەولێرەوە بگرە تا کەرکوک و خانەقین بەشداری کارا و قارەمانانەیان هەبووە لەو داستانە مەزنانەدا.



شەڕەکانی 1974 و بەرگری لە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول

پاش ئەوەی کە ڕژێمی عێراق بە گشت مەکینەی سەربازی خۆی، تۆپ، تانک و تەیارە، هێزی مغاویری هەڵبژاردە، بە گشت توانای سەربازی و چەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم و بۆمبی فسفۆر گوشارێکی سەربازی گەورەی هێنا بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش بەگشتی و بارەگای بارزانیی نەمر لە حاجی هۆمەران بەتایبەتی. لەبەر ئەو هێرشە هەمەلایەنانە لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوڵەوە بریار درا کە گشت هێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕش بە قوەتی هەڵبژاردە لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانەوە بۆ پاڵپشتی و بەشداری ئەو شەڕە بەرگرییە بەرەو سەرکردایەتی بجوڵێن، ئەم قۆناغە لە شۆڕشی ئەیلوڵدا بەگشتی بەشەڕەکانی بەرگری سەرەوە ناسراو بوو.

سەرەتا هێزی خەباتیش وەکو هەموو هێزەکانی تری شۆڕش بە قوەتێکی هەڵبژاردە بە فەرماندەیی خۆشەویستی کاک فەتاح فەرماندەی لێهاتوو شەهید نوری حەمەعەلی بە پلەی ئامربەتالیۆن ڕەوانەی ئەو شەڕانە کرا. ئەو قوەتە لە 300 بۆ 350 پێشمەرگە و فەرماندەی لێهاتوو پێکهاتبوو، کە یەکە یەکە لە نێو لق و بەتالیۆن و بارەگای هێزەوە هەڵدەبژێردران، بەسەدان پێشمەرگەی خۆبەخش هەوڵی بەشداری ئەو قوەتەیان دەدا، بەڵام شەهید فەتاح یەک بە یەک هەموویانی هەڵدەبژارد و ئەوانەی ڕێگەیان پێنەدەدرا، بە بێتاقەتی لەلای کاک فەتاح گلەییان دەکرد و ئەویش وەک هەمیشە بە قسەی خۆش و دەم بەخەندەوە دەیفەرموو پەلە مەکەن نوبەی ئێوەش دێت، ئەوسا بزانم سەری ئێمە و ناوچەکە و برا پێشمەرگەکانتان چۆن بەرزدەکەنەوە، بۆیە گشتیان بڕوای بێپایانمان بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەو هەبوو.

بەڕاستی بۆ مێژوو دەڵێم ئەو قارەمانانەی ناوچەی سلێمانی یەک بەیەکیان وەکو گیانفیدا بێ سڵکردنەوە لە هیچ ترسێک بە باوەڕێکی بەتین بە خاک و نیشتمان بەپێوە شەڕی بەرگرییان دەکرد و لەگەڵ یەکتردا کێبەرکێی گیانفیدایی خۆیان دەکرد.

لە قوەتی یەکەمدا شەهید نوری حەمە عەلی، خوالێخۆشبوو مەهدی مەلاعەلی و چەند سەرلقێکی تریش لەگەڵ شەهید حەمەئەمین گوڵچین وەکو سەرلقی بەرزنجە لە بەتالیۆنی شەهید دڵشاد، کە دانیشتوی گوندێکی خۆمان «نۆرک» و هاوڕێی منداڵی و خۆشەویستی کاک فەتاح بوو، بەشداربوون. وەکو سەرپەرشتی ئیداری، دکتۆر حوسێن محمد باراوی و چەند گەنجێکی خوێنەوار، ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوای بەتین بە شەڕی بەرگری لەگەڵ قوەتەکەدا بوون. ئەو گەنجە خوێندەوارانە هیچ کە ئەرکی بەڕێوەبردنی هێزەکەیان دەگرتە ئەستۆی خۆیان، لەهەمان کاتیشدا لە هێرشەکانی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگەکانی دوژمن لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیان لە پێشی پێشەوە بە وردەکی پۆڵاینەوە لە ئەرکی چەکداریش دریغییان نەدەکرد، بۆیە سەرمەشق و جێگەی ڕێز و خۆشەویستی گشت لایەکیان بوون. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە ڕێگەی بروسکە و هەواڵەکانەوە ئاگاداری هەموو جموجۆڵەکانی قوەتەکەمان بووین، بەڕاستی بەشداری هێزی یەکەم سەری هەموومانی بەرزکردەوە و سەرکەوتنەکانیان هەمیشە دڵخۆشی دەکردین. بەداخەوە هەموو سەرکەوتن و بەرگرییەک نرخی خۆی هەیە و گەلێک فەرماندە و پێشمەرگەی ئازا خوێنی خۆیان لەو داستانانەدا کردە فیدای نیشتمان، لە نێویاندا خۆشەویستمان شەهید حەمەمین گوڵچین لەگەڵ شەهید هاواری نووری حەلاو لە هێزی زمانکۆ، کە لە داستانی ڕزگاریی شاخی گۆڕس لە شەڕێکی دەستەویەخەدا شەهید کران.

بەڕاستی ئەو ماوەیە و شەڕی بەردەوامی جەبهەیی قوەتی یەکەمی شەکەت و ماندوو کردبوو، بۆیە دوای مانگێک ئامر هێزی خەبات بڕیاری جێگۆڕکێی بە قوەتی یەکەم دا و بڕیاری ناردنی قوەتی دووەم هاتە ئاراوە.

بەهەمان شێوەی سەرەتا، قوەتی دووەم لە نێو گشت هێزی خەبات لە نێوان سەرلق و مەسئول عەسکەری و پێشمەرگە نازاکاندا هەڵبژێردرا، ئێمەش هەروەها نزیکەی 300 تا 350 پێشمەرگە و فەرماندە بووین.

چەندە خۆشبوو کە بەندەش بەشدار بووم لەو قوەتەدا، پاشان لێپرسراوی سەرپەرشتی هێزەکە درا بەمن لە هەمانکاتدا دەبوو لە ئاستی ئەو متمانە گەورەیەی ئامرهێزی خەباتدا بم. بۆ ئای خۆشەویستم شەهید کاک جەزای عەلی کاتب کرا بە لێپرسراوی دووەم. کاک حەمەعەلی هەڵبەجەییش کرا بە لێپرسراوی سێیەم. بەڕێز کاک عەریف مەولود کەناروپی، بەڕێز کاک شێخ نەجمەدین پوشێنی، مەرحوم فەتاحە سوور و خوالێخۆشبوو سابیری ئەڵا کەرەم وەکو سەرلقە کارامەکان بەشدار بوون، هەروەها کۆمەڵێک قارەمانی تر وەکو بەرپرسی عەسکەری لقەکان. بە هەمان شێوە وەکو قوەتی یەکەم چەند گەنجێکی قارەمان و خوێندەوار و دەرچووی زانکۆ کران بە لێپرسراوی ئیداری قوەتەکە، کە بەڕاستی قارەمان و لە خۆبوردووبوون کە ئەوانیش خوالێخۆشبوو کاک فەرهاد عبدالحمید – پاڵەوان و کاکە مزدە تاهری موهەندیس بوون. چونکە بەراستی ئەرکی کارگێڕی هەموو قوەتێک گەلێک گرنگە و لێپرسراوی کارگێڕی وەکو دڵی قوەتەکە وایە. ئەوساش لەکاتی تێڕوانینی ئەو گەنجانەدا دەمانگوت هەرگەلێک کۆمەڵە گەنجێکی ئاوەها بە باوەڕ و بە وەرەی لە بەرەی بەرگریدا هەبێت هەرگیز بۆ هیچ داگیرکەرێک ناچێتە سەرچۆک.

وەکو پیشەی هەمیشەیی کە هێزێک بەرەو بەرەکانی شەڕی بەرگری دەچوو، ئامرهێزی خەبات لە کاتی بەڕێکردنماندا بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕوونی دەکردەوە کە ئێوە بۆکوێ دەچن؟ بۆ چی دەچن؟ دەیفەرموو ئەوا دوژمن لە چەند بەرەیەکەوە بەرەو سەرکردایەتی شۆڕشمان دەچێت، ئەوە نەنگییە بۆ ئێمە لێرە دانیشین و بەرگری نەکەین، هەروەها کۆمەڵە ئامۆژگاری و وتەیەکی بەنرخی پێشکەش کرد، کە بەڕاستی نازانم بە چ زمانێک ئەو وتە حەماسییە جوانانە بگێڕمەوە. باسی لێکەومایی گەلەکەمانی کرد کە دوژمنان ناهێڵن تەنانەت لە سەرخاکی خۆمان بە ئاسودەیی بژین و غەدرمان لەکەس نەکردوە و نەچووینەتە سەرخاکی هیچ کەسێک و زوڵم لەکەس ناکەین، پاشان باسی یەکگرتوویی کوردستانی کرد کە ئەگەر برایەکی کوردت لە هەر ناوچەیەکی دوورەوە پێویستی بە هانا و یارمەتی تۆ بێت، چەند گرنگ و پیرۆزە کە بە هانایەوە بچیت و چەند سەربەرز و خۆشەویستن ئەوانەی کە لە پێناوی کوردنی ئایدیایەکی فاشیانە کە حیساب بۆ دەنگی هیچ ئازادی خوازێک ناکا. ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژووی سەد ساڵە و لاپەرەکان هەڵدەینەوە دەگەینە خەراوێک لە راستێکان کەوا دەروازەی ئەم شارە دەروازەیەکی کوردی بووە , سنوری هەرێمەکەیشی هەر سنووری کوردی بووە. بۆیە ناو زراندنی کەرکووک بەهیچ پێوەرێکی یاسایی و مەعیریفی لە دنیای سیاسەت لەتەمویکردنی ڕاستێکان بەدەر ناتواندرێت هیچ شوناسێکی تری پێی بدەی کاتێک لەنێو ئەم ناهاوسەنگییە بەم پێوەرە باس لەپێناسەی شارێکی کوردی دەکرێ بەتایبەت پاش پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆی وەکو پەرچە کردار لەلایەنی شەقامی کوردیەوە ئاساییە بۆ سەرهەڵدانی نارەزاییەتێکان ئەم پێشهاتانە لە چاوەروانی گۆرانکاری گەورە دابن.



له پەراوێزی ڕووداوەکەی سوتاندنی لقی5دا

پارتی پارێزەری خاک و ئاڵای کوردستان

وەیسی سەعید وەیسی

لە کاتێکدا دوای سێ ڕۆژی تر کوردستانیان ڕێک لە ڕێکەوتی ٢٠ ی ئۆکتۆبەر، یادی یەکێک لەگەورەترین داستانەکانی مقاوەمەت وگیانبازی شێرە کوراني پارتی وبارزانی دەکەنەوە کە لەم ڕۆژەداملیشاکانی حەشدی شەعبی بۆیەکەم جارتوشی گەورەترین شکستی سەربازی بوون، بەمەش مێژوویکی نوێی بەرگری وخۆنەچەماندنیان لە پردێ، سخێلا، محمودیە، تلسقۆف تۆمارکرا. بۆیەش ئەم بەرواره لەلای چەکدارەکانی حەشدی شەعبی بوەیتە مایەی شەرمەزاری هەرچۆنێک بێت دەیانەوێت بە خەیالی خۆیان تۆلەی لەورۆژە بکەینەوە بۆیە ئەوەی ئەمرۆ کردیان لە سوتاندنی بارەگای لقی (5) بە ئاڵای کوردستانەوە بە بیانووی لێدوانێکی بەرێز هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە زۆرڕاستگۆیانە باسی لەوە کردووە، بەشێك لە میلیشیاکان بوونەتە مەترسی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق ، تەنها بۆ پەردەپۆشکردنی رق وکینەیانە کە سێ ساڵە ئەم ڕەفتارە هەرلاماوە، بۆیە لە دوای دەرفەتێک دەگەڕان تا دەریبڕن.

لە پەراوێزی بە ئامانجکردنی سووتاندنی بارەگای لقی 5 ی پارتی لە بەغدا، دەرکەوت کە تەنها پارتی یە داکۆکیکاری مافە نەتەوەییەکانە و هیچ کات ئامادە نەبووە لە ژێرهیچ گوشارێکدا سازش لەسەرمافەکانمان بکات ، و سەنگ وهێزی کوردستانیش پەیوەستە بە بوون ومانی پارتی ، ئەمەش وا دەکات لە جاران سوورتردرێژە بەو نەهەج وستراتیژیە بدات لە چوارچێوەری ڕێبازی بارزانی نەمرهەمیشە پارتی وەك پارێزەری خاك وئاڵای کوردستان ودەستکەوتەکانی خەلکی کوردستان بمێنێتەوە بە دلنیایەوە ئەم کارە وا بەئاساییی و ئاسانی تێناپەڕێت بەلکودەبێ ئەنجامدەران ومامۆستایەکانیان باجی ئەم کارەیان بدەن.

دەبێت هەموولایەك چاك لەوراستیە دلنیابن چۆن پارتی دوای خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر بەرگری لە کوردستان کرد وقەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستانی پاراست ئاواش مکورترلە جاران بەرگری لە مافەکانی خەلکی کوردستان دەکات وهەربە پێشەنگی پارێزەری مافەکانمان دەمێنێتەوە.

سلاو لە پێشمەرگەی کوردستان کە هەمیشە ئالای کوردستانیان بەبەرزی هێشتۆتەوە.

سلاو بۆگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان کە لە پێناوی ئالای کوردستان گیانی خۆیان بەخت کرد.

سلاولە سەرۆك مسعود بارزانی تاکە ئومێد وهیوای کوردستانیان.

کەرکووک لە ململانیە سیاسییەکاندا

شەنگە هاوار کاکەیی*



ئەگەر کەرکووك خاکی عەرەبە بۆ تەعریب کرا و ئەگەر تورکمانییە بۆ تورکمانێك ئەندام نەبوو لە دانوستنە بەردەوامەکانی سەرکردایەتی کوردیدا؟ سەرهەڵدانی ناکۆکییە سیاسییە کان و خروقاتە دەستورییە کان لە فەزای سیاسی عێراقدا لە پرسی کەرکووك و ناوچە دابڕێنەوەکانی هەرێمی کوردستان و جێ بەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠ و داگیرکردنی لەلایەن حەشدی شیعییەوە و بەعەرب و بەتورکمان ناساندن و ناوزراندنی ئەم شارە کووردیە لەراستییدا دەلالەتە لە بەرپابوونی سیاسەتێکی تاك ڕەوی و لە دوگمابوونی عەقڵیەتێکی داخراوی فاشیزمانە و تەعبیری زمانی زبری سیاسەتی دەسەڵاتی عەرەبی وعەقلیەتی شۆڤینییە لە ناوچەکەدا. بەو پێیەی کەوا هەڵگری پەیامێکی ناجۆری و هەڵخە ڵەتێنەری تەبایی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی بەخۆوە گرتووە لە چوارچێوەی قاڵبی دەستووری عێراقێکی بەزۆر لکێندراو.

بەرەودان بەرەوتی توند وتیژی لە شەقامی کوردیدا کە لە ئارادایە بەتایبەتی لە شاری کەرکووك دەرنجامی سیاسەتی فرق تە سود و دەست تێوەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمی بووە وەکو ئە رکیکی ستراتیجی کارا لە چاندنی تۆی بوغزو دووبەرەکی لەبەرجەستە بوونی سیاسەتی پەرەوبڵاکردنی هێزو هەیمەنەتی کوردی وگۆڕینی دیموغرافی ئەم شارە بەلام !ئەم پەیرەو کردنە نەیتوانێ لەکوردستانی بوونی کەرکووك کەمبکاتەوە رایکێشێ بۆ ئاقاری عەرەبچێتی . ئەمانە گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کەوا کەرکووك شارێکی کوردیە و بەئەزموون پێکەوە ژیان دەرکەوت ئەم عەقڵیەتەنەتوانیدا چ پاشخانێکی بەخۆیەوە گرتوە لە موتکەی وێرانکاری کە لەنا دواڵێزمەیی ئیزدواجیەتێکی سیاسیەتی عیراقچێتیدا تۆی چاندراوە ئەگینا ! شارێك هێنای شارستانیبوونی کوردی هەڵگرتبێ چۆن ئەشێ بەرگرێژی کەن بەناوچەیەکی عەرەبی یا تورکی ! هەرچەندە رەهایەت لە کارامایی ئەم دەست کرانەوەیان لە ناو زراندنی وێناسەکردنی وەکو شارێکی عەرەبی بە زۆرینەیەکی تورکمانی . ناکرێ تاسەر بێ . چونکە ئەرگۆمێنتێکی گەمژانەیە لە دونیای سیاسەتە. کە دونیای ئەم ئانیەتە دونیای باڵادەستی پرسی بەهاکان مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و جیهانگیریی گلوبالە دونیا دونیای مۆدێرنیتەتی سیاسەتە . ئەوەی بەرچاوە لە گۆڕەپانی عیراقیدا بە پێچەوانەیە خۆێندنەوەی روخساری سیاسەتی راستەقینەیە وە لە تەناهی گۆرینی روخسارەکان و بێ پەرو باڵ دەدا، بەڵام شەهید فەتاح یەک بە یەک هەموویانی هەڵدەبژارد و ئەوانەی ڕێگەیان پێنەدەدرا، بە بێتاقەتی لەلای کاک فەتاح گلەییان دەکرد و ئەویش وەک هەمیشە بە قسەی خۆش و دەم بەخەندەوە دەیفەرموو پەلە مەکەن نوبەی ئێوەش دێت، ئەوسا بزانم سەری ئێمە و ناوچەکە و برا پێشمەرگەکانتان چۆن بەرزدەکەنەوە، بۆیە گشتیان بڕوای بێپایانمان بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەو هەبوو.

بەڕاستی بۆ مێژوو دەڵێم ئەو قارەمانانەی ناوچەی سلێمانی یەک بەیەکیان وەکو گیانفیدا بێ سڵکردنەوە لە هیچ ترسێک بە باوەڕێکی بەتین بە خاک و نیشتمان بەپێوە شەڕی بەرگرییان دەکرد و لەگەڵ یەکتردا کێبەرکێی گیانفیدایی خۆیان دەکرد.

لە قوەتی یەکەمدا شەهید نوری حەمە عەلی، خوالێخۆشبوو مەهدی مەلاعەلی و چەند سەرلقێکی تریش لەگەڵ شەهید حەمەئەمین گوڵچین وەکو سەرلقی بەرزنجە لە بەتالیۆنی شەهید دڵشاد، کە دانیشتوی گوندێکی خۆمان «نۆرک» و هاوڕێی منداڵی و خۆشەویستی کاک فەتاح بوو، بەشداربوون. وەکو سەرپەرشتی ئیداری، دکتۆر حوسێن محمد باراوی و چەند گەنجێکی خوێنەوار، ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوای بەتین بە شەڕی بەرگری لەگەڵ قوەتەکەدا بوون. ئەو گەنجە خوێندەوارانە هیچ کە ئەرکی بەڕێوەبردنی هێزەکەیان دەگرتە ئەستۆی خۆیان، لەهەمان کاتیشدا لە هێرشەکانی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگەکانی دوژمن لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیان لە پێشی پێشەوە بە وردەکی پۆڵاینەوە لە ئەرکی چەکداریش دریغییان نەدەکرد، بۆیە سەرمەشق و جێگەی ڕێز و خۆشەویستی گشت لایەکیان بوون. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە ڕێگەی بروسکە و هەواڵەکانەوە ئاگاداری هەموو جموجۆڵەکانی قوەتەکەمان بووین، بەڕاستی بەشداری هێزی یەکەم سەری هەموومانی بەرزکردەوە و سەرکەوتنەکانیان هەمیشە دڵخۆشی دەکردین. بەداخەوە هەموو سەرکەوتن و بەرگرییەک نرخی خۆی هەیە و گەلێک فەرماندە و پێشمەرگەی ئازا خوێنی خۆیان لەو داستانانەدا کردە فیدای نیشتمان، لە نێویاندا خۆشەویستمان شەهید حەمەمین گوڵچین لەگەڵ شەهید هاواری نووری حەلاو لە هێزی زمانکۆ، کە لە داستانی ڕزگاریی شاخی گۆڕس لە شەڕێکی دەستەویەخەدا شەهید کران.

بەڕاستی ئەو ماوەیە و شەڕی بەردەوامی جەبهەیی قوەتی یەکەمی شەکەت و ماندوو کردبوو، بۆیە دوای مانگێک ئامر هێزی خەبات بڕیاری جێگۆڕکێی بە قوەتی یەکەم دا و بڕیاری ناردنی قوەتی دووەم هاتە ئاراوە.


بەهەمان شێوەی سەرەتا، قوەتی دووەم لە نێو گشت هێزی خەبات لە نێوان سەرلق و مەسئول عەسکەری و پێشمەرگە نازاکاندا هەڵبژێردرا، ئێمەش هەروەها نزیکەی 300 تا 350 پێشمەرگە و فەرماندە بووین.

چەندە خۆشبوو کە بەندەش بەشدار بووم لەو قوەتەدا، پاشان لێپرسراوی سەرپەرشتی هێزەکە درا بەمن لە هەمانکاتدا دەبوو لە ئاستی ئەو متمانە گەورەیەی ئامرهێزی خەباتدا بم. بۆ ئای خۆشەویستم شەهید کاک جەزای عەلی کاتب کرا بە لێپرسراوی دووەم. کاک حەمەعەلی هەڵبەجەییش کرا بە لێپرسراوی سێیەم. بەڕێز کاک عەریف مەولود کەناروپی، بەڕێز کاک شێخ نەجمەدین پوشێنی، مەرحوم فەتاحە سوور و خوالێخۆشبوو سابیری ئەڵا کەرەم وەکو سەرلقە کارامەکان بەشدار بوون، هەروەها کۆمەڵێک قارەمانی تر وەکو بەرپرسی عەسکەری لقەکان. بە هەمان شێوە وەکو قوەتی یەکەم چەند گەنجێکی قارەمان و خوێندەوار و دەرچووی زانکۆ کران بە لێپرسراوی ئیداری قوەتەکە، کە بەڕاستی قارەمان و لە خۆبوردووبوون کە ئەوانیش خوالێخۆشبوو کاک فەرهاد عبدالحمید – پاڵەوان و کاکە مزدە تاهری موهەندیس بوون. چونکە بەراستی ئەرکی کارگێڕی هەموو قوەتێک گەلێک گرنگە و لێپرسراوی کارگێڕی وەکو دڵی قوەتەکە وایە. ئەوساش لەکاتی تێڕوانینی ئەو گەنجانەدا دەمانگوت هەرگەلێک کۆمەڵە گەنجێکی ئاوەها بە باوەڕ و بە وەرەی لە بەرەی بەرگریدا هەبێت هەرگیز بۆ هیچ داگیرکەرێک ناچێتە سەرچۆک.

وەکو پیشەی هەمیشەیی کە هێزێک بەرەو بەرەکانی شەڕی بەرگری دەچوو، ئامرهێزی خەبات لە کاتی بەڕێکردنماندا بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕوونی دەکردەوە کە ئێوە بۆکوێ دەچن؟ بۆ چی دەچن؟ دەیفەرموو ئەوا دوژمن لە چەند بەرەیەکەوە بەرەو سەرکردایەتی شۆڕشمان دەچێت، ئەوە نەنگییە بۆ ئێمە لێرە دانیشین و بەرگری نەکەین، هەروەها کۆمەڵە ئامۆژگاری و وتەیەکی بەنرخی پێشکەش کرد، کە بەڕاستی نازانم بە چ زمانێک ئەو وتە حەماسییە جوانانە بگێڕمەوە. باسی لێکەومایی گەلەکەمانی کرد کە دوژمنان ناهێڵن تەنانەت لە سەرخاکی خۆمان بە ئاسودەیی بژین و غەدرمان لەکەس نەکردوە و نەچووینەتە سەرخاکی هیچ کەسێک و زوڵم لەکەس ناکەین، پاشان باسی یەکگرتوویی کوردستانی کرد کە ئەگەر برایەکی کوردت لە هەر ناوچەیەکی دوورەوە پێویستی بە هانا و یارمەتی تۆ بێت، چەند گرنگ و پیرۆزە کە بە هانایەوە بچیت و چەند سەربەرز و خۆشەویستن ئەوانەی کە لە پێناوی

*ماستەر لە یاسای گشتی زانکۆی حیکمە بەیروت


شەهید مولازم محەمەد حاجی ئەحمەد


شەهید مولازم محەمەد شەوقی


شەهید حەمەئەمین گولچین



خاک و پارێزگاری لە شەرەفی گەلی خۆیاندا، خۆیان دەکەنە قۆچی قوربانی. گشتیان لە ناخماندا ئەوەندە ورەمان بەرزبووەوە وەکو بۆمبێکیان لێهاتبوو کە دەمانویست هەرئێستا بە دوژمنی داگیرکەردا خۆمان بتەقێنینەوە.

نازانم بە چ شور و شەوقێکەوە ئەو گشت رێگەیەمان بڕی تاگەیشتینە بارەگای بارزانی لە حاجی هۆمەران، قەت لەیادم ناچێت دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەچ خۆشییەکەوە پێشوازییان لێدەکردین و پاشان کاک عبدالمهیمن بارزانی هات بەرەوپیرمان و جێگەیەکیان بۆ دابینکردین تا چاوەڕوانی کات و شوێنی ئەرکە نوێکەمان بین لە بەرەکانی شەر. ئەرکە نوێکەمان لەگەردی * گۆ * بوو کە دەکەوێتە پشتی دیانا (شاری سۆران) کە جەبهەیەکی زۆر قورس و ناخۆش بوو، چونکە بەرژۆ نەماندەتوانی دەرکەوین و بەرانبەرمان بە سەد مەترێک مۆڵگەکانی دوژمن بوو، چەند جارێک لەوێوە ویستیان بەرەو چیای زۆزک هێرش بەرن، بەڵام تێکشکان و هێرشەکانیان زۆر گرنگ نەبوون. بۆ ماوەی 25 رۆژ لەو سەنگەرانەدا ماینەوە، بەڵام پێشمەرگە و فەرماندەکان لەو جبهەیە دڵخۆش نەبوون، چونکە جێگەی دەستیان دیار نەبوو و توانای خۆیان زۆر لەو کارانەی ئەو چەند حەفتەیە بە گەورەتر دەزانی تا ئەو ڕۆژەی سەرکردایەتی شۆڕش ئێمەیان بەرەو جەبهەی گەروی عومەرئاغا نارد، چونکە لەو کاتەدا شوێنێکی زۆر ستراتیجی و گرنگ بوو بە بەراورد بە گشت ناوچەکە.

ئەو ماوەیەی کە لە جەبهەی گەروی عومەرئاغا ماینەوە زۆربەی شەوەکان هێرشمان لەسەر بوو، بەڵام بەهۆی بەرگری پێشمەرگەوە زووزوو تێکدەشکان و دەگەڕانەوە سەربازگە و مۆڵگەکانیان. لە پشتی جبهەکەمانەو کۆمەڵێک تۆپی 130 ملیم هەبوون لە گەروی بێشێ، بە شەماڵەکان ناونرابوون، لەگەڵ یەک دوو تۆپی 120 ملیم، بۆ هەموو هێرشە پێچەوانەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر دوژمن هاوکاریی هێزی پێشمەرگەیان دەکرد.

هەموو قوەتێک بێسیمی تایبەتی خۆی هەبوو. نازناوی قوەتەکەی ئێمە «قەیوان» بوو. شەوێک هێرشێکی گەورەمان لەسەر بوو، لە جبهەکانی خۆمانەوە تا چیای ماکۆک هێرشی چڕ هەبوو تا لە بێسیمەکانی خۆمانەوە هەواڵیان پێگەیشت کە دوژمن بە هۆی زامداربوونی بەرپێز حەمید ئەفەندییەوە کە ئەوکاتە ئامرەتالیۆن بوو، گردی شەهید *حادێ* دامێنی جبهەی گەروی عومەرئاغا لە کاتژمێر 12ی نێوەشەو داگیرکردووە، ئەو گردە وەکو کلیلی گشت جبهەکە دەناسرا و بە خاڵێکی یەکلاکەرەوەی جبهەکە لە دژی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە دەبینرا. گردەکە کەمتر لە کاتژمێرێک پیادەڕەو لە سەنگەرکانی ئێمەوە دور بوو.

ئەوەمان بەهەل و دەرفەت زانی چونکە ئێمە قوەتێکی تا ڕادەیەک تازەنەفەس بووین، پێشمەرگە و فەرماندەکان هەموو ڕۆژێک بە گلەیی و قسە داوای سەرکەوتنیان دەکرد، نەکا دوارۆژ بینە جێ لۆمەی ئامرهێزی خەبات. بۆیە من ئەو فرسەتەم قۆستەوە و پاش ڕاوێژکردن بە فەرماندەکان و پێشمەرگەکان بڕیارماندا کە هەرچۆنێک بووە ئەو گردە ئازاد بکەینەوە، دەبێت بیگرینەوە و لە ژێر دەستی دوژمن دەریهێنین.

لە بێسیمەکەمانەوە بە ئاشکرا بە سەرکردایەتی شۆڕشیان ڕاگەیاند ئێمە ئامادەین بەهەر نرخێک بێت بیگرینەوە، بەڵام بەشەرتێک سەرەتا چەند شارەزایەکیان لەگەڵ بنێرن، چونکە ئێمە هیچیان خەڵکی ناوچەکە نەبووین، پاشان کە گرتمانەوە هێزێکی تر بێت بۆ پاریزگاری لەو گردە. جوانم لە بیرە کە بوو بە هەرا لە نێو بێسیمەکانی هێزی پێشمەرگە و بەچ حەماسەتێکەوە گشت بێسیمەکان لە گشت ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە سوپاسی قوەتی «قەیوان» یان دەکرد، بە سەدان جار بەقوربانی خۆڵی شاری سلێمانی و پێشمەرگە مەردەکانی دەبوون.

بەتایبەتی لێپرسراوی شەماڵەکان، کە کۆمەڵێک ئەفسەر بوون، یەکێکیان خوالێخۆشبوو ملازم ئەنوەر مەجید میسری بوو لەگەڵ کاک عومەر عوسمان، سوپاسیان کردین و بەڵێنیان پێدایین کە کێوەکەمان بۆ بسوتێنن. دوژمن دەیزانی کە ئەو گردە چەندە ستراتیجییە و هێزی پێشمەرگە هەر دەبێت هێرشی پێچەوانەی بۆ بکات. بۆ سەعاتی سفر لە نێو قوەتەکەدا 60 پێشمەرگە و فەرماندەی لێهاتووم هەڵبژارد تا بەشەو بچنە نزیک گردەکە و چاوەڕوانی شەماڵەکان بن تا بە ئەرکی سوتاندنی گردەکە هەڵسن، وەکو پەیانی خۆیان، بەڕاستی لە بەرەبەیاندا شەماڵەکان گردەکەیان بە خەستی تۆپبارانکرد، پاشان پێشمەرگەکان هەڵمەتیان برد و گردەکە لە شەرێکی دەستەویەخەدا ڕزگار کرا بەبێ ئەوەی هیچ شەهیدێک بدەین. بۆ یەکەمین جار چەکی قەناسی ڕوسی نوێ لەلایەن خوالێخۆشبوو عەریف غەریب وەڕازییەوە گیرا.

بێئاگابووین لەوەی کە کاک فەتاح لە بارەگای بارزانییەوە لەگەڵ کاک ئیدریسی ڕەحمەتی و کاک مەسعود چاودێری هەڵمەتی ئەو شەوەی پێشمەرگە و ناوچەکەیان دەکرد. لەو شەڕەدا بەدەیان کەلاک لە دوژمن بەجێ ما و بە دەیان چەک کەوتە دەستی پێشمەرگە.

پاش سەرکەوتن هێزەکەمان بەدڵخۆشی و سەربەرزییەوە گەڕانەوە گەروی عومەرئاغا و زانیان کاک فەتاح لەلای شەماڵەکانە و بە بێسیم قسەی لەگەڵ کردین و فەرمووی دێم بۆلاتان، هەرچەندە ئێمە زۆرمان پێناخۆش بوو چونکە دوژمن بە سەختی بە فڕۆکە و تۆپ بۆمبارانی ناوچەکەی دەکرد. بەڵام نامرهێزی خەبات بەسەیارەکەی هاتە لامان تا بەشی خوارەوە و خۆی بە پیادە سەرکەوت بۆ لامان، لەو کاتەدا سەیارەکەشی کە لە خوارەوە ڕاگیرابوو بەر قەسفی تەیارە کەوت.

وەکو پیشەی هەر فەرماندەیەک کە لێپرسراوی سەروی خۆی دێت بۆلای، ئێمەش لەگەڵ شەهید جەزای عەلی کاتب باسی بارودۆخی سەربازی و ئەوەی بینیبوومان و چۆنێتی جبهەکەمان بۆ ڕوونکردەوە کە چۆن فڕۆکەکان بە چ جۆرە چەکێکی نەناسراو لێمان دەدەن و چۆن بەرد و دار و خۆلی چیاکان بەیەکەوە دەستوتینن. کەچی بە سەرسوڕمانەوە ڕووی کردە پێشمەرگەکان و وتی ئەرێ ئەمانە هەر بەم شێوەیە قسەش بۆ ئێوە دەکەن؟

وەڵا کاکە باش لێپرسراوێکی چاکم بۆ داناون! ئەوە چۆنە لەگەڵ ئەم لێپرسراوانە زندەقتان نەچووە؟ بەڵام پێشمەرگەکان بەگشتی وتیان کاک فەتاح باوەڕت بێت کاک سواری هەموو نەگێڕاوەتەوە، گشتی واقیعە. لەو کاتەدا چوار فڕۆکەی سیخۆ هاتەسەر جبهەکە و بە سەختی وەکو پیشەی هەر ڕۆژەیان بۆمبارانیان کرد و ناوچەکە وەکو جاران سوورهەڵگەڕا و گڕی گرت. کاک فەتاح تەماشایەکی چوارەدوری کرد و وتی کاکە ئەمە چەکی فسفۆرە و ئەمە چەکێکی قەدەغەکراوە لە جیهاندا. پاشان قەناسەکەمان بە دیاری دا بە ئامرهێز، دوایی زانیان کە ئەویش پێشکەشی جەنابی بارزانی نەمری کردبوو چونکە لەو کاتەدا ئەو جۆرە چەکە زۆر دەگمەن بوو.

وەکو عادەتی جبهەکە هەموو شەوێک هێرشی سەرتاسەری بوو لەلایەن هێزی مغاویرەوە لەسەرمان، لە بەر گرنگی، زۆرتر گوشار لەسەر گردی شەهید «حادێ» بوو، پاش سێ ڕۆژ دووبارە هێزەکانی ڕژێمی عێراق گردی شەهید حادێیان داگیرکردەوە.ب بۆجاری دووەم لە بێسیمەکەمانەوە بە سەرکردایەتی شۆڕشمان وت ئەم جارەش قوەتی «قەیوان» پشتیوان بەخودا ڕزگاری دەکەینەوە و دەیگرینەوە، دوبارە دەنگدانەوەیەکی مەزنتر ڕوویدا، لە نێو بێسیمەکانەوە بوو بە هۆزەی سەرکەوتن، ئەم جارەشیان بۆ جارێکی تر بەتایبەتی شەماڵەکان بەڵێنی سوتاندنی گردەکەیان پێدایین.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ شەهید جەزا عەلی کاتب و فەرماندەکان بڕیارماندا ئەم جارە ئەوانەی نەچوون بۆ هەڵمەتی یەکەم بەشداربن لەم هەڵمەتەدا، بۆیە بە پێی نەخشەی هەڵمەت بە شەو خۆمان گەیاندە نزیکی گردەکە و چاوەڕوانی شەماڵەکان و کاتژمێری سفر بووین، لە ئەزموونی یەکەمدا بۆمان دەرکەوت کە بۆ هێرشی دەستەویەخە و نزیک بۆ ناو گردەکە نارنجۆک لە زۆربەی چەکەکانی تر بەسودترە، بۆیە هەریەکە بۆ شەڕی دەستەویەخە چەندین نارنجۆکم پێدان.

شەهید ملازم حەمە شەوقی سەرپەرشتی جێبی تۆپی 106ـەکانی دەکرد و دەورێکی گرنگی هەبوو لە گشت شەڕەکاندا. ئەوان بەهۆی تۆپی جێبە 106 ـەکانەوە ڕێگەیان نەدەدا کە دوژمن لە پشتەوە بە دەبابە و زرێپۆش بەهانای قوەتەکەی نێو گردی شەهید حادێیەوە بچن، شەهید حەمە شەوقی پێش هێرشی جاری دووەم فەرمان و ڕێنمایی کۆتایی دابوو بە تۆپە 106ـەکان و خۆشی لە بەر برادەرایەتی و هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی هات بۆ لامان و لەگەڵمان لە هەڵمەتی پێشی پێشەوە بۆ نێو جەرگەی گردەکە بەشدار بوو. بەڕاستی نارنجۆکەکان سەرکەوتنی ئێمەیان مسۆگەرکرد. لە شەڕێکی دەستەویەخەی گەرمدا گردەکەمان پاککردەوە و بەداخەوە سێ شەهیدمان دا و زیاتر لە 15 پێشمەرگەی قارەمانمان زامدار بوون، خوالێخۆشبوو قارەمان کاک عەباسی مچەی ڕەحمەتی یەکێک بوو لە زامدارەکان، بەڵام هێزی دوژمن کەسیان دەرنەچوون و بەدەیان کەلاکیان لە نێو مۆڵگەکانیان بەجێمان.

پاشان دوبارە گەڕاینەوە سەنگەرەکانی گەروی عومەرئاغا و پاش سێ مانگ لەو جبهەیە سەخە ئێمەش لەلایەن قوەتی سێهەمی هێزی خەباتەوە بە سەرپەرشتی خوالێخۆشبوو حەمەسوور حسێن، کە ئامر بەتالیۆنی 10 لە پێنجوێن و بە ڕۆمێلی گەرمیان ناسراوبوو، گۆڕدراین و ئەوان لەجێگەی ئێمە دانران، ئێمەش گەڕاینەوە پێنجوێن. قوەتەکەی ئێمە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا 5 شەهید و نزیکەی 37 بریندارمان دا، ڕاستە کە کۆمەڵێکی زۆر شەهید و زامدارمان هەبوو، بەڵام ئێمەش وەکو قوەتی یەکەم بە سەربەرزی و سەرکەوتوویی گەڕاینەوە بارەگاکانی خۆمان.

پاش ئێمە ئامر هێزی خەبات خۆی لە جبهەکە مایەوە و سەرپەرشتی شەڕەکانی زۆزک و سەرتیزی دەکرد کە بەداخەوە کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی مەزنی هێزەکەمان شەهید بوون وەکو ملازم محمد حاجی ئەحمەدی سروپێ و چەندین پێشمەرگەی تری قارەمان.

بەگشتی لە شەڕەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆتایی ساڵی 1974 تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی 1975 تەنها لە هێزی خەبات نزیکەی سەد شەهیدی لەیادنەچوو و بە سەدان پێشمەرگەی قارەمان زامدار بوون. بەڕاستی هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گشتی چۆکی بە دوژمن دابوو، هەر ئەو بەرگرییە سەختەی پێشمەرگە لە بست بە بستی خاکی کوردستان و خۆڕاگرییە مەزنانەش بووە هۆکاری سەرشۆڕکردنی سەدام بۆ شای ئێران کە لە ژێرناوی ڕێککەوتنی شومی جەزائیر بڵاوکرایەوە.



ئەو پەیامانەی لە پشت سوتاندنی لقی5ی پارتی دایە



کاروان محەمەد سینو

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ١٧ی ئۆکتۆبەر، بارەگای لقی٥ی پارتی لە بەغدا کەوتە بەر پەلاماری تاقمێکی گێژەشێوێنی (دیار)کە سەر بە حەشدی شەعبی بوون، وێرای سوتاندی بارەگاکە هەروەها سوکایەتیشیان کرد بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئاڵای پارتی. ئەم پەلامارەی ئەو تاقمە میلیشیا گێژەشێوێن و شەڕانگێز و بەکرێگیراوە، بەهەر پاسیاوێك بوو بێت (کە خۆیان سیناریۆیان بۆ داهێناوە) و وەکو (قەمیسی عوسمان) بەکاریان هێنا بۆ سوتاندنی لقی ٥، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق و هاوپەیمانانی شەڕی دژی داعش و نەوەو یەکگرتووەکان لە نیگەرانی لێ کەوتەوە و هەریەك لە نێردەی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و باڵیۆزی بریتانیا و وڵاتانی دیکە لە عێراق بەفەرمی ئیدانەی ئەم کردەوە سەرەڕۆیەی ئەو تاقمە میلیشیا گێژەشێوێن و شەڕانگێز و بەکرێگیراوە کرد، لەبەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتووە: «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە توندی ئیدانەی ئەو هێرشە دەکات کە ئەندامانی حەشدی شەعبی سەر بە ئێران کردیانە سەر نوسینگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا».

پێدەچێ ئەم پەلامارەی ئەو تاقمە میلیشیا گێژەشێوێن و شەڕانگێز و بەکرێگیراوە، بریتیبێت لە ناردنی چەند پەیامێك بۆ حکوومەتی عێراق و خودی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق زیاتر لەوەی کە پەیامێك بێت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

بێگومان هەموومان دەزانین کە لە ٩ی ئۆکتۆبەر و پاش ڕێکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا لەسەر ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لەلایەن حکوومەتی بەغداوە، هەروەها هەردوو لا لەچوار چێوەی کاراکردنی ماددەی١٤٠ی دەستوری عێراق ڕێك کەوتن لەسەر ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شنگال وەك دەسپێکێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی دیکە کە ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە. ئەمەش بووە ئەگەری نیگەرانی ئەو لایەنانەی کە بەپێی ڕێکەوتنەکە لە دەڤەری شنگال دەردەکرێن، وەك (پەکەکە و مليشياتي حشدی شەعبی ئەوانەی لەژێر عەبای حەشدی شەعبی خزمەتی ئەجیندای وڵاتێکی ئەقلیمی دەکەن؟!)، چونکە ئەمانە لەم ڕێککەوتنە بەدور خراون و بڕیارە لە دەڤەری شەنگال دەر بکرێن. بەم پێیە ڕێگای (بەغدا-شنگال- دیمەشق- بەیروت) لە کۆنترۆڵی (پەکەکە و ئەو میلیشیایەی حەشدی شەعبی) دەدەچێت و بەرووی ئەجیندای وڵاتی ئەقلیمی دادەخرێت. بۆیە ملیشیاتی حشدی شەعبی (ئەوانەی لەژێر عەبای حەشدی شەعبی خزمەتی ئەجیندای وڵاتێکی ئەقلیمی دەکەن) بەمەزندەی خۆیان پێویستە پەیامێکی (خۆسەپاندن) بە حکوومەتی مستەفاکازمی ڕابگەیێنن بەر لە پارتی. پەیامەکەش ئەوەیە کە (مستەفا کازمی.. تۆ ناتوانی بەبێ بوون و ڕەزامەندی ئێمە لە عێراقدا حوکمڕانی بکەی و لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێك بکەوی.....). هەموومان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان و سوشیال میدیاکانەوە بینیمان کە ئەو میلیشیا شەرانگێزانە کێن؟ و ناویان چییە؟ و ئینتیمایان بۆ کێ هەیە؟!، هەروەها دیار و شاشکراشە کە کێ و چ ئەجندایەك لە پشتیانەوەیانە؟!. بێگومان هەر ڕێکەوتنی (شەنگال) نییە کە بۆتە ئەگەری هەڵچوون و شێتگیری ئەم میلیشیانە، بەڵکو دەنگۆی بوونی پرۆسەی ڕێگەدانی ئارەزوومەندانە بە چەکدارانی حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی بچنە نێو سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی سەربە حکوومەتی فیدراڵ، ئەگەرێکی دیکەیە کە میلیشیاتی ئەجندەداری شێتبگیر کردووە و پێیان وایە کە ئەم پرۆسەی مستەفا کازمی هۆکارێکە بۆ لێکترازاندنی حەشدی شەعبی و سنووردار کردنی هەژموونی دەرەکی لەسەر عێراق. شایانی باسە کە حەشدی شەعبی لە دوو باڵی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەمیان(باڵی عەتەبات) کە سەربە مەرجەعیەی نەجەفن و دووەمیان (باڵی وەلائیین) کەسەر بە حەوزەی قومی ئیرانن، واش زانراوە کە (باڵی یەکەم) پشتگیری ئەم پرۆسیسەی مستەفا کازمی دەکەن و (باڵی دووەم) دژی ئەم پرۆسەیە وەستاون. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵەکانی مستەفا کازمی بۆ گەڕاندنەوەی بڕیار و سەروەری سیاسی بۆ عێراق دوور لە هەژموون و ئەجندای دەرەکی و فۆرمەڵەکردن و بەنیشتیمانی کردنی هێزی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق دوور لە میلیشیاکانی (باڵی دووەم) و گەمارۆدان و سنوردار کردنی جموجۆڵی میلیشیاکانی (باڵی دووەم)، ئەمانە هۆکاری دیکەن بۆ شێتبگیری و پەلاماردانی تاقم و میلیشیا سەرەڕۆکانی حەشدی شەعبی. بۆ نموونە لە سێ مانگی ڕابردوودا مستەفا کازمی هەڵساوە بە سنووردار کردنی بوونی چەکدار و بەرپرس و فەرماندەکانی (باڵی دووەم) لە ناوچەی سەوزی حوکمڕانی عێراق و دوور خستنەوەیان لە دەروازەکانی گومرگ لەسەر سنووری ئیران و ئوردن و داخستنی نوسینگەی ئەو میلیشیانە لە نێو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، هەروەها مستەفا کازمی داوای لە حەشدی شەعبی کردووە کە وردبینی لە ژمێریاری داریی خۆیان بکەن و کەسانی (فەزائی) واتا (بن دیوار) لەنێو میلاکاتی خۆیان بسڕنەوە. ئەمانە هەموویان هۆکار و ئەگەرن کە (میلیشیاتی حەشدی شەعبی سەرەڕۆ) گوشار و پەیام و نوقورج لە مستەفاکازمی و حکوومەتەکەی بگرن بەر لەوەی سوتاندی بارەگای لقی٥ی پارتی لەبەغدا پەیامێك بێت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەهەر حاڵ ... سوتاندی لقی٥ی پارتی و سوکایەتی کردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئاڵای پارتی سوکایەتی کردنە بە ئیراده و شکۆمەندی و پیرۆزییەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەمکردەوە گێژەشێوێنەیان لە پێگەی کورد و بەهای باڵاکانی گەلی کوردستان و پارتی کەم ناکەنەوە، بەڵام بەڕوونی دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی و عەقڵیەتی تایفی و شۆڤێنی و بەکرێگیراوی ئەو تاقمە شەڕانگێزە بۆ هەموو لایەك دەردەخات.پارتی ئەو چاوەڕوانییەی لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق هەیە کە ئیجراتاتی پێویست بگرێتەبەر بەرامبەر بە پەلاماردەرانی لقی٥ و لە هەمان کاتدا پارتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی دەخوازن پەلاماری پارتی و سوکایەتی بە بەها پیرۆزەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، دواجار هەر ئەوان باجی ئەو کارە گێژەشێوێنەیان دەدەنەوە.

وون بوون

پاسەپۆرتی بەنگلادیشی بەناوی شابودن موسلم وون بووە، تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی کارگێری و ئابووری کارگێری ڕێکخراوە گەشتیارەکان بەناوی شۆخان هاشم علی وون بووە، تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنفێست بەناوی شرکە سردار جۆری ئۆتۆمبێل نیسان پیکەپ دبل قەارە مۆدیل ٢٠٠٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٩٤٩٥ ژمارەی شاسی DD23SV6X1993791-JN6 وون بووە، تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەی عسکری بەرگری فریاکەوتن سەر بە وەزارەتی ناوخۆ پلەی رائید بەناوی اسماعیل مصطفی فقی احمد وون بووە، تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگە لە فەرماندەی گەرمیان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی مؤید لطیف عمر خطاب وون بووە، تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ١٥٨١٤ بەناوی حسن اسعد حسن وون بووە، تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

الاعتماد اللبنانی
CREDIT LIBANAIS
التاريخ: ٢٠٢٠/١٠/٧
العدد: ١٠٧٠
اعلان

قرر مجلس ادارة (بنك) الاعتماد اللبنانی ش.م.ل غلق فروعه داخل العراق وحسب موافقة البنك المركزی العراقی بكتابه المرقم ٧٩٨٢/٢/٩ تاريخ ٢٠٢٠/٦/٢٨ يرجی من الزبائن الكرام مراجعة فروعنا فی العراق (بغداد و اربيل) لغرض سحب و دائعهم و تصفية متعلقاتهم فی المصرف.

ادارة (بنك) مصرف الاعتماد اللبنانی ش.م.ل

* * *

اعلان طلب بيان الاهتمام

هيئة الاستثمار - المديرية العامة للاستثمار في محافظة أربيل

رقم المناقصة: ٢٠٢٠/٤ الاشراف

المهمة الاستشارية: الاشراف الهندسي علي تنفيذ الشمروع السكني (Sun Tower) في مدينة أربيل

تدعوا هيئة الاستثمار/ المديرية العامة للاستثمار في محافظة أربيل المكاتب الاستشارية المؤهلة (الاستشارين) على بيان اهتمامهم في تقديم الخدمات الاستشارية (الخدمات) للاشراف الهندسي علي تنفيذ المشروع السكني (Sun Tower) الذي يقع ضمن حدود البلدية لمدينة أربيل ويتكون من (٥) عمارات سكنيه و كل عماره يتكون من (٢٢) طابق +بيتونه والتي يتضمن ١١٨٨ شقه سكنيه بمساحات مختلفه+بنايه تجاريه+مدرسه ابتدائيه+مركز صحي+مركز اطفاء+ساحات توقيف السيارات+مناطق خضراء واماكن خدميه مدة تنفيذ المشروع ٣ سنة وهي فتر تقديم الخدمات يجب علي الاستشاريين المهتمين تقديم المعلومات التي تبين علي انهم مؤهلون و لديهم خبرات لتنفيذ الخدمات. معايير اعداد القائمة المختصرة هي:

* تقديم وثائق تؤكد التسجيل وبشكل اصولي في إقليم كوردستان قبل فترة لاتقل عن ٣ سنوات.
* تقديم ما يثبت بإنجاز الاشراف الهندسي علي تنفيذ المشاريع الانشائية المماثلة في الإقليم خلال الثلاث السنوات الماضية.
* تقديم ما يثبت على توفر الكفاءات المهنية و الإمكانات الفنية و الهندسية و الموارد البشرية اللازمة لاداء المهمة.
* تقديم الاعمال و الخدمات قيد التنفيذ ان وجدت.
* لايجوز لكل مكتب استشاري ان يقدم خدمات الاشراف لاكثر من مشروعين اثنين في ان واحد
* سوف يتم اختيار الاستشاري بموجب تعليمات تنفيذ التعاقدات الحكومية رقم ٢ لسنة ٢٠١٦ (التعليمات) وهي مفتوحة للجميع الاستشاريين المؤهلين و بموجب أسلوب الاختيار المبنی علی أساس الأقل كلفة وجودة مقبولة – Leas Cost Selection LCS المذكورة في التعليمات.
* يمكن للاستشارين المهتمين الحصول على العلومات إضافية و شراء نسخة من الشروط المرجعية TOR للمهمة الاستشارية في ديوان المديرية العامة للاستثمار في مدينة أربيل من الساعة ١٠ صباحا لغاية الساعة ٢ بعد الظهر لقاء دفع مبلغ نقدي قدرة ١٠٠٠٠٠ دينار فقط مائة الف دينار غير قابل للرد.

يجب ان تسلم ابداء الاهتمام كتابة وفی ضرف مغلق الى العنوان المدون ادناة بالید قبل او في الساعة ١٢ ظهرا ليوم الثلاثاء المصادف ٢٠٢٠/١١/٢ أجور نشر الإعلان علی الاستشاري الذي يحال علية أداء الخدمة الاستشارية.

ديوان المديرية العامة للاستثمار في أربيل
مدينة أربيل-بجانب رئاسة البلدية
رقم الموبايل: ٠٧٥١٨٠٧٨١٣١
سامان عارب صادق

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٤٦٠/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٤

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو/ کۆستان حسام الدین ناوی دایکی/ نیگار حمە سعید
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ شانیا غفور علی ناوی دایکی/ کۆستان حسام الدین

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لە ڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەتان لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٤٦٠/ك/٢٠١٧ وە بریاردرا تاوانبار بکرێن بە پێی مادەی ٤٥٦/أ لە یاسای سزادان حوکمدرا بەسەرتاندا بە بەندکردنتان بۆ ماوەی ٣ ساڵ بۆ هەر یەکێکتان وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆتان هەیە خۆتان ڕادەست بکەن بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)تان هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ د. نەرمین ابوبکر محمد

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٣٦٤٥/ج/٢٠١٣
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٩/٧

بۆ/ تاوانبار بەرهەم بهزاد امین

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٣٦٤٥/ج/٢٠١٣ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٤٥٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا ٤ مانگ بەندکردنت. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/سروەر علی جعفر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٦٨٩/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٥/١٣

بۆ/ تاوانبار هەام یاسر طارق علی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٦ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٦٨٩/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٣/٤١٣ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا ٤ مانگ بەندکردنت. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ سروەر علی جعفر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٢٥٩٢/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٩/١٤

بۆ/ تاوانبار شاد حمە سعید حمە علی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٥٩٢/ك/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٤٥٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا ٤ مانگ بەندکردنت. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ سروەر علی جعفر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٢٥٩٢/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٩/١٤

بۆ/ تاوانبار شاد حمە سعید حمە علی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٣٦٤٥/ج/٢٠١٣ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٤٥٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا ٤ مانگ بەندکردنت. وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ زیاد بشیر محمد علی

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی / ٢

ژمارە : ١٠٢٨ / ب / ٢٠٢٠
بەروار : ٤ / ١٠ / ٢٠٢٠

ئاگاداری

داواکار : زریان عمر قادر
بۆ داوالەسەرکراو : نەوشیروان حمە صالح حسن

بۆ داوالەسەرکراو لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە داواکار لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردی بە ژمارە (١٠٢٨ / ب / ٢٠٢٠) تایبەتە بە قەرز بە بری (٥٠٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دیناری عراقی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بۆیە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەت لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونت بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠٢٠/١١/١٠) کاتژمێر (٩:١٠) دەقە یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .

دادوەر / کمال رضا احمد

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٤٠٧ / ب / ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٧

جاردان

بۆ داوالێکراوان/ ولید و ئاسر و نوزاد و ایڤان و بتول و برنادیت و اکرم و احلام و الهام و ژیان و ڤیان کوران و کچانی یوسف یلدا یوسف سەرەڕای میراتگریان شوێنی نیشتەجێبوونیان نادیار.

داواکار (سالم سولاقا یعقوب) داوای ژمارە ٤٧٠/ب/٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (دانی جیاوازی نێوان دوو نرخ (فرق بین البدلین) مولکی ژمارە ٦١٨/١ کەرتی ٥ عەنکاوە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونتان لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١١/٢٢ کاتژمێر: ١١ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١١٢٧٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (SUN SHOWER)
بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (SUN SHOWER) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (هیمن احمد عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروار ٢٠٢٠/١٠/٦

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Sun Shower) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ هیمن احمد عثمان
ناونیشان/ هەولێر/ ژووری پارێزەران
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥١٤٤٩١٤١٣

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١١٩٣٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Rignet) بۆ
(خزمەتگوزاری گەیاندن / سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Rignet) بۆ (خزمەتگوزاری گەیاندن / سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (حمید ابوبکر علی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروار ٢٠٢٠/١٠/١٥

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (هامون) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی / سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ محمد میکائیل حمد
ناونیشان/ هەولێر/ ژووری پارێزەران
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٨٧١٩١٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٠٩٥٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هامون) بۆ
(بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (هامون) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (محمد میکائیل حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروار ٢٠٢٠/١٠/١

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Rignet) بۆ (خزمەتگوزاری گەیاندن / سنوردار)

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ حمید ابوبکر علی
ناونیشان/ هەولێر/ ژووری پارێزەران
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢٢٤١٧٧

سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٠١/٢/٢/ ٣٠٥٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨
ئاگەهداری
لدویف نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (٤٤٤٤ ل ٢٠٢٠/١٠/١) و ئاماژە ب نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانێ ل دهۆکێ یا ژمارە ١١٦٧ ل ٢٠٢٠/٩/٢٩ سەبارەت دروستکرنا نەخشێ روونکری بو پارچە زەڤیا ژمارە ٩٥/٥ کەرتێ ١٣ تلکبر ئەوا رەگەزێ وێ خزمەت گوزاری لدویڤ نەخشێ روونکری یێ ژمارە ٣٠٢ شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوەلاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیە روژا هەر ژ روژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ ل روژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.
ئەندازیار
بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٦٨٥/ب/٢٠١٩/٤
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٥
جارِدان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری کۆمپانیای مولیکس/سەرەرای کارەکەی)
داواکار (کۆمپانیای سنور) داوای ژمارە (١٦٨٥/ب/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/گەرەکی گوندی ئیتالّی) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی (٢٠٢٠/١٠/٢٦) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادەر/کاوە صدیق حسین
* * *
دادگای باری کەسیەتی رانیە
ژمارە/ ٣١٤/ش/٢٠٢٠
رۆژ/ ٢٠٢٠/١٠/١٤
ئاگاداری
بۆ داوالێکراو: روپاك عمر پیرە ئیستا شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە
داواکار : عمر حاجی ابراهیم داوای ژمارە ٣١٤/ش/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لە رۆژی ٢٠٢٠/٨/٣٠ بۆ قطعی نفقە لەبەر ئەوەی ئیستا شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بەپێی رووبکردنەوەی پۆلیسی کیوەرەش و پشتگیری موختاری کیوەرەش بۆیە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆ کە لە رۆژی ٢٠٢٠/١١/٣٠ لەم دادگایە ئامادەبێت یان بریکاری یاسایی بنێریت بەپێچەوانەوە ئەم دادگایە بەناداری و ئاشکرا کاری یاسایی خۆی دەکات.
دادەر/ حبیب حمید علی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٩٩٩/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت:٢٠٢٠/١٠/١٨
ئاگادارکردنەوە
بۆ داوالێکراو (ئاوات عبدالله حسین)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بە داوای ژمارە (٥٩٩٩/ش/٢٠٢٠/٣) تایبەت بە داواکار پەریا حسین رضا و داوالێکراو ئاوات عبدلله حسین دادگا لەبەروای ٢٠٢٠/١٠/٧ بریاریدا بە جیاکردنەوەی هەردووکتان لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کۆمەلگای روشنبیری لاوان/هەولێر بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بڵاوکردنەوەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی
* * *
بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی یاسایی و گرێبەستەکان
ژمارە/ ١٣١٥٧
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١٨
جاردانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری یەکەم
بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی و گرێبەستەکان هەلدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بەپێ یاسایی فرۆشتن و بەکرێ دانی مولکی دەولەت ژمارە ٣٢ لە سالی ١٩٨٦ لە رۆژی پێنج شەم رێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٩ کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی لە دیوانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بە مەبەستی بەکرێدانی گەراجی ن. فریاکەوتنی رۆژهەلات هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە پێویستە بارمتەی یاسایی ٢٠٪ لە بەشی ژمێریاری دابنێت وە کریار پابەندە بە دانی ٢٪ نرخی پێشکەشکراو وەك کرێی راگەیاندن و خزمەتگوزاری.
بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی.
دکتۆر
دلۆڤان محمد فاتح جلال
بەرێوەبەری گشتی
* * *
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
جاردان داواکاری سەرلەنوێ
تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێی ئەو داواکاریەی لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١١ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٢١/٣٢٠٧) کەرتی (٧٢ دارەتوو) بەناوی: بەرێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی هەولێر رەفتارەکان کە لەژێر دەستیەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی و بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتیەکەی بۆ ئەوەی بەقێی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە ٤٣ سالی ١٩٧١ تۆمار بکرێت. بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ رۆژ) لە رۆژی بڵاوکردنەوەکە بەلّگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
تێبینەر/ محمد سلێمان محمد
* * *
وەزارەتی ناوخۆ
بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١٦٤٧٣
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨
ئاگاداری ژمارە (١٠)ی ٢٠٢٠
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دابین کردن و چەسپاندنی هێلیایەکانی هاتوچۆ لەگەل بۆیەکردن، گاردرێل، تاسەی پلاستیکی، رێکخستنی چوار ریان.....بۆ سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆروبەر) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراوبێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- کۆمپانیا تایبەت مەند بێت بە خزمەتگوزاری پاککردنەوە.
٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٣- فرۆشتنی تەندەر رۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەرۆ دەبێت.
رێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ
* * *
وەزارەتی ناوخۆ
بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١٦٤٧٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨
ئاگاداری ژمارە (١١)ی ٢٠٢٠
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دابین کردن و چەسپاندنی هێلیایەکانی هاتوچۆ لەگەل بۆیەکردن، گاردرێل، تاسەی پلاستیکی، رێکخستنی چوار ریان.....بۆ سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆروبەر) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراوبێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ رۆژی (چوار شەممە) رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٤ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- فرۆشتنی تەندەر رۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەرۆ دەبێت.
رێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا/ ٤٠٩/ش/٢٠٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو/ بلال نبی قاسم
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئەم دادگایە بریاری دا لە رۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٢ لە داوای ژمارە ٤٠٩/ش/٢٠٢٠ بە جیابوونەوەت لەگەل داواکار منیجە سعید علی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری سنووری گەرەکی خۆراگر/ کەسنەزان بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیێنرێت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و تۆش مافی پێداچوونەوە و نارەزاییت هەیە لە ماوەی یاسایی دا وە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ ناطق شمس الدین کوخا
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ٣١٨/ب/٢٠٢٠/٣
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٤
داواکار: پاوان سعید محمد
داوالێکراو: ازاد جعفر و اختر حسین عبدلله و رێباز عمر حمید
شوێنی مولك/ هەولێر/گەرەکی خانقاە شوێنی باجی دەرامەتی کۆن.
ژمارەی مولك/ ٧٥٢ کەرتی ٢٠٨ تیراوە
پێکهاتەکەی سەری/ پێکهاتووە لە بالەخانەیەکی چوار نهۆمی بۆ هەر نهۆمێك ٣٩ دوکان دەکاتە ١٥٨ دوکان لەگەل دوو نهۆم سرداب
رووبەر/ ٢٢٩٦م٢
نیشتەجێ/ غەمگین صدیق مراد و نهاد یوسف محمد و زانا تحسین حسین و لقمان حسن عزیز و ماهر صالح سعید و کاروان یوسف احمد و طاهر محمد امین احمد گشت کرێچییەکان لەکاتی فرۆشتن دەرناچن
نرخی خەملاندن/ ١٠,٠٨٩,٦٠٠,٠٠٠
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣١٨/ب/٢٠٢٠/٣ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رۆژانە جا هەرکەسێك نیازی کرینی هەیە هاوبەشەکەی بێ یان هاوبەشەکەی بێت یان هاوبەشەکەی نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دادبینی کردنی رێژەی یاسایی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە/ ٦٦٠/ب/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/١٠/٤
ئاگاداری
داواکار/ خسرو فریق حمە فرج بریکارەکەی پارێزەر ناصح جمال لطیف داوالەسەرکراوان/ شوان طالب عبید و کاروان طالب عبید و ڤیان طالب عبید داواکار ئەم داوایەی لەسەر ئێوەو داوا لەسەرکراوانی تر تۆمارکردووە کە ناویان هاتووە لە داوانامەکەدا و داوای لابردنی فرەبەشی دەکات مولکی ژمارە ٠/٢٦٠ سەرشەقام بەشکردن لە نێوانتاندا ئەگەر شیاوی بەشکردن بوو وە بە فرۆشتن ئەگەر بەشیاوی بەشکردن نەبوو، وە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆییەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٧ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بە دادبینی داواکە دەڕوات.
دادەر/ د. ئاوات عمر قادر
* * *
دادگای بەرایی لە پشدەر
ژمارە: ١٦٩/ب/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگانامە
داواکار/ مهدی فرج احمد
داوالێکراوان/١- ئاسیا محمد قادر ٢-ئالان خالد مصطفی
بۆ داوالێکراوان/ ١- ئاسیا محمد قادر کە پێشتر دانیشتووی (قەڵادزێ) گەرەکی (خانەقا) بووینت بەڵام ئێستا نیشتەجێ بوونت نادیارە. ٢- ئالان خالد مصطفی کە پێشتر دانیشتووی (قەڵادزێ) گەرەکی (خانەقا) بووینت بەڵام ئێستا نیشتەجێ بوونت نادیارە.
داواکار داوای ژمارە(١٦٩/ب/٢٠٢٠)ی ئەم دادگایە لەسەرتان تۆمار کردووە و تیایدا داوای کردووە کە دادگا پابەندتان بکات بە تۆمارکردنی پشکی خۆتان لە مولکی ژمارە(١/٦٢) کەرتی (٢٩)ی حصار کە بڕی (١١) پشکە بۆ سەر ناوی داواکار لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرەی پشدەر کە بە بڕی(٧٠٠٠) حەوت هەزار دۆلاری ئەمریکی فرۆشتووتانە بە داواکار لە دەرەوەی فەرمانگەی تایبەتمەند , دە رێکەوتی(٢٠٢٠/١١/١٨) دیاری کراوە بۆ دادبینی بە هۆی (٢)دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە. ئەگەر لە رێکەوتی دیاری کراو بۆ دادبینی خۆتان یان بریکارێکتان نامادە نەبن دادگا دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدات سەبارەت بە ئێوە بە گوێرەی یاسا.
دادەر / عمر ابراهیم محمود
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٠٦ /ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ١٨ / ١٠ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : حکمت اسماعیل طاهر
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٤٠٦ /ش/٢٠٢٠) ل روژا (٢٠٢٠/٩/٢٩) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (ژیان اسماعیل عمر) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامەیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادەر / دارا طاهر توفیق
* * *
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە
پەیوەندیدارەکان و کۆمپانیاکان
ئاگاداری گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە کۆمپانیاکەمان کۆمپانیای (چیمەنتۆ یەکگرتوو/ سنوردار) پاکتاو دەکرێت وە هەر کەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لای کۆمپانیا هەیە ئەوا لە ماوەی ١٠ رۆژدا لە بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە پەیوەندی بکات بە پاکتاوکاری کۆمپانیا ناوی هاتووە بەرێز (عبدالواحد طاهر صالح) کە بەبڕیاری پاکتاوکاری کۆمپانیا ناوی هاتووە بە ژمارە ٤٢١٨ لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٥ یاخود ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا لە سلێمانی گەرەکی رزگاری شەقامی بازنەیی مەلیك محمود. ژمارەی موبایلی پاکتاوکار: ٠٧٧٠١٥٣٤٨٨٤
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/٢٣٢٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨
ئاگاداری
بۆ/ سامان برهان سعدی
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەینین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (دانا نوری عبدالله) کە بڕی (٦٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
* * *
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/٥٨٣/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/١٤/١٠/٢٠٢٠
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (ایوب صلاح رمضان) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠٢٠/١٠/٧ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا تەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (سرگول کفلی عبدالله) بریاردا ب (النفقة الماضیة والمستمرة للمدعیة وطفلتها خناف) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکارا و تە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٣٢٥٩/ ٢٠١٩
رێکەوت/١٨/١٠/٢٠٢٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (محمد ایوب رؤوف)
ژبەر نەزانینێ نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) رۆژا ژ روژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراوات التنفیذیە) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیە الجبریە) بین
ریبر سلمان خالد
رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٢٢٢/ت/ ٢٠١٩
رێکەوت/١٤/١٠/٢٠٢٠
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (نهلە محمد سعید) د مولکێ ژمارە (٢٩٠/١) کەرتی ٤٣ کیفلان) دا بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووبکن :-
ژمارە وجە :- (٢٩٠/١ کەرتێ ٤٣ کیفلان)
رەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
رووبەر :- (١٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (١٠٥٤٠٠٠٠٠) سەد وپینج ملیون وجوار سەد هزار دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد
نیوار میکائیل حسن
* * *

شركة الريباس AL-REBASS
الرقم/
التاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٧
السادة/ اعضاؤ الهيئة العامة لشركة الريباس للدواجن والاعلاف المحترمين
م/ عقد الاجتماع
تحية طيبة...
استنادا الى الفقرة (ثانيا) من والمادة ٨٧ الفصل الاول / الفرع الاول (تكوين الهيئة العامة و اجتماعاتها)
تقرر دعوتكم لحضور اجتماع الهيئة العامة المقرر عقده في الساعة العاشرة من صباح يوم الخميس الموافق ٢٠٢٠/١٠/٢٩ في مقر الشركة في اربيل.
علما ان جدول الاجتماع يتضمن الاتي:
١- مناقشة و اقرار الحسابات الختامية للسنة المالية المنتهية في ٢٠١٩/١٢/٣١ بعد المصادقة عليها و رفعها من مجلس ادارة الشركة.
٢- انتخاب رئيسا جديدا لمجلس ادارة الشركة خلفا للمغفور له المهندس هيثم محمود احمد.
راجين الحضور في الزمان و المكان الحددين.
موقع/ محمود حسن الحافظ
نائب رئيس مجلس الادارة

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٥٢٣
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کل الاقوام)
بۆ (بازرگانی زێر/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کل الاقوام) بۆ (بازرگانی زێر/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (رزگار احمد محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کل الاقوام) بۆ (بازرگانی زێر/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر) پاکتاوکار/ رزگار احمد محمد
ناونیشان/ هەولێر/ وەزیران
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٤١٦٥٧




فەرمان هیدایەت دووپەرتوک لەبارەی نهێنی سایکۆلۆژیای زمانی جەستەو نهێنی مێژووی دێرینی کورد بەناو نیشانی ڕێنواری ڕەچەڵکی کورد دەنووسێتەوە بڵاو کردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

نووسەر و ڕاوێژکاری بواری زمانی جەستە وپەیدەند پیەکۆمەڵایەتیەکان،فەرما هیدایەت دەربارەی دووبەرهەمی نوێی کەدوو پەرتوکە بەخەباتی گوت: نهێنی سایکۆلوژیای زمانی جەستە و کەسێتی بەهێز بەرگی دووهەم وچاپی حەوتەمی ئەوپەرتوکە تەواو دەکەم کەتێدا چەندین زانیاری نوێ لەسەر جەستە و زمانی جەستە و ئەندامەکانی جەستەوپەیامە شاراوەکانی مرۆڤ لەهەندێك ڕەفتار وکرداریدا چۆن ئەونهێنانەئاشکرابکەین،زمانی جەستە کاریگەرییە پەهانەکانی چین لەسەر ئێمە و چوار دەورمان؟

دواتر سەبارەت بە پەرتووکی ڕێنواری ڕەچەڵکی کورد،فەرمان هیدایەت گوتی: لەم پەرتووکەدا زۆر نهێنی مێژووی دێرینی کوردم ئاشکراکردووە کەتائێستاپەنهابوونەوە، لەوانە نەریت و زمانی ئێستای کوردی دریژکراوەی سۆمەرێکان وئەوان باپیرە گەورەی کوردن،کرواتیکان چۆن کوردن لێکۆڵینەوەکانیان چین لەسەر ئەو ڕاستیە ، هەروەها ئیمپراتۆرێتی گەورەی میتانی خۆڕی چین ئەوانە زوردێرینن (نەفەرتیتی) کچەشازادەی میتانی کورد،چۆن ینی خواوەندی ئاممونی گۆڕی و شوڕشێك و ئاینێکی نوێ ڕە نگو و بۆڕی زەردەشتی دانا،هەروها چۆن کراوتییەکان بنەماڵەی ئەم کچەبوونە لە ڕۆژ ئاوای کوردستانی ئێستاگیرساونەتەوە ،لەسەرئەوخاکەی پێی دەگووترێت کراوتیا، هەروابێتەوە لەسەر مێژووی شۆڕشەکان وسەرکردە شوڕگێڕەکانی کورد زانیاری مێژووی نوێم ئامادەکردووە، سەبارەت بەچاپکردنی دووپەرتووکی جیاواز بەیەکەوە ،فەرمان هیدایەت گوتی: بەهێزکردنی کەسێتی نەوەی تازەی کورد لەڕێی زمانی جەستەوە بەهێزکردنی بڕوای مێژوویان بەنەتەوەکەیان لەهەمان کاتدا کاریگەری گەورەی بەسەرکەسێتی وپێگەیاندنی نەوەی کورد هەیە بویەمەبەستی خۆم لەپێکەوە بەچاپگەیاندنی ئەو دوو پەرتووکە پێشکەشکردنی نەوەیەکی نمونەیە بۆ نەتەوەی کورد بەتایبەتی لەکەرکوك دا.



لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەرییەوە

نامەیەک بەر لە 94 ساڵ لە فوئاد زێدانەوە بۆ شێخ مەحمودی حەفید

ئەم نامەیە کە لە بەیروتەوە، لە لایەن فؤئاد زێدان سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الکشاف)ـەوە، بۆ شێخ مەحمودی حەفید، لە 26ی کانوونی یەکەمی 1926 نووسراوە. نامەکە بە شیعر نووسراوە، فوئاد زێدان لە کۆتایی شیعرەکەدا، دەڵێ ئەم قەسیدەیەم پێشکەشی شێخ مەحمود کردووە، بەناوی (رابەری گەورەی کوردستان شێخ مەحمودی موغەزەم) ناوی هێناوە، دەشڵێ خوا پشتیوانی بێت و بەسەر دۆژمنەکانیدا سەری بخات و سەرکەوتوو بێت.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئەو نامەیە گەیشتووەتە کوردستان یان هەر لە لوبنان ماوەتەوە، مامۆستا مومتاز حەیدەری کە نامەکەی پاراستووە بە (خەبات)ی گوت: «نەخێر لە لوبنان نەماوەتەوە، ڕاستە نامەکە لە بەیروت نووسراوە، بەڵام گەیشتۆتە کوردستان و بە دەستی کۆچکردووی نەمر شێخ مەحمودی حەفید گەیشتووە».

منح الإله زعيمنا أبناء العظمْ
تتطايرت أخباره بين البشرْ
وتألقت مزع (و السيد أحمد) لأجله
نادى التهافي قائلاً نلت البشرْ
يا فارس كردستان بشراك بها
يا محيي مجد الذكر من بعد الغطرْ
لذ زلت للأعداء دوماً قاهراً
تروي حسامك من دم القوم الأشرْ
لذ زلت يا أبن الأكرمين مؤيداً
بالنصر والتأييد مادع المطرْ
يا أمة الأكراد نادوا وأسمعوا
بحبل زعيمنا (محمود) السامي الأغرْ

أهدي تحيتي العصماء الى الزعيم الكبير لكردستان الشيخ محمود العظيم، أيده الله بالنصر والتوفيق على أعدائه.

كاتبه
التيراني تعالى
صاحب جريدة أكبر في الوطن
بيروت: فؤاد زيدان.
١٩٢٦/ ثاني الأمد/ ٢٦

کێوی سەبەلان

شوێنەواری بەهەشتی زەردەشتییەکان

کەمال نوری مەعروف لەفارسییەوە گۆڕیوێتی



لە ئاوێستادا کێوی (سەبەلان) بەکێوی (هوکیریە) ناسراوەو بەقسەی مامۆستا (پورداود)یش کێوی (سولان) یان (سیلان) ە و لەئازەربایجانیش لای ئێرانییەکان لەشوێنی (تورسینا)ی ئیسرائیلیلەکانە.

خاقانی شیروانی شاعیری گەورەی چاخی شەشەمی کۆچی ئەو کێوەی بە قیبلەی زەردەشتییەکان وەسف کردووەو داناوە.

(یاقوت) لە (معجم البلدان) دا باسی کردووەو دەڵێ: (سیلان) شاخێکی گەورەیەو دەڕوانێت بەسەر شاری (ئەردەبێل) کە لە خاکی ئازەربایجاندایە، لەم شاخەدا، چەند گۆڕێك هەیە کە شوێنی ئەولیاو پیاو چاکانەو شوێنێکی بەرزو پیرۆزە.

(حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوینی) لە (نزهە القلوب)دا کە لەساڵی ٧٤٠ ی کۆچی نووسیویەتی وتوویە: کێوی (سیلان) لە ئازەربایجاندایەو شاخێکی بەناوبانگەو وڵاتی (ئەردەبێل) و سەرامو پێشکین و ئایادو ئاوچاقو خیاو لەبەردەم ئەم کێوە سەخت و بڵندەدان کە لە دووری (٥٠) کیلۆمەترەوە دەبینرێت بەمانا دوربییەکەی ٣ ڕۆژ ڕێگایەو لوتکەی شاخەکەش هەرگیز بەفری ناچێتەوە، هەروەها کانیاوی لێیە کە لە زۆرینەی ساڵدا ئاوەکانیان دەبێتە شەختەو شوێنی بوونەوەرە نامۆکانیشە.

لەپەیامبەری خوا (محەمەد) (د.خ) پرسی (سیلان) لە کوێیە؟ لەوەڵامدا وتی: شاخێکە لەنێوان تارمینیاو ئازەربایجان، و کانییەکی لێیە لەکانیاوەکانی بەهەشت و گۆڕێکی تیادایە لەگۆڕی پەیامبەرەکان، لەبڵاوکراوە ئیسلامییەکانیشدا ئەوە زانراوە کە شوێنێکی پیرۆزی ئیسلامەو کێوەکەشی شوێنی ئایینی کۆنی ئێرانییەکانە.

زەکەریای کوڕی محەمەدی قەزوینی کە لەساڵی ٦٠٠ ی کۆچی لەقەزوین لەدایك بووەو ساڵی ٦٨٢ لە عێراق مردووە لە کتێبی (اپار البلاد واخبار العباد)دا وتوویە: زەردەشت لە ئازەربایجاندا ژیاوەو لەناو مرۆڤدا گۆشەگیر بووەو لەکێوی (سیلان) خواپەرستی کردووەو کتێبێکی بەناوی (بستا) (ئاوێستا) داناوە.

(شەهرستانی) کە لەساڵی ٥٤٨ی کۆچیدا مردووە لە کتێبی (الملل والنحل)دا لەدایك بوونی ڕۆحی زەردەشت دەباتەوە بۆ کێوێك لە ئازەربایجان، هەرچەندە ناوی ئەو کێوەی نەهێناوە بەڵام وادیارە هەمان کێوی سیلان بێت کە بەرزترین کێوی ئازەربایجانە.

لەتەرجومەی فارسی (ملل ونحل)دا کە بەیارمەتی (ئەفزەلولدین صەدر)ی دووڕخراوە بۆ ئەسفەهان بەئەنجامگەیشتووە لە چاخی ٩ی کۆچی ئەوەمان پێدەڵێت: خواوند ڕۆحی زەردەشتی لەسەر دەرختێکی بەرز لەنگەر پێگرت لەبەرزایی کێوێك لەکێوەکانی ئازەربایجان و فەرمانیدا دەرختەکە سەوز بێت و (سێبەری زەردشت) یش تێکەڵ بەشیری مانگا بێت، لە ناویا جووڵاتەوە ئەوسا باوکی زەردەشت ئەو شیرەی کردووەتە خۆراك و نوتفی ئەو لە ڕەحمی دایکی زەردەشتدا سوڕاوەتەوەو بووەتە پارچەیەك گۆشتی زیندوو، بەو جۆرە کاتێك لەدایك بوو بەپێکەنین و ئاوازی خۆش دونیای هەژاندو ئەوانەی لەوێ بوون گوێیان لێ بوو.

(میرخواند) لە (روچە الصفا) لەباسی فەرمانڕەوایەتی (گۆشتاسپ) دەڵێ: لەمێژووی (بناکتی)ی فەرهەنگی نووسراوا هاتووە کە زەردەشت حەکیمی ڕۆژگارێکی دیارو دەرکەوتوو بوو، ئەوکاتەی زەردەشت لەدایك بوو خەندە لەسەر لێوی بوو و ڕووی لەتەواوی ئامادەبوان بوو مەجلیسیش هەستی بەو ئاوازەی یان دەنگی خەندەی کردووە کە چۆن و بە چ شێوەیەك دەنگەکە گەورە بووەو بەرزبۆتەوە یان دەنگی خەندەی کردووە کە چۆن و بەچ شێوەیەك دەنگەکە گەورە بووەو بەرزبۆتەوەو بەشاخێك لەشاخەکانی (ئەردەبێل)دا ڕۆیشتووە.. پەرتووکێکیش لەڕێگەی کێوەکەو بنمیچی خانووەکەوە هاتۆتە خوارەوە، بۆ ناو دەستی، یەکێکیتر لەو چیرۆکانەی گەیشتووە ئەوە دەڵێ: (ئاتشی) کە بەمانای پشکۆی ئاگرە زەردەشت دەستی داوەتێ، بەڵام دەستی نەسوتاندووە، لەئاوێستاو پەرتووکەکانی پەهلەویشدا ئەوەی لەناوی ئەو کێوە دیارە وشەی (سولان)، یان وشەی ترە کە ئەو ناوەی لێوەرگیرا بێت، بەڵام نەبینراوە، لەوانەیە لەپشت ئەو ناوەشەوە ناوێتریش هەبێت، لەو کێوەدا زەردەشت بەپێی نووسینەکانی لە ساڵی خۆشیی و گوڵ و گوڵزاردا حەوت نامەی لەگەڵ حەوت (ئامشەسپەندەکانی هاوڕێکانیدا گۆڕیوەتەوە).

لەیەکەمیاندا توانیویەتی پرسیار لەئاهۆرامزدا بکات لەڕۆخی ڕووباری ئیتی لەدووەمیاندا لەگەڵ (وهو من) لەکێوی (هۆگرای پر ئاو لە سێیەمدا لەگەڵ (ئارتاوهێشتا) (ئاردییەهشت)ی ئاوی بەردەوام ڕۆشتووی، چوارەم لەگەڵ (شتویر) (شەهریوەر)ی میوانی خانووی لادێ، پێنجەم لەگەڵ (سپندارمژ) لەکانی گەورە کە لەتیۆری (ئاسنوند) دەرئەچێت شەشەم لەگەلَ (خورداد) لەکێوی (ئاسنوند)، حەوتەم لەگەڵ (ئامرداد) لەخاکی کەناری (دائیتی) و کێوەکانی (هۆگر)ی پر ئاوو گوڵ و ڕێخانەکە دوو لوتکە، بەیەکەوە لەدایك بوون کە (سیلان) یان پێکهێناوە، ئەو دوو لوتکەیەش لەبەرزترین کێوەکانی نزیك شاری (تەوریز)ن کە بەشێوەی دوو کەللە شەکری جودای تەنیشت یەکتری دەبینرێن، ئەم بۆچوونە لە پەرتوکەکانی تری پەهلەویشدا خۆی سەلماندووەو لە (بندهش)دا هاتووە: هەموو ئاوەکان لەکانی ئاردوییوری ئاناهیت) کە کانی پر ئاوی سازگاری خۆرئاوایە بەرچاو دەکەوێت، لەڕێگایدا سەد هەزار جۆگەلەی زێڕینی ئامادەکراو لەگەڵ ئاوی گەرم لەو جۆگەلانەوە بەرەو دامێنی کێوە بەرزەکە دەڕۆن و لەلوتکەکەیدا کۆدەبنەوە، لە لوتکەی ئەم کێوەدا گۆلاوی (ئۆرۆییس) هەیە کە ئاوەکان دەڕژێنە ناوی و لەوێوە بەجۆگەلەی زێڕینترادا ئاوەکان بەرەو دەرەوە دەڕۆن، لەبەرزاییەکی بەرامبەر بالای هەزار کەس بەرز ئاوەکان پەیوەستدەبن بێت خوای خۆر لێرەدا کێوی (هەکر) دەبینم پەیوەستبێت بە (ئیزدبانو ئاردیو ناهید) کە خوای پاریزەری ئاو بووە، ئاوی تەواوی خوای ئاویش لە ئاوێستادا (ئاردوی سور ئاناهیت)ەکە پێیانگەیشتووەو ناوەکەش لێکدراوەو (٣) وشەیەو هەرسێکیان سیفەن، بەشی یەکەم مانای (ئاردو) لەوشەی (ئارد) ەوەیە کە مانای بەرزمان دەداتێ، ئەوەش لە (گەردید)ەوە وەرگیراوەو وشەی (ئاردوش) لەئاوێستادا تەنیا ئاوی ڕووبارە، بەڵام لەگەڵ وشەی (سورو ئاناهیت)ی هاومانا بەزۆری یەکدەگرنەوە بەشی دووەم کە (سور)ەوە سیفەیەو مانای ڕێزو توانای هەیەو لە سانسکریتیشدا بەمانای دلێر دێ، بەشی سێیەم کە (ئاناهیت)ە سیفەیەکی جیایەو لەدوو بەش لێکدراوە، یەکەم (ئان) کە ئامرازەکانی نایەو دووەم ئاهیت کە بەمانای پیس و خراپ و ناپاك دێ، لە ئاوێستاشدا (ئاردیورناهید)ە شێوەی ناوی ڕووبار وەردەگرێ کە هاوشێوەی ناوی (ئیزدئاب) (یزدئاو) یان فریشتەی سەرپەرشتیاری ئاو، (ئاردیور ناهید)یش لە (ئابان یەشت)یشدا هەر بەو شێوەیە باس کراوە.

(ئاردیسور ناهید) ڕووبارێکە بەتەواوی ئاوی زۆرینەوە بەرەو بەرزایی کێوی (هۆگر) دەڕواو دەڕژێتە دەریای گەورە، (ئۆقیانوس) یش دەخاتە جۆش و خرۆش.

ڕووبارەکەش لەزستان و هاویندا بەخێرایی دەڕوا، هەریەکێك لەو ڕووبارەو دەریایەش بەئەندازەیەك گەورەو بڵندن کە سوارێك بەخێرایی ٤٠ ڕۆژ ڕێگا دەبڕێ و ئەوسا دەتوانێت پێیان بگات، یەکێك لەو ڕووبارانە سەرتاسەری زەوی حەوت کێشوەر ئاوەکەی دەیانگرێتەوە، لەرۆخی هەر یەکێك لەو ڕووبارو دەریایە کۆشکی هەزار کۆڵەکە بەهەزار دەرگای بچکۆلەی دەڕەوشاوە لەسەر (ناهید) کراوەتەوە، لەهەر کۆشکێکدا بەبااڵی دیوارەکانی پاکژو گوڵاوڕێژکراون و فەرش داخراوەو (ناهید)یش ژنێکی جوان و بااڵ ڕێك بڕۆ دەموچاو جوان و سەربەست و سروشت جوان و بازووەکانیشی سپیەو خۆشی ترسناکە.

سینەی دەرکەوتووی ئەسپەکانی بەکەمەربەستی تەنگ لەهەردوولاوە بەستراونەتەوەو گالێسکەکەش بەرزەو ئەسپەکانیش چوارن و لەتەنیشت یەکترن و ڕوو مانگن واتە یەکڕەنگن و یەك بەرزین و بەپێی یاسایەك دەکوژڕێن یان دەمرن.

ئەسپەکانی گالێسکەکەی ئەو واتە (ناهید) چەشنی باو هەور و باران و سەرمان (ناهید) بە ئاڵتوون جوان کراوەو گوارەی چوارگۆشەی لەگۆێدایەو لەبڵندترین چینی ئاسماندا دانیشتووە، (ناهۆرامزدا)ش لەبازنەی خۆردا پایەی ئەوی داناوە، بەفەرمانی پەروەردگار (ناهید) لەبەرزی ئاسمان باران و سەرماو بەفرو شەونم بەسەر زەویدا دەبارێنێ، بەهۆی پارانەوەی پیاوچاکان و خاوەن پیشەو ئەستێرەناسان لەبەرزترین لوتکەی کێوی (هۆگر) بۆ نزمترین بەخێرایی نوتفەی پیاوەکان ڕەحمی ژنەکان لەسەرخۆ پاك دەکەنەوەو لەدایك بوونیش لای ژنان سانا دەکەن و شیرەکەیان پاك دەبنەوەو سەرتاسەری وڵاتەکەش تیشك یان خۆشی و نیعمەت و مااڵی زۆر دەیگرێتەوە.

بەراوردکردنی ئەم ناوەڕۆکە بەو داوایانەی ناویانبرا لە (بەندهش)ی سەرچاوەی (ئاردویسوور ناهیدو کێوی هۆگر ئەوە دەزانن کە:

١-کێوی (سیلان) هەمان کێوی (هۆگر) ی ناوچەی تایبەتە بە (ئیزدئاو) بەمانا ئاردویسور ناهید کەوایدەبینم.

٢-ڕووباری ئارس هەمان ڕووباری (ئاردوی) یان ئاردویسور ناهیدی ناوبراوە، لەئاوێستا و پەرتووکەکانی پەهلەویشد کۆتایی ئەو ناوە بەناوی یەکێك لە ناوە فەرعییەکانیتر دێ کە لەشوێنی دیاریکراوی خۆیدا ناسراوەو دەرکەوتووە کە ڕووباری مانگەو لەسەر گورزشتەشدا خاوەنی کاریگەری مەزهەبی زیاتر بووە.

ڕووباری مانگ لەبەرزاییەکانی خۆرهەاڵتی کێوی (سیلان) تێکەاڵوی سەرچاوەی ڕووباری ئاوی ڕەش دەبێت و لەنزیك (ئاسااڵندوز) دەڕژێتە ڕووباری (ئارس)، (ئاراکس) لەنووسینەکانی یۆنانی – ڕۆمی.

کێوی (هۆگر) کە (سیلان)ە لەڕووی مەزهەبییەوە لەئێرانی کۆندا لەهەموو لوتکەی شاخەکانیتری کێوی (ئەلبورز) سەرچاوەی تێڕامان بووەو بڵندترین لوتکەی ئەم کێوەش لە شێوەیەکدا کە بزانم لوتکەی (ئەلبورز هەرائیتی)یەو لەئاوێستاشدا هەمان (دەماوەند)ە کە بەرزییەکەی لەڕووی دەریاوە ٥٧٠٠ مەترە، لە فەرهەنگی جوگرافیای ئێرانیشدا (سیلان) یەکێکە لە ژمارەیەك کێو بەاڵم لەکۆندا نزیك بووە لەکێوەکانی (ئەلبووز) و بەشاخێك لەزنجیرە شاخەکانی دانراوە.

سەرچاوە:

جواد مفرد کهلان/ گزارش زادگاه زرتشت و تاریخ اساگیری ایران تهران، چاپ اول ١٣٧٥، ل ٧١-٧٦.



یەکێتیی ئەورووپا بڕیاری دا درێژە بە دانوستان بدات لەگەڵ بەریتانیا

بە مەبەستی گەیشتن بە رێککەوتن سەبارەت بە پەیوەندییە بازرگانییەکان لە دوای بەریتانیا لەدوای بڕێکزیت ، درێژە بە دانوستان بدات و بانگەوازی لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە کرد کە ئامادەبن بۆ حاڵەتی نەسازان و رێکنەکەوتن. گوتەبێژی کۆنسەی یەکێتیی ئەورووپا، بارنیند لیتتس، لەکاتێکدا کە لووتکەی سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا دربژەی هەبوو، ئاماژەی بەوەکرد بڕیاری کۆنسەکە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەورووپا-بەریتانیا، پەسەندکراوە. لە بڕیارەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، لە قۆناغی راگوزەری بڕێکزیت، کە رۆژی 31ی کانوونی یەکەم کۆتاییدێت، یەکێتیی ئەورووپا بەرەوپێشچوونی پێویست بە ئاڕاستەی رێککەوتن لەگەڵ بەریتانیا تۆمارنەکردووە. سەرکردەکان داوایان لە سەرۆکی دانوستانکارانی یەکێتیی ئەورووپا، میشێل بارنیەر کردووە لە ماوەی هەفتەکانی داهاتوودا بەردەوامبێت لە دانوستانەکان و بانگەوازیان لە بەریتانیا کرد بۆ ئەوەی بتوانرێت رێککەوتنێك بکرێت، هەنگاوی پێویست بهاوێژێت. یەکێتیی ئەورووپا هەروەها جەختی کردووەتەوە لەوەی کە پێویستە بەریتانیا رێککەوتنی جیابوونەوە لە یەکێتییەکە و پرۆتۆکۆلەکانی رێککەوتنەکە بە تەواوەتی جێبەجێبکات. لە بڕیارەکەدا هاتووە: «کۆنسەی یەکێتیی ئەورووپا بانگەواز لە سەرجەم وڵاتانی ئەندام، دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوبەشان دەکات، کارەکانیان خێرابکەن بۆ ئەوەی بۆ سەرجەم دەرەنجامەکان، بە نەسازان و رێکنەکەوتنیشەوە، ئامادەبن و بانگێشتی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا دەکات بۆ ئەوەی پلانی تاکلایەنە لە بەرژەوەندیی یەکێتییە و دۆخی چاوەڕوانەکراو لەبەرچاو بگرێت».

هێنری ناڤار و فەرەنسا

ئا: لافاو عوسمان

لە سەدەی شازدەهەمدا جەنگە دەرەکییەکان و شۆرشە ناوخۆییەکان،کاریگەرییەکی گەورەیان لە تێکدان و لاوازکردنی فەرەنسادا هەبوو. بە شێوەیەك شارەکان چۆڵ کران و ئاگر زۆماریەکی زۆریانی کردبووە وێرانە و رێگاکان و هۆیەکانی گواستنەوە پشتگوێ خرابوون و بایەخیان پێ نەدرابوو، چەتە و رێگرەکان تا پێیان بکرایە فەساد و تاڵانیان بڵاو دەکردەوە،کشتوکاڵ و زەویوزار خراپ ببوون و بەهۆی راوەستانی بازرگانییەوە و بێکارییەکی زۆر بڵاوببوەوە، بەشی دەوڵەتیش لە هەموو ئەوانەدا ئیفلاسکردنی خەزێنە و لاوازبوونی جیهازی بەرێوەبەردنی حکومەت بوو. ئەمەش خانەدانەکانی هان دا کە دەسەڵات بگرن بە دەستەوە و پارزی نەبن چیتر وەلای خۆیان بدەنە دەست حکومەتی ناوەند. لە سەدەکانی ناوەڕاست هەندێ جار پاشایەکی بێهێز و بێ دەسەڵات، لە رێگای ویراسەتەوە هاتۆتە سەر تەختی پاشایەتی، ئەم پاشا بێهێز و بێ دەسەڵاتە ئەوەندە هێز و سوپای لەبەردەست دانەبووە، بتوانێ سەروەریی وڵات بپارێزێ و ئەمن و ئاسایشی بۆ دابین بکات و خانەدانەکان بێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئا لەم کاتانەدا هەندێ لە خانەدانەکان و ئەمیری هەرێمەکان، ئەو بێهێزی و بێ دەسەڵاتییەی پاشایان قۆزتۆتەوە و دەسەڵات و نفوزی خۆیان جیا کردۆتەوە و بەبێ گەرانەوە بۆ پاشا یان حکومەتی ناوەند، بە ئارەزوی خۆیان کاروباری هەرێمەکانی خۆیان ڕاپیکردووە. ئەو خانەدان و ئەمیرانە دەسەڵاتێکی تەواویان بەسەر ئەو هەرێمانەدا هەبووە کە خۆیان تێیدا ژیاون، هەر بڕیارێکی حکومەت و پاشا لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبواییە زۆر بە توندی بە گژ بڕیارەکاندا دەچوونەوە. خانەدانەکانی ئەو هەرێمانە چۆنیان بویستایە ئاوا لە لایەن خەڵکەوە خزمەت دەکران. هەندێ جار چاوچنۆکی و تەماحی خانەدانێك، وایکردووە خۆی وەك پاشای ئەو ناوە ببینێ و پەلاماری ناوچەکانی تەنیشت و دەوروبەری خۆی داوە و زەویوزاری داگیر کردووە و خستونیەتە سەر مەملەکەتەکەی خۆی. هەر بۆیە سەردەمی دەربەگ و خانەدانەکان لە سەدەی ناوەڕاستدا پر بووە لە زنجیرەیەك جەنگی خوێناوی و کارەساتبار، هەر بەو هۆیەشەوە وڵات لە نێو شەڕ و پێکدادانی بەردەوامدا نقوم ببوو. پاشا چاکسازەکان تاکو دەسەڵات و هێزی ئەو خانەدانانەیان لە ناوبرد و ئیمتیازاتەکانیان نەهێشت، توشی گیروگرفت و دەردەسەری زۆر هاتن. لێرەوە مرۆڤ سەرەتا وا هەستی دەکرد هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانە زۆرەی لەلایەن دەربەگ و خانەوادەکان دەدرا بۆ بەهێزی و خزمەتکردنی یەکێتی وڵات هەر لە سەدەی پازدەهەمەوە بە فیرۆ دەچیت دەبێتە پوشی دەم با.! بەڵام دەرکەوتنی هەندێ کەسایەتی بە هێز و دڵسۆز باروودۆخەکەی ڕزگار کرد، چونکە توانیان ئاسایش بپارێزن و رژێمێش بگەڕێننەوە سەر سکەی خۆی. لەم پێناوەدا کۆمەڵێ چاکسازی ئەنجام درا کە بووە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند و پاشایەتی ڕەها، ئیدی فەرەنسا لە سەدەی حەڤدەهەمدا بوو بە هێزترین دەوڵەت لە ئەورووپا. یەکەمین کەسێك لەوانە توانی هەیبەت بۆ فەرەنسا دروست بکات «هێنری ناڤار» بوو کە بە هێنری چوارەم ناسراوە.

مانشێت

دۆڕچە ڤیللە:



حکومەتی ئێران رایگەیاند بە گوێرەی بڕیاری ژمارە 2231ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ، ماوەی سەپاندنی سزای قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی چەك بەسەریدا کۆتایی هات.

ئێندیپێندێنت:



بە هۆی بنبڕکردنی ڤایرۆسی کورۆنا، لە هەڵبژاردنی ئەم وڵاتەدا ،جاسیندا ئەردیرنی سەرۆکوەزیرانی نیوزلەندا و کاندیدی پارتی کرێکاران زۆرینەی دەنگی وەدەست هێنا.

ئۆبزێرڤەر:



لە رۆژنامەیەکی نەمساویدا ،شارەزایەك نووسیویەتی : بەهۆی ئەو ئازادییەی کە لە جموجۆڵ و سیستمی داراییدا هەیە، نەمسا بۆتە گۆڕەپانێکی بەرفراوان بۆ سیخوڕیکردن ، بە جۆرێك ئێستا زیاتر لە 7 هەزار سیخوڕ لەو وڵاتە هەن.

یۆرۆ نیوز:



بە مەبەستی رێگەگرتن لە هەڵڕژانی پەنابەران ،سەرۆکوەزیرانی یۆنان رایگەیاند حکومەتەکەی بڕیاری داوە شورەیەکی ئاسنی لەسەر سنوورەکانی باکووری رۆژهەڵاتی وڵاتەکەی لەگەڵ تورکیا دروست بکات.

رۆژنامەی نەلشەرقولئەوسەت:



تا ئێستا زیاتر لە 22 ملیۆن دەنگدەری ئەمەریکی لە رێگەی پۆستەوە دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی وڵاتەکەیان داوە، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە.

تۆمەتی «دروستکردنی تۆڕی تاوان» درایە پاڵ سەرکۆماری پێشووتری فەرەنسا



لە میانی لێکۆڵینەوە لە سەرکۆماری پێشووتری فەرەنسا، نیکۆلا سارکۆزی بە هۆی دەنگۆی «بەدەستهێنانی پارە بە ڕێگای نایاسایی لە لیبیا بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری فەرەنسا لە ٢٠٠٧، ناوبراو تۆمەتی «دروستکردنی تۆڕی تاوان» دراوەتە پاڵ.سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی دارایی نیشتمانی فەرەنسا رایگەیاند کە جگە لە تۆمەتبارکردنی بە گەندەڵی، بەدەستهێنانی پارە بە ڕێگای نایاسایی لە لیبیا بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری فەرەنسا لە ٢٠٠٧، بە ڕێگای نایاسایی پارەی لە سەرۆکی ئەو سەردەمەی لیبیا، معەمەر قەزافی وەرگرتووە و هەڵمەتەکەی بەو پارەیە بەڕێوە بردووە».سەرۆکی لەکارلادراوی لیبیا، موعەمەر قەزافی بەر لە کوشتنی لە ٢٠١١ لە هەڤپەیڤێنێکدا گوتبی: «کاتێك سارکۆزی وەزیری ناوخۆی فەرەنسا بوو هاتە لام و داوای پارەی لێ کردم، منیش پێم دا. بەهۆی منەوە لە هەڵبژاردنەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا».خاوەنکار، زیاد تەقێدینیش لە ٢٠١٩رایگەیاند کە ئەو پێنج ملیۆن یۆرۆی لە لیبیاوە بۆ سارکۆزی بردووە.بەهۆی دەنگۆکانەوە لێپرسینەوەی بەرایی لە سارکۆزی لە ٢٠١٣دەستی پێکرد. دوای پێنج ساڵ لە لێپرسینەوەی بەرایی سارکۆزی لە ٢١ی ئاداری ٢٠١٨ لە پاریس دەستگیر کرا، نزیکەی دوای ٣٠کاتژمێر لە دەستگیرکردنی دەست کرا بە لێکۆڵینەوە لەگەڵی بە تۆمەتی «بەدەستهێنانی پارە بە ڕێگای نایاسایی لە لیبیا بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری فەرەنسا لە ٢٠٠٧، گەندەڵی و شاردنەوەی بودجەی تەرخانکراو بۆ لیبیا». ١٠ رۆژ لەمەوبەر سارکۆزی بە تۆمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لای دادوەر گوتەی لێ وەرگیرابوو.

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا و ئاکامەکانی



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

ساڵی 1788 بۆ یەکەمجار لە مێژووی کۆنفیدراڵییەتی ئەو سەردەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك بۆ وڵات ئەنجام درا کە تیایدا جۆرج واشنگتۆن بووە یەکەم سەرۆکی ئەم کۆنفیدراڵیەتە مەزنە ،دواتر ئەم پرۆسەیە بەردەوامی دا تا گەیشتە مێژووی ئەمڕۆمان ، ئەگەرچی سەرەتا هەڵبژاردنەکان بە چەندین قۆناخ تێدەپەڕین و ماوەیەکی زۆریشی پێویست بوو تا ئەنجامەکانی ڕادەگەیەنرا وەك ساڵێك یان دوو ساڵ، بەڵام پرۆسەکە بە ڕوونی بەردەوامی هەبووە کە ئێستا دەیبینین ململانێی تووندوتوڵە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی یەکەم لە (وایت هاوس) ماڵی سپی.. جیاوازی نێوان ئاستی دیموکراتی و پرۆسەی هەڵبژاردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و قەوارە و دەوڵەتانی دیکە زۆرە بەو دەسەڵاتەی کە ئەمەریکا هەیەتی و خاوەن گەورەترین دەسەڵاتی جیهانی هاوچەرخە ، هەر بۆیە هەڵبژاردن وپرۆسەی دیموکراتی لەم وڵاتە مەزنەدا جێگای بایەخ و هەڵوەستەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەر لە دامەزراندنی یان بە دروستی دروستبوونی ئەمەریکا(هیندیە سوورەکان) وەك خاوەنی ڕەسەنی ئەم خاکە ڕۆڵیان لە بنیاتنانیدا هەبووە ،بەمەش مێژوو ئەوەی تۆمار کردووە کە ئەمەریکای زلی ئێستا لە ڕووی ڕەسەنایەتیەوە مێژووەکەی دێرین نیە ، بەڵکو هاوچەرخە بە بەراوورد لەگەڵ دەوڵەت و وڵاتانی دیکەی سەر زەوی .. جەنگی نێوخۆیی ئەمەریکای بردە قۆناخیکی زۆر هەستیار و پر لە پرسیار بۆ مێژوو و ئایندەکەی ، ئەو جەنگە خوێناوییەی نزیکەی پێنج ساڵی خایاند و لە زۆر خاڵ و حاڵەتدا تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتان ، ئەم جەنگە نێوخۆییە هۆکارەکەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بوو ،چونکە دوای ئەوەی پاڵێوراوی کۆماریی ئەبراهام لینکۆڵن تووانی لە هەڵبژاردنی 1860 سەرکەوتن بەسەر رکابەرە دیموکراتەکەی جۆن بیرنکریج بەدەست بێنێت، جا ئەمە وانەیەك نیشان دەدات بەوەی لە مێژوودا تا ئەمڕۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ئەمەریکا بەردەوام و هەمیشە جێگای بایەخ و هەڵوەستە و مشتوومڕ بووە تا گەیشتۆتە جەنگی نێوخۆیی ، وێڕای ئەمانەش چەندین حاڵەتی نەخوازراو و سەرنجراکێش لە مێژووی هەڵبژاردنەکاندا هەڵوەستەی جۆراوجۆریان لەسەر کراوە، ئەگەر سەیری ئەم 30 ساڵەی ڕابردوو بکەین

بە ڕوونی ئەوەمان بەرچاو ڕوون دەخا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە زلهێزە بەردەوام ڕۆڵی لە ململانێکانی هەڵبژاردنەکاندا هەبووە ، بە جۆرێك کە (ئیسرائیل - عەرەب) وەك دوو لایەن و جەمسەری زیندوو و پر بایەخ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ڕۆڵ دەگێڕن چ بۆ کۆماریی یاخوود دیموکراتەکان کە وەك هەمیشە دوو لایەنی بەهێزی هەر جوڵانەوەیەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان ،بانگەشەی ئەمەریکا لە سیاسەت و ئابووری لە زۆربەی کاتەکاندا خۆی وێنا دەکات ، بەو حوکمەی کە ئەمەریکا وەك کار و کارتی سیاسی یان ئابووری جیهانی بەخۆی بەستاوەتەوە ، ڕێکخراوە ئابووری و دیپلۆماسی و سیاسی و هەتا تەندروستیەکان لە واشنگتۆن و نیویۆرك ولۆس ئەنجلۆس کارەکانیان دەسووڕێندریت ، جا ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەر هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتی لەم وڵاتە زلهێزەدا بەڕێوە بچێت ئەوە کاریگەری لەسەر تەواوی جیهاندا هەیە ، بەهۆکاری ئەوەی جلەوەکانی دەسەڵاتی جیهان کەوتۆتە دەست یان کۆمارەکان یان دیموکراتەکان،بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەك ئەمە جۆری سیاسەتەکە دواتر بەیان دەکرێت کە چۆن بۆ چوار ساڵ ئەمەریکا حوکمڕانی ئەمەریکا و جیهان دەکات . ئەمجارەیان تا ڕادەیەکی زۆر ململانێ و ڕکابەرەکانی کۆماری و دیموکراتی (ترامپ - بایدەن) جیاوازی لێ دەبینرێت بە جۆرێك کە نازانرێت هەڵبژاردنی ئەمساڵ بە چ شێوازێك یەکلا دەبێتەوە و ئاکامەکانی چۆن دەبن! لەلایەك پەتای (کۆڤید 19) سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە بە پلەی یەکەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لێی زەرەرمەندە چ بە گیان لە دەستدان یاخوود تووشبوون ، هەروەها پرسی ئێران و چەکی ئەتۆمی و ڕۆڵی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆ ئەمەریکا هێڵی سوورە ، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەورووپا بە گشتی و یەکێتی ئەورووپا بەتایبەتی ، وێڕای پرسی سنوورەکانی لەگەڵ مەکسیك و ئەمەریکای لاتین ئەمانە و چەندین لایەن وپرسی دیکە لە 3 ی نۆڤەمبەری 2020 یەکلا دەکرێنەوە ، ئاخوو ترامپ هەر لە (وایت هاوس) دەمێنێەوە ، یان جۆ بایدەن دەبێتە خاوەن ماڵ بۆ چوار ساڵی داهاتوو؟ .



نەخۆشیی شێتی مانگا

ئەم نەخۆشییە توشیی کۆئەندامی دەماری نەوەندی دەبێت، لە ڕێگای تەنۆچکەیەکی پڕۆتینی شێواو لە مێشکی ئاژەڵدا.

ئەم نەخۆشییە لە وڵاتە ئەورۆپییەکان سەریهەڵدا بەهۆی پشتبەستن لە خۆراکدانی ئاژەڵەکانیان بە سەرچاوەی پڕۆتینی ئاژەڵی دروستکراو بۆ زیادکردنی ڕێژی پڕۆتین تێدا.

نەخۆشیی شێتی مانگا بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە لە ڕێگای خواردنی گۆشت یان بەروبوومە گۆشتییە توشبووەکان، تەنانەت ئەگەر بە باشی کوڵاندرابێتیش، پڕۆتین شێواو گەرمی بەرز و پاکژکەرەوە و تیشک کاری لێ ناکات. نیشانەکانی لەسەر مرۆڤ لە شێوەی نیشانەی دەروونی و دەمارگیری وەك دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و لەبیرچوونەوەی بەردەوام و نیشانەکانی خەرەفبوون و ڕوودانی گرژی مەترسییداری ماسولکەکان کە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان، دەردەکەوێت. بۆیە پێویستە ئاژەڵی توشبوو بە نەخۆشیی شێتی مانگا لەناو ببردرێت بۆ ئەوەی نەخۆشییەکە بڵاونەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە کۆنترۆڵ نەکرێت. مەترسیی ئەو نەخۆشییە لەوە دایە کە چارەسەری نییە و بە ئاسانی ناتوانرێت نیشانەکانی جیابکرێتەوە.

بۆیە پێویستە هەرگیز سەرچاوەی پڕۆتینی ئاژەڵی و دروستکرا و سەرچاوە نەناسراو بەکار نەیەت بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی بەرزی پڕۆتین، باشتر وایە ئالیکدانی ڕەشەوڵاخەکان پشت بە پڕۆتینی ڕووەکی ببەستێت بۆ پاراستنیان لەم نەخۆشییە.

ڕێگاکانی ڕنینی زەیتوون

زەیتوون ڕووەکێکی دارکییە سەر بە ڕەگەزی زەیتوونە هەمیشە سەوزەکانە و بەڕێکی پڕ زەیت بەرهەمدێنێت لەگەڵ یەك جیاوازی لە پلەی پێگەیشتن و کاتی ڕنین. زەیتوون لێدەکرێتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکەی یان بۆ دەرهێنانی زەیت و گوشینی بۆ بەدەست هێنانی بەرزترین ڕێژەی زەیت ئەوەش دەگۆڕێت بە پێی شوێن و کات و تەرز و جۆری خاك و تەمەنی دارەکە، بە زۆر شێوەی جیاواز بەری زینووین لێدەکرێتەوە وەك:

یەکەم: ڕنین بە دەست، ئەوە بە باشترین شێوەکانی ڕنینی زەیتوون دادەندرێت، بەم ڕێگایە بەدەستهاتنی زەیتونێکی زەیت بەرز مسۆگەر دەبێت. ئەو زەیتوونەی بەدەست ڕنینی بۆ کراوە زەیتەکەی زۆر نایاب دەردەچێت. ئەو شێوازە کاریگەرە بۆ دارە تەمەن بچووکەکان و باڵا کورتەکان کە بەرەکەیان تەڕە یان ئەو دارانەی بە چڕی هەڵپاچین و بڕینی بۆ کراوە. پێویستە لەکاتە ئەنجامدانی ئەم شێوازە ڕنینە فەرشێك لە قوماش یان نایلۆن لە ژێر دارەکان پێش ئەنجامدانی کردارەکە ڕابخرێت پاشان بەرهەمەکە لە نێو کیسەی تۆڕدا کۆ دەکرێتەوە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا بەشێك لە گەڵای دارەکەن تێکەڵ بە زەیتوونەکە دەبێت پێویستە جودا بکرێنەوە بە کرداری بە بێژینگ کردن یان بە هۆی دانە بەر هەوایەکی بەهێز یان لە کاتی شۆردنی زەیتوونەکە بە ئاو لە کارگەی بەرهەمهێنانی زەیت پێش گوشینی بەهەمەکە بۆ دەرهێنانی زەیت، ئەو دارانەی باڵایان بەرزە و ڕاستن پێویستە شانەی دەستی بۆ ڕنینی بەرەکانیان بەکار بێت کە بەرەکەی قورس و پڕ زەیتن.

دووەم: ڕنینی میکانیکی بە هۆی ئامێرەوە، جۆری جیاواز لە ئامێرە هەژێنەرەکان بەکار دێت بۆ هەژاندنی قەدی سەرەکی دار یان لکەکانی هەڵگری بەرهەم یان لکە گەورەکان یان هەژاندنی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکە، بەڵام هەژاندنی بەری زەیتوون کاریگەری لەسەر جۆرەکەی دەبێت، لەم کاتەدا دەبێت پەلە لە کرداری گوشین بکرێت و دوا نەکەوێت. ئەم شێوازە ڕنینە تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورت ڕنینەکە ئەنجام دەدرێت و تێچووی کەمە و بۆ سەرجەم جۆرەکانی دار و لە هەموو شوێنێك ئەنجام دەدرێت، تەنها هەندێك زیانی هەیە وەك شکاندنی لکە کۆنەکان. سەرکەوتنی ئەو شێوازە ڕنینە بەندە بە زۆر پێگەیشتنی بەرەکە هەر چەند بەرەکە زیاتر پێگەیشت بێت هەژینەکە خێراتر و باشتر دەبێت.

سێیەم: ڕنینی هۆرمۆنی یان کیمیایی، لەم شێوازە ڕنینەدا مادەدەی کیمیایی وەك ئیسریل یات سۆڵ یان ئۆلیتال بەکار دێت کە گازی ئەسیلین بەرهەم دێنن، لە کاتی ڕشاندنی دارەکان ئەو گازە شوێنی لکاندنی بەرەکە بە دار لاواز دەکات، بە مەرجێك دارەکە بە تەوای بڕشێندرێت و گیراوەکە بگاتە سەرجەم بەرەکان، چونکە ئەو بەرانەی گیراوەکەیان پێ ناگات بەدارەکەوە دەمێننەوە. دوای 6 ڕۆژ لە ڕشاندن دەبێ چاوەڕوان بین ئەو ڕێگایە زۆر خێرایە تەنها 10 خولەك دەخایەنێت بۆ هەر دارێك، بەڵام تێچووی زۆرە بەهۆی گرانی گیراوە کیمیاییەکان و ئامێری ڕشاندن. پێویستە بارودۆخی کەش و هەوا بزانرێت، چونکە تەوژمی با و بارینی باران دەبێتە هۆی وەرینی بەرەکان پێش ڕنین.

چوارەم: ڕنین بەهۆی دارۆچکە، بە خراپترین شێوازی ڕنینی بەری زەیتوون دادەندرێت، تێدا دارێکی باریکی درێژ بەکار دێت لە بەر و دارەکە دەدرێت و زیانی گەورە بە دارەکە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی شکانی لکەکان و وەرینی ژمارەیەکی زۆری گەڵاکان، ئێستا ئەو شێوازە ڕنینە پشتی پێ نابەسترێت لە لایان باخەوانەکانەوە.

خۆراکی مرۆڤ لە ئایندەدا



زانا دانیارکییەکان لەو باوەڕەدان، لە ئایندەدا خۆراکە دەریاییەکانی وەك قەوزە و گوێچکە ماسیی و ماسیی بچووك شوێنی گۆشت دەگرنەوە، لەبەر ئەوەی تەندروستن و زیانیان بۆ ژینگە نییە.

ماڵپەڕی Frontiers Psychology دەریدەخات: پەروەردەکردنی ڕەشەوڵاخ لەگەڵ چەمکی بەرهەمهێنانی هاوڕێی ژینگە ناگونجێت کە ڕۆژهەڵاتیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا هەموو کەسێك ئامادە نییە واز لە خواردنی گۆشت بێنێت لە پێناو پاراستنی کەشوهەوا.

زاناکانی زانکۆی کۆبنهاگن لێکۆڵینەوەیان لەسەر هەڵسوکەوتی بەکاربەر کرد لە کاتی دەستنیشانکردنی خۆراك، لە ڕۆشنایی ئەوەوە پێشبینی دەکەن گۆشت لە سەبەتەی خۆراکی ئەورووپا بگۆڕدرێت.

وەك ئاشکرایە بەرهەمەکانی گۆشت تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە کە ژاپۆنییەکان بە (ئۆمامی) ناوی دەبەن، ئەو تامە بریتییە لە (لگلۆتاماتی سۆدیۆمی تاك) لەسەر زمانی مرۆڤ شوێنی پێشوازی L-gluamate هەیە کە هەست بەم تامە دەکات. کۆمپانیاکانی خۆراك توانیویانە ئەو خاڵە لە بەرهەمەکانیاندا بەکار بهێنن لە ژێر هێماکانی E600, E699. لە هەمانکاتدا ئەم تامە لە هەندێك خۆراکی ڕووەکی هەیە وەك گوێز و بڕۆکلی و تەماتە و کوارگی شیتاکی (قارچك) هەیە.

پڕۆفیسۆر (ئۆلی مورتیسن) سەرۆکی تیمی توێژینەوە لە بەشی زانستی خۆراك لە زانکۆی کۆبنهاگن دەڵێ: کەسانێکی زۆر بە پەڕۆشن بۆ تامی (ئۆمامی)، بۆیە پێویستە ڕێجیمی خۆراکی نەرم پیادە بکرێت کە توانای گۆڕینی هەبێت، تێدا کەسەکە بڕێکی کەم لە بەروبوومی ئاژەڵی وەك گۆشت و شیر و هێلکە شانبەشانی سەوزە بخوات، دەکرێت چاو بە پارچە گۆشتەکە بخشێنینەوە چونکە زۆرجۆر گۆشت هەیە.

زاناکان پێشنیار دەکەن کە خۆراکە دەریاییەکان ببنە شوێنگرەوەی سەرچاوەکانی ئێستای پڕۆتین و ترشە ئەمینییە بە سوودەکان، بە پێی قسەکانیان جۆری ماسی Spart توانای هەیە 20% ی پێداویستی دانیارکییەکان لە پڕۆتین دابین بکات، جگە لەوە زۆر جۆری ماسیی بچووك هەیە کە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی پڕۆتین سوودیان لێوەربگیرێت، هەروەها قەوزەکان هەمان سوودیان هەیە.

توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە 10 هەزار جۆر قەوزە هەیە کە تەنها 500 جۆریان بۆ خواردن سوودیان لێ وەرگیراوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە پێکهاتەکەیاندا ماددەی خۆراکی و ڤیتامینی بەسوود بۆ جەستە هەیە.

بە بۆچوونی پڕۆفیسۆر (مۆریتیسن) هۆکاری ئەوە بۆ کلتوور و بیروبۆچوونی کۆن دەگەڕێتەوە، کە گۆڕینیان ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، چونکە ئێمە نزیکەی ملیۆنان ساڵە گۆشت دەخۆین.

لەگەڵ ئەوەی قەوزە و گوێچکە ماسیی و گیا دەرياییەکان ترشی ئەمینی و ڤیتامینی گرنگیان تێدایە کە تامیشیان نایابە، بەڵام تاکو ئێستا دوودڵین لە پۆلینکردنیان وەك سەرچاوەیەکی خۆراکی. توێژەران لەو باوەڕەدان کە پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی خۆراك دوو تامە سەرەکییەکە (شیرین و ئۆمامی) لە بەرهەمەکانیان بەکار بهێنن، بیریش لەوە بکەنەوە تامی ئەو خۆراکە دەرياییانە سەرنج ڕاکێش بێت.

ئایا دەکرێت تەماتەی کوردستان هەناردەی ئەورووپا بکرێت؟



هاوسەر سیامەند*

لە ساڵی 2013 ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەسەر کۆمپانیایێکی ئیتاڵی ساسی تەماتە بڕاندی (ASDA)ی دەخستە بازارەوە، لەسەر بەرگی لیبلەکانی نوسرابوو بەرهەم هاتووە لە ئیتاڵیا کەچی دواتر دەرکەوت لەڕاستیدا هاوەردەکراوە لە چین.

کەیسی تەماتەی چینی دروستکراو لە ئیتاڵیا بەپێی یاسای ئەورووپی ئەوکاتە لەسەر لیبڵەکان پێویست بوو شوێنی ئەسڵی سۆسی تەماتەی پرۆسەکراو و لە قوتوکراوەکان بنوسرێت. لەنێوان ساڵانی 2012 بۆ 2016 ئاوی تەماتە و دۆشاوی تەماتە ی خەست لەچینەوە هاوەردەکراوە بۆ ئیتاڵیا بەبڕی 156 ملیۆن یۆرۆ کەدەکاتە دەوروبەری 54%.

لەبەر ئەوەی پێشووتر بەپێی یاسای ئەورووپی داواکراو نەبوو لە لێبڵەکان ئەسڵی ماددە سەرەتایەکان بنوسرێ کە لە دەرەوە هاوەردە کراون. کۆمپانیا ئیتاڵیەکان ئاو و خوێیان بۆ دۆشاوی تەماتەی خەستی چینی هاوەردەکراو زیاد دەکرد و دەیان فرۆشت یاخود دەیانکردە سۆسی تەماتە بەبێ ئەوەی یاسا بشکێنن. سەرەڕای ئەوەش لەبەر ئەوەی دۆشاوی تەماتەی خەستی هاوەردەکراو لەدەرەوەی ئەورووپا مەترسی هەبوونی ژەهراوی بوونی کەڕووەکان و قڕکەرەکانی ئافات و زیادکراوە خۆراکیەکان وڕەنگە دەستکردەکانی هەیە. هەروەها بۆ ڕەزامەندی پێویستی بە پشکنین هەیە بەپێی یاسای ئەورووپی بۆ هاوەردەکردن .

لەساڵی 2018 ببوە ناچاری و پابەندی کە دەبێت لەسەر هەموو لێبڵەکان ئەسڵی بەرهەمە خۆراکیەکان بنوسرێ (بۆ نمونە بەرهەمهاتووە لە ئیتاڵیا، سەرچاوە و لۆگۆ و ئاڵای لەسەر بێت ...)، بەڵام ئەوەش جیاوازە لەسەر ئەسڵی پێکهاتە سەرەکیەکان وەکو (لەچینەوە هاتووە بۆ ئیتاڵیا) بۆیە لەسەر لێبڵەکان دەبێت ئەسڵی پێکهاتە سەرەکیەکان بنوسرێت، پێکهاتە سەرەکیەکان یان سەرەتاییەکان نوێنەرایەتی 50% تەماتەکان دەکات. یاسای خۆراکی ئەورووپی لەساڵی 2010 مانگی چواری کۆنترۆڵی وردەکاری ڕێکارەکانی کرد، و یاساکانی جێبەجێ کرد لەژێر ڕۆشنایی (چۆن زانیاری بگاتە بەکاربەر سەبارەت بە پێکهاتە خۆراکیە سەرەتاییە بیانیەکان) وەکو ئەسڵی بەرهەمەکان و ئاماژە پێکردنیان کە جیاوازە لە تێدابوونی خۆراکەکان. ئەگەر تەماتە لەچینەوە بگاتە ئیتاڵیا لەوێشەوە بگاتە بەریتانیا بەبەراورد لەگەڵ کوردستان جوگرافی نزیکترە بۆیە دەپرسم ئایا دەکرێت لەداهاتوودا تەماتەی کوردستان هەناردەی ئەورووپا بکرێت؟

* ماستەر لەزانستی خۆراك (کوالێتی و سەلامەتی)



سەرۆکی لقی هەڵەبجەی یەکێتی هێزی جەستەیی-کلاسیکی عێراق:

بەداخەوە هێشتا ڕێگری لە خانمان دەکرێت بەشداری لە وەرزشی لەشجوانی بکەن

خەبات: عەلی بانیشاری

27 ساڵ لەمەوبەر عەبدوڵڵا مەولود لەنێو ماڵەکەی خۆیەوە و بە چەند پارچە ئاسنێك دەستی بە وەرزشی لەشجوانی کرد، ئەو یەکەم کەس بوو لە هەڵەبجە هۆڵی لەشجوانی کردەوە. 26ی مانگی ڕابردوو یەکێتی هێزی جەستەیی-کلاسیکی عێراق ناوبراوی وەکو سەرۆکی لقی هەڵەبجەی یەکێتیەکە دەستنیشانکرد. ئەو پاڵەوانەی لەشجوانی لەماوەی 24 ساڵدا لە پێنج شاری کوردستان هۆڵی لەشجوانی کردووەتەوە. گلەیی ئەوەشدەکات تاوەکو ئێستا هیچ هاوکارییەك نەکراوە.

عەبدوڵڵا مەولود بە (خەبات)ـی گوت: ژمارەی ئەو کەسانەی ڕوو لە وەرزشی لەشجوانی دەکەن تا دێت زیاد دەکات، هەروەها دەڵێت: زۆرینەی بەشداربووانی وەرزشەکە لە ڕەگەزی نێرن، بەڵام بەشداری خانمانیش لە ئاستێکی زۆر باشدایە. ئاماژەی بەوەشدا لە پارێزگای هەڵەبجە چەند ئافرەتێك هەن کە یاریزانی لەشجوانین و بەشداریان لە پاڵەوانێتیەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا کردووە و توانیوویانە چەند مەدالیایەك بەدەستبهێنن. باسی لەوەشکرد 18ی مانگی ڕابردوو 9 یاریزانی بەشداریان لە پاڵەوانێتی شارەزوور بۆ لەشجوانی کردووە و چەند مەدالیایەکیان بەدەستهێناوە.

سەرۆکی لقی هەڵەبجەی یەکێتی هێزی جەستەیی-کلاسیکی عێراق زیاتر گوتی: هێشتا ڕێگیری لە خانمان دەکرێت بەشداری وەرزشی لەشجوانی بکەن. عەبدوڵڵا مەولود تائێستا لە (کەرکوك، هەڵەبجەی شەهید، خورمال، تەوێلە، دووز خورماتوو) هۆڵی لەشجوانی کردووەتەوە. لەبارەی هاوکارییەکانی یەکێتی هێزی جەستەیی-کلاسیکی عێراق، گوتی: تاوەکو ئێستا یەکێتیەکە هیچ هاوکارییەکی نەکردووین، بەڵام چاوەڕێ دەکەین هاوکاریمان بکات.

عەبدوڵڵا مەولود، لە یەکەم پاڵەوانێتی 1994ی کوردستان بۆ لەشجوانی لە شاری سلێمانی توانیویەتی پلەی چوارەم بەدەستبهێنێت. لە پاڵەوانێتی 2019ی شارەزوور بۆ هێزی جەستەیی ماستەر پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. ئەو پاڵەوانەی لەشجوانی گلەیی ئەوەشدەکات تاوەکو ئێستا کاربەردەستانی هەڵەبجە و هەورامان بە قسەیەکیش هاوکاریان نەکردووە. ناوبراو لەئێستادا لە شارۆچکەی خۆرماڵی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە هۆڵێکی لەشجوانی بەناوی (شەهرام) هەیە و چەندین یاریزان لە هەردوو ڕەگەز یاری تێدا دەکەن.



گرنگترین یارییەکانی ئەم هەفتەیە

ئەم هەفتەیە ئەوروپا کۆمەڵێك یاری لە خولە ناوخۆیی و یانە پاڵەوانەکان لەخۆی دەگرێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

ڕۆژی سێ شەممە:

کاتژمێر 7:55 : دینامۆکییڤ vs یو ڤێنتو س

کاتژمێر 10: پاریس سان جێرمان vs مانچستەر یونایتد

کاتژمێر 10: چێلسی vs سێڤیا

کاتژمێر 10: بەرشلۆنە vs فرینقارۆس

کاتژمێر 10 : لازیۆ vs بروسیا دۆرتمۆند

ڕۆژی چوار شەممە:

کاتژمێر 7:55 : ڕیاڵ مەدرید vs شاختار

کاتژمێر 10 : ئەیاکس vs لیڤەرپوول

کاتژمێر 10: مانچستەر سیتی vs پۆرتۆ

کاتژمێر 10: بایرن میونشن vs ئەتلەتیکۆ مەدرید

کاتژمێر 10: ئینتەر میلان vs بروسیا مونشنگلادباخ

کاتژمێر 10: ئۆلۆمپیاکۆس vs مارسیلیا


ڕۆژی پێنج شەممە:

کاتژمێر 7:55: ڕابید ڤیێنا vs ئەرسینال

کاتژمێر 7:55 : یۆنگ بۆیز vs ڕۆما

کاتژمێر 10: سێلتیك vs میلان

کاتژمێر 10: تۆتنهام vs لاسك



ئەم وەرزە بۆ ڤاندایک کۆتایی هات

بەهۆی پێکان لە ئەژنۆیدا ئەم وەرزە بۆ ڤاندایکی بەرگریکاری هۆڵەندی و یانەی لیڤەرپوول کۆتایی هات. لەیاری نێوان لیڤەرپوول و ئیڤەرتۆن بەهۆی بەریەککەوتن لەگەڵ بەرگریکارێکی ئەو یانەیە تووشی پێکان هات و یاریگەی جێهێشت. بەپێی هەواڵی بی ئێن سپۆرتس، بەرگریکارەکەی لیڤەرپوول توشی پچڕانی بەستەرەکانی ئەژنۆی بووە و تا کۆتایی ئەم وەرزە ناتوانێت بگەڕێتەوە یاریکردن. چونکە بەهۆی پێکانەکەوە 8-6 مانگ دادەبڕێت. ڤاندایك بەرگریکاری ژمارە یەکی یانەی ریدز بە دوورکەوتنەوەی لە یانەکە بۆشاییەکی گەورە لەسەر دڵی بەرگری یانەکە جێدەهێڵێت و ئەستەمە شوێنی بە ئاسانی پربکرێتەوە.



میلان بە سەرکردایەتی ئیبرا دێربی تورەی بردەوە

میلان بە 2 گۆڵ بەرامبەر 1 گۆڵێك سەرکەوتنێکی سەختی بەسەر ئینتەر لە گەڕی چوارەمی یاری سێریا ئەی تۆمارکرد.

زلاتان سەرکردایەتی میلانی کرد و لە خولەکی 13 و 16 گۆڵەکانی میلانی تۆمارکرد، هاوکات ڕۆمیلو لوکاکو لە خولەکی 29 تاکە گۆڵی ئینتەری تۆمارکرد.

بەم بردنەوەیە میلان خاڵەکانی بۆ 12 خاڵ بەرزکردەوە و لەسەرەوەی ڕیزبەندیی خولەکەیە، لەکاتێکدا ئینتەر میلان بە 7 خاڵ لە پلەی شەشەم دێت.

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی تەمەن 39 ساڵ لە چوار یاری سیریا ئەی 4 گۆڵی تۆمارکردووە و لە پێشەوەی ڕیزبەندی گۆڵکارانی خولەکەدێت. پێدەچێت تەمەن لای گەوهەرەکەی سوید تەنا ژمارەبێت.



ڕامۆس لە کلاسیکۆ دادەبڕێت

بەهۆی پێکانەوە ئەگەری هەیە سێرجیۆ ڕامۆس بۆ یاری بەرامبەر بەرشلۆنە نەتوانێت یاری بکات.

ڕیاڵ مەدرید لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووبە میوانی قادیش و یاریەکەشی بە گۆڵێکی بێبەرامبەر پێدۆڕاند. ئەوەی کارەساتە بۆ ڕیاڵ مەدرید، لە خولەکی 47 سێرجیۆ ڕامۆس توشی پێکان هات و یاریگای جێهێشت، هەواڵە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوەدەکەن ڕامۆس بەهۆی پێکانەوە هەفتەیەك یان دوو هەفتە لە یاریکردن دادەبڕێت و ناتوانێت بۆ یاری کلاسیکۆ ئامادەبێت.

بڕیار وایە لە هەفتەی داهاتوو کلاسیکۆی زەوی لە نێوان بەرشلۆنە و ڕیاڵ مەدرید لە ناو یاریگای کامپنۆ و ئەنجامبدرێ و وا چاوەڕوانیش دەکرێ لە تەواوی جیهان بە ملیۆنان کەس سەیری یاریەکە بکەن.

کلۆپ: شایستەی بردنەوە بووین

یۆرگن کلۆپ ، ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی پێی وایە کەوا یانەکەی شایستەی بردنەوە بوو.

لە دێربی مێرسیساید هەردوو یانەی لیڤەرپوول و ئێڤەرتۆن بە دوو گۆڵ بۆ هەردوولا یەکسان بوون لە میانەی یاریەکانی گەڕی پێنجەمی خولی ئینگلیزی.

لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا لە دوای یاریەکە کلۆپ ووتی: یاریەکی نایابمان ئەنجامدا ،لە باشترین یاریەکانمان بووە لە دەرەوەی یاریگای خۆمان لەو کاتەوەی من ڕاهێنەرایەتی دەکەم، ئێمە باڵادەست بووین و شایستەی بردنەوە بووین.

هەروەها سەبارەت بە گۆڵەکەی هەندرسۆن ووتی: نازانم ئۆفسایدەکەی لە کوێدا بوو، کەسێك دەتوانێت ڕوونی بکاتەوە چۆن ئۆفساید بوو.

خەبات XEBAT

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

Mon. 19 Oct. 2020 No. :(6024)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



وەکو کاردانەوەیەک لەبەرامبەر سووتاندنی ئاڵای کوردستان لەلایەن بەشێکی لایەنگرانی حەشدی شەعبی لە بەغدا، بەشی فڕۆکەوانیی سەربازی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر نمایشێکی ئاسمانیی بە ئاڵای کوردستانەوە لە ئاسمانی هەولێر دەکات.

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێوەی ئۆنلاین بەڕێوە دەچێت

(کۆچەری بچکۆل) لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (سائۆ پائۆلۆ) نمایش دەکرێت





ئا-بەرهەم شێخ عزەدین

فیلمی سینەمایی کوردیی (کۆچەری بچکۆل) لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد (بەتین قوبادی)، لە بەرهەمهێنانی (محەمەد ئەحمەدی) و بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئێران و تورکیا لە ساڵی ٢٠١٩؛ لە یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی (دەرهێنەرە نوێیەکان) لە چل و چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (سائۆ پائۆلۆ) لە وڵاتی برازیل بە شێوەی ئۆنلاین نمایش دەکرێت.

لە فیلمی سینەمایی (کۆچەری بچکۆل)دا کۆمەڵێك ئەکتەری کورد و ئێرانی و تورکیا لەوانە: (فەرشید گەوێڵی)، (نادر فەلاح)، (پەریا وەزیری)، (عەزیز چابکورت)، (سوات ئوستا) و (محەمەد رەزا عەقدایی) لە تەنیشت دوو ئەکتەریی منداڵ (یوسف مەحمود عەبدوالقادر) و (محەمەد مەحمود عەبدوالقادر) ڕۆڵیان بینیوە. (کۆچەری بچکۆل) دووهەمین بەرهەمی بەرزی سینەمایی (بەتین قوبادی) دوای فیلمی سینەمایی (مەردان) دێتەئەژمار، کە لە ساڵی ٢٠١٥ نۆێنەری وڵاتی عێراق لە هەشتا و حەوتەمین خولی ڕێپەرسمەکانی خەڵاتی سینەمایی ئۆسکار بوو و دوای نمایش لەسەر پەردەی سینەماکانی وڵاتانی جیهان و بەشداریی لە فیستیڤاڵە جۆراوجۆرە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستی دنیادا، هەروەها چەندین خەڵاتی گرینگی نێودەوڵەتیشی بەدەستهێناوە. چل و چوارهەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (سائۆ پائۆلۆ) بە نمایش ١٩٨ فیلم لە دەرهێنەرانی ٧١ وڵاتی جیهان، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێی لەوانە: بەشی «ئاسۆی نێودەوڵەتی»، بەشی پێشبڕکێی (دەرهێنەرە نوێیەکان)، بەشی (بەڕازیل)، بەشی (خەڵاتەکان)، بەشی (مافی مرۆڤ) و بەشی (کەمپەینەکان) لە ڕۆژانی ٢٢ی ئۆکتۆبەر تا ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ یەکەمین جار، بە شێوەی ئۆنلاین لە شاری سائۆ پائۆلۆ لە وڵاتی بەڕازیل بەڕێوەدەچێت.



بە دارچاندن ساڵیادی ڕەسوڵ گەردی کرایەوە

خەبات: هێمن ئاری

١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ ڕێک ٢٦ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی گەورە هونەرمەندی کورد ڕەسوڵ گەردی تێپەڕی، بۆ ئەم یادە وەک وەفا و ڕێزگرتنێک لەگەورەیی ئەم هونەرمەندە، لەبەردەم پارکی منارەی شاری هەولێر بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەردۆستان و بەشێک لە هونەرمەندانی شاری هەولێر هەڵمەتێکی دارچاندن بەڕێوەچوو.

هونەرمەند فەرهەنگ غەفوور لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات و ساڵیادی ئەم هونەرمەندە گوتی: لەهەولێرى پایتەخت یادی کەڵە هونەرمەندێک دەکەینەوە، کە ساڵانێکی زۆر لەتەمەنی خۆی بەخشیووە بەهونەرو میوزیک، بەحەیران و خزمەتکردن بەم هونەرە ڕەسەنە.


فەرهەنگ غەفور گوتیشی: لەپاڵ بەسەوزکردن و جوانترکردنی سیمای شاری هەولێر و بەردەوامیدان بەژیان دار دەچێنین. هەروەها گوتیشی: حەیران کۆڵەکەیەکی پتەوی کلتووری ڕەسەنی کوردییە و ڕەسوڵ گەردی تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ئەم ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندییەی حەیران لە کلتوور و هونەری کوردی، وایکردووە ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەندەکەش جیاواز و تایبەت بێت.

چەندان میوزیکژەنی باشی ئافرەت لە گۆڕەپانی هونەریدان

بانو هۆشیار: ئێستا لە هونەری میوزیکدا دەرەفەتی زۆر بۆ ئافرەت هەیە

پەریهان عومەر

بانو هۆشیار بەکر لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانیە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی موزیکە، ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێناوە و خاوەنی کوڕێکە، ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی (ناحوکمی)، لەپاڵ مامۆستایییەکەیشیدا، لە بواری میوزیك کار دەکات و ئامێری کەمانچە دەژەنێت.



خاتوو بانو لە لێدوانێکدا بۆ خەبات باسی میوزیك دەکات بۆ ئافرەت و گوتی: ئێستا لە بواری هونەر و میوزیکدا دەرفەتی زۆر، لەچاو سەردەمی زوو، بۆ ئافرەت هەیە و زۆر بەرز دەینرخێنم. ئێستا پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیووە، چەندان میوزیکژەنی زۆر باشی ئافرەتمان لە بواری هونەری میوزیکدا هەیە، بەردەوام لە زیادبوونیشدایە. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا چۆن بوو چوویتە بواری میوزیکژەنین؟ خاتوو بانو گوتی: بواری میوزیك دنیای خەیاڵە و خەم ڕەوێنەرە، حەزێکی زۆرم هەبوو بۆ میوزیك، لە ماڵەوەش زۆر بە خۆشحاڵییەوە ڕێگایان دا کە بەردەوام بم.

لە وەڵامی پرسیارێک، کە جگە لە بواری میوزیك لە چ لایەنێکی دیکەی هونەری کاری کردووە؟ گوتی: من جگە لە میوزیك کاری ڕیکۆردی دەنگیشم بۆ چەند هونەرمەندێك کردووە، لە زۆر فیستیڤاڵدا بەشداریم کردووە، کلیپێکیشم لەگەڵ هونەرمەند سامان عومەر هەیە.

